هاوکاری

التضامن

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە

لە دار الجماهیر دەرئەچێو لە دار الحریە چاپ ئەکرێ

ژمارە ١٧٠ ٨ـ٦ـ١٩٧٣

نرخی (٢٠) فلسە تەلەفون ٢٠٣٦٥

سەرۆك احمد حسن بکر پیرۆزبایی لە سەرۆکی حکومەتی وەختی شۆڕشی ڤێتنامی خـواروو کـردوە

سەرەك کۆمار نەبرو ـکەیەکدا کە بەبۆنەی بیرەوەری چوار سـاڵەی دامەزرانی حکومەتی وەختی شـورشی ڤێتنامی خواروەوە بۆ نگوین هوسوی •

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەرەی رزگاری خوازی نیشتمانیو هونە تان بانـیسەرۆکی حکومەتی وەختی شورشی ڤێتنامی خـواروی ناردوە بایەخیداوە بـەو سەرکەوتنەی گەلی ڤێتنام لەخەباتـە رەواکـەیا بەدەستی هێناوە هەروەها وتویە عیراق هەمیشـە پشتگیری خەباتە رەواکـەی گەلی قارەمـانی ڤێتنام ئەکات •

ئادع

عیراق لە کۆبونەوەکانی ڕێکخراوی کـاری دەوڵەتاندا بەشدار ئـەبێ

رۆژی چوار شەممەی رابوردو وەزیری کـاروباری کۆمەلایەتی لەگەڵ وەفدێکـا بەرەو جونێف کەوتە ڕێ بۆ بەشدار بوون لە پەنجـاوهەشتەمین خولی ڕێکخراوی کاری دەوڵەتان کە دوێنـێ لەجونێف دەستی پێ کرد •

وەفدەکـەی عیراق لـەم کوبونەوەیـەدا بەکۆمەکی نوێنەری لیبیا پێشنیازێـك پێشکەش ئەکات و تیـایدا داوا ئەکات کە هەمو جوزەسیاسەتێکی رەگەزپەرستانەو پێشیل کردنی سەربەستی یە نەقابی یەکان رسوا بکرێت •

ئادع

عیراق «١٠٠» هەزار دینار بەفەلەستینییە خێوەت نشینەکانی لوبنان ئەدات

بەلامارەکەی پێنجی حوزەیران درێژەی ئەو پیلانەیە کە فەلەستینی پێ داگیرکرا

لە بیرەوەری تێپەڕبوونی ٦ سـاڵ بەسەر رۆژی رەشی پێنجی حوزەیراندا ئەو پیلانو نەخشە دوژمنانە یەمان دێتەوە یاد کە ئیمپریالیزمی دنیا بە سەرۆکایەتی ئەمەریکاو ئیسرائیل دژی گـەلی فەلەستین و گەلانی عەرەب کێشایان •

پیلانو پەلاماری پێنجی حوزەیران دژی گـەلانی عەرەب ئەڵقەی پیلانێکی سەرەکی یە کـە قەوارەی سەهیونی یەکانی لەسـەر خاکی گـەلی فەلەستین پێ دامەزرا •

هـەر چەندە پێش پەلامارەکەی ئیسرائیل و دوای ئەوەش بـە ماوەیەکی کەم دەزگاکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم کۆمەڵێك پروپاگەندەو درۆ و دەلەسەیان خستە پاڵ عەرەب و حکومەتە نیشتمانپەروەرەکان ، بەلام زۆری پێ نەچوو ئەو راستی یە ئاشکرابوو کـە دەزگا جەنگی یەکانی ئەمەریکاو ئیسرائیل دەمێك بوو خۆیان بۆ ئـەو رۆژە ئامادەکردبوو کـە بەشێکی تری خـاکی عەرەب داگیربکەن جگە لـە هەموو خـاکی فەلەستین وە بۆ لەناوبردنی حکـومەتی نیشتمانپەروەرو پێشـکەوتن خوازەکانی دەورو بەری ئیسرائیل و دروست کردنی گیانی بێ برواییو نائومیدی لە بزوتنەوەی رزگاری خـوازی نەتەوەی عەرەبدا •

ئاشکرایە کە ئیسرائیل و ئەمەریکا لەم پەلامارەدا هەندێ دەستکەوتی کاتی یان هاتۆتە چنگ بەلام ئـەم دەست درێژی یەش بوو بـە هۆی راپەڕاندنێکی تازەی گەلانی عەرەب و دروست بوونی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێری لەناو جەماوەری گەلانی عەرەبداو هەروەها بوو بە هۆی ئاشکرا بوونێکی باشتری دۆست و دوژمن چ لـە ریزی عەرەب خۆیدا یا لە دەرەوەی وڵاتانی عەرەبدا •

بزوتنەوەی پارتیزانی گەلی فەلەستین و برواکردن بە ڕێـگای چەکهەڵگرتن دژی ئیسرائیل و ئیمپریالیزم گەورەترین بەرهەمی بارو زروفی دوای پێنجی حوزەیرانی سـالی ١٩٦٧ـە هەروەها ئـەو ئالوگۆڕەی لە نێـو کاربەدەستانی هەندێ وڵاتی عەرەبدا رویدا وە ئالوگۆڕی کاربەدەستانی کۆنەپەرستو بێ باکو کەمتەرخەم بە هی نیشتمانپەروەرو پێشـکەوتن خواز • جگە لەمانە بلاوبونەوەی هوشـیاری سیاسی شورشـگێری لەسەرانسەری وڵاتانی عەرەبدا نەك هەر لـە پێناوی رزگارکردنی فەلەستین و بەشە داگیرکراوەکانی تری خاکی عەرەب لە بێگانە بەڵکو لە پێناوی ژیانی بەختیـارو دوارۆژێکی باشترو لە ناوبردنی چەوساندنەوەی چینایەتیو راماڵینی کۆنەپەرستانی عەرەبیشدا •

ئێستاش هـەروا چاوەڕوان ئەکرێت کـە ئەم بیرەوەرییە پڕ ناسۆرە هاندەرێکی تر بێت بۆ پەلەکردن لـە رزگاربون و بۆ لەناوبردنی دەسـەڵات و نفوذی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان و بۆ بە یەکەوە بەستنی خەباتی گەلانی عەرەب لەگەڵ خەباتی هەموو ئازادیو ئاشتـی خوازانی دنیادا •

سەبارەت بە گەلی کوردیش هەروەکو لە سـالی بەزۆر دامەزراندنی ئیسرائیلدا ـ ١٩٤٨ ـ بەشـداری خەباتی چەکداری عەرەبی کرد دژی ئیسرائیل و خوێنی سەربازە لاوەکانی گەلی کورد تێکەڵ بە خوێنی سەربازە لاوەکانی عەرەب بوو بەپێی توانا لـە ١٩٥٦دا دژی دەست درێژییە سێ قۆلییەکەی ئیسرائیل و بەریتانیاو فەرەنسا خەباتی کردوو لە پێنجی حوزەیرانیشدا هـەر هەمان رێوشوێنی دوستانەی بەرامبەر گـەلانی عەرەب گرتەبەر •

بێگومان لەمەو دواش شانبەشان گـەلانی عەرەب لە پێناوی قازانج و ئامانجی ناوکۆییدا دژی ئیمپریالیزم و زایونیزم و کۆنەپەرستان خەبات ئەکات •

وەزیری بەرگری شا گەیشتە مۆسکو

مۆسکۆ : تاس : رۆژی ٤ـ٦ لەسەر داخوازی مارشال ئەندرێ گریچکو وەزیری بەرگـری یەکێتی سۆڤییەت جەنـەرال رضا عظیمی وەزیری بـەرگری شای ئێران چوو بۆ مۆسکۆ • بەلام ئاژانسەکە باسی مەبەستی سەردانەکەی جەنـەرال عظیمی نەکردوە •

لەلایەکی تریشەوە رویتـەر ئەلی : جەنـەرال غلام علی فەرماندەی هێزی زەوی ئێران بەسەردانێکی ٧ رۆژی لـە بەریتانیایە ، ئاژانسەکە ئەڵێ: جەنەرال علی چەندجارێك لەگەڵ جەنەرال میشـیل کـارڤری سوپاسالارو ئەدمیرال نورتون و ئیان گیلموی وەزیری کاروباری بەرگری بەریتانیادا کۆبۆتەوە •

لەشکری گەلی کەمبۆدیا لـە پارەوە «٧٨» هـەزار سـەربازی دوژمـنی لەناو بردوە

پەکین : شینخوا : ئاژانسی دەنگوباسی کەمبوودیا بلاوی کردەوە کـە لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٢ تاوەکـو نیسانی ١٩٧٣ هێزی چەکدارو لەشکری گـەلی کەمبودیا لەسەرانسەری وڵاتا دلێرانـە پەلاماری هێزەکـانی دوژمنیان ـ داوەو لـە هەموو لایەکـەوە تەنگیـان پێ هەڵچنیـوە •ئاژانسەکەوتویە ، لەئەنجامی ئەم هێرشە دلێرانەیەدا (٧٨) هەزار سەربازی دوژمن بەدیل گیراوەو بریندار بووەو کوژراوە• هەروەها ١٦ هـەزارو ٦٠٠ پارچە چەکی هـەمە جۆریان دەست کەوتوە لەگەڵ ٢ هەزارو ٣٠٠ تەن تفاق و ماددەی شەڕ ، وە (٥٤٥) مەلبەندو سەنگەری دوژمنیان کاول کـردوەو ٤٨٠ تانك و زرێپۆشیان پـەك خسـتوەو ١٠١ فروکـەیان خستۆتەخوارەوەو ٢٦١ پاپۆڕو بەلەمی دوژمنیان سـوتاندوەو لەکارخستوە • سەرەڕای ئەوەی کە ١٦٠ هەزار کەسیان لەژێر حوکمی نۆکەرانا رزگار کردوە •

● رۆژی ٦ـ٦ ماوسـتاشبلی عیسمی یاریدەدەری سکرتێری گشتی پارتی بەعسی سوشیالیستـی عـەرەب لەبارەگاکەیانا لە سەرکردایەتی نەتەوەیی پێشوازی مسیو رۆکـاری سکرتێری پارتی سوشیالیستی یەکگرتـووی فەرەنساو ئەو وەفدەی کردوە کە لەگەڵیایەتی • مسـیو رۆکار لەدیدەنی یەکـەدا رایگەیاندوە کە حزبەکەیان پشتگیری بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین ئەکات ، هەروەها بایەخی داوە بە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد چارەسـەرکردنێکی ئاشتی و دیموکرانیانە•• دیدەنی یەکەش نزیکەی ٢٠ سەعاتی خایاندوە • ئادع

رابەرانی چین و ڤێتنامی دیموکرات لە پەکین کۆئەبنەوە

پەکین : ئـادف : رۆژی ٥ـ٦ لیدوان سکرتێری گشتی پارتی کارگەران و تانانـگی ئەندامی مەکتەبی سیاسـیو فامفان دونگ سـەرەك وەزیرانی ڤێتنامی دیموکرات بەسەردان چوون بۆ پەکـین • وەرۆژی ٦ـ٦ هەرسـێ سەرکردەکەی ڤێتنـامی دیموکرات لەلایەن سـەرەك ماوتسی تونگەوە پێشـوازی کران • شینخوا ئەڵێ : سەرەك ماو لە دیدەنییەکەدا بایەخـی داوە بەو سـەرکەوتنە مەزنەی گەلی ڤێتنـام کە بەسـەر دەست درێژی کەرە ئەمەریکییە کانا بەدەستی هێناوەو هیوای خواستوە کە گەلی ڤێتنـام لەپاشەرۆژا سـەرکەوتنـی گەورەتر بەسەر دوژمنـا بەدەست بهێنێ • ئاژانسەکـە وتویە : سەرکردەکانی چین و ڤێتنام لەم گفتوگۆیانـەدا دەربارەی پاشەرۆژی مەسەلەی خواروی ڤێتنام ئەدوێن •

پەیوەندی نێوان بۆن و تـەل ئەبیب !

بۆن : ئادع : رۆژی پێنج شەممەی رابوردو ـ دوێنی ـ ڤیلی برانت راوێژکاری حکومەتی ئەلەمانیای رۆژئاوا بەسەردانێـکی رەسمی چوو بۆ تەل ئەبیب • سەردانەکەشی چوار رۆژ ئەخایەنێ • وەکـو زانرویشە ئەمە یەکەم جارە کە سەرۆکی حکومەتی ئەلەمانیـای رۆژئاوا سەر لە ئیسرائیل ئەدات لەلایەکـی ترەوە ئاژانسـی دەنگوباسی ئەلەمانیای رۆژ ئاوا ئەڵێ : کاربەدەستانی بون ئەم سەردانەی برانت بەگـرنگ ئەزانن و بەلایانەوە چونی برانت بۆ تەل ئەبیب نیشانەی پتـەوی پەیوەندی دۆستانەی نێـوان هەردوو حکومـەتی ئەلەمانیای رۆژئاوا ئیسرائیلە •

ڤالدهاییم سەر لە چـوار وڵاتی سوشیالستی ئـەدات

نیویورك : ئەسوشیتدپریس : یەکێك بەناوی نەتـەوە یەکگرتوەکانەوە بلاوی کردەوە کە لە کۆتایی مانگی تەموزا دکتور کورت ڤالدهاییم سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان سەر لە هەنگاریاو رومانیـاو بولگاریاو کۆماری سوشیالیستی چیکۆسلۆڤاکیا ئەدات •

دەستپێکـردنی وتووێژی نێوان هـەردو پارتی بەعسی سوشیالیستی عـەرەبو کۆمۆنیستی ئیتالیا

رۆما : ئادع : وەفدێکی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب رۆژی ٤ـ٦ بە سەرۆ ـکایەتی دکتور زید حیدر ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی لەسەرداخوازی پارتی کۆمونیستی ئیتالیا ، بەسـەردان چوو بۆ رۆما •

ئاژانسی تاس ئەڵێ : وەفدەکە لەسەردانەکەیا لەگەڵ وەفدێکی پارتی کومونیست بەسەروکـایەتی نوفیلای ئەندامی مەکتەبی سیاسی وتووێژ ئەکـات •وەفدەکەی پارتی بەعسی پێك هاتوە لەکاك تایە عبدالکـریم ئەندامی سەرکردایەتی قطری و کاك عدنان الحمدانی ئـەندامی سەرکردایەتی لقی بەغداو کاك سلطان الشاوی ئەندامی مەکتەبی پەیوەندی یەکانی دەرەوەو کـاك سعد قاسم حمـودی ئەندامی مەکتەبی راگەیاندنی نەتەوەیی و نەقیبی رۆژنامەنوسـان و عامر الخشالی ئەندامی مەکـتـەبی ناوەندی جوتیاران •

شۆڕشگێرانی ڤێتنام بەرنامەیەك بۆ راگیرکردنی ئاشتی پێشکەش ئەکەن

هانۆی : تاس : حکومـەتی وەختی شۆڕشی ڤێتنامی خواروو هەفتـەی رابوردوو لەبەر رۆشنایی ڕیککەوتننامەکـەی پاریس ، بەرنامەیەکی پێشکەش کردوە بۆ ڤێتنامو چارەسەرکردنی ئـەوگیرو گرفتـانەی لەبەردەم چەسپاندنی ڕیککەوتننامە تەدان

لەبەرنامەکـەدا وتراوە سێ مەسەلەی گرنگ هەیە ئـەبێ بەدەستوبردی چارەسـەربکرێ کەئەمانەن : وەستاندنی هەموو جۆرە جموجوڵییەکی لەشکرو پەیرەوکردنی مەرجەکـانی وەستاندنی تەقەو بەخێرایی ئەودیلە مەدەنییانە بەرەڵلا بکرێن کە تاوەکو ئیستا لەلای رژێمی سـایگون دەست بەسەرن ، هەروەهـا سەربەسـتی یە دیموکراتیەکان زامن بکرێن •

حکومەتی وەختی وتویـە : جێبەجێ کردنی ئەم مەسـەلانە دەستەبەری راگیرکردنی ئاشتی و سوڵحی نیشتمانی ڤێتنـامی خوارو ئەکات ••• وەوتویە ، رژێمی سایگون بەپێچەوانـەی ڕیککەوتنەکـەی پاریسـەوە رۆژنی یە کە ڕیککەوتننامەکە پێشیل ئەکات و هـەوڵ ئەدات ئەو ناوچانە داگیربکاتەوە کـە شۆڕشگێـران رزگاریان کردوە ، وەهەموو جۆرە سەربەستییەکی خستۆتە ژێرپێوەو لەمرۆژانەدا ١٠ ڕێکخراوی سیاسی رێگا پێ دراوو ١٨ی تری پەکخستوەو پارتێکی بەناو دیموکراتی لـە دەستەوەدایەرەکانی خۆی دروست کـردوەو بەزەبری تۆقاندن ئەیەوێ خەڵك بچێتە ناو ئـەو پارتە دەستکردەوە • وە لـە کۆتاییدا وتویە: جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە ڕێگاخۆشـکەری پێك هێنانی ئەنجومەنی ئاشـت بونەوەی ـ مصالحە ـ نیشتمانیو هەڵبژاردنێکی دیموکراتییانـە ئەبێ لە خواروی ڤێتنامدا •

مانگرتنی کرێکارانی بەریتانیا

لەندن : تاس : رۆژی ٦ـ٦ نزیکەی ١٦ هەزار کرێـکاری کۆمپانیای (بریتش لیلانـد موتۆر کوربوریشن)ی بەریتانیا لەشاری بەرمنگەهـ ـامو ئوکسفوردا مانیان گرتـوەو بەیەکجاری ئیشوکـاری فابریقەکە پەکی کەوتـوە • کرێـکاران بەم مانگرتنـەیان داوای زیادکردنی رۆژانـەو چاککردنی باری گوزەرانیـان ئەکەن •

وەلە پایتەختیش نزیکـەی ٤٥٠٠ کرێکاری کومپانیـای ئوتوموبیل دروسـتکردنی کریسلر لەبەر هەمان هـۆ مانیان گرتوە ••

لەئیتالیاش ملیونێك کرێکار مان ئەگرن

ئاژانسی تاس ئەڵی رۆژی ٦ی ئەم مانگە ملیونێك کرێکاری ئیتالیا مانیان گرتوەو وتویانـە تاوەکو رۆژانەکەیان زیاتـر نەکرێو یاسای ضمـانی کومەلایەتییان باشترو مافی نەقابی یان فراوانتر نەکـرێ دەست لەو مانگرتنـەیان هەڵناگرن •

محاکمەکردنی «٧» نیشتمان پەروەر لە تاران

تاران ٦ـ٦ ئاژانسـەکان : دادگایەکی لەشکری ئێـران دەستی کردوە بە محاکمەکردنی ٧ نیشتمانپەروەر کـــە یەکێکیان ئافرەتە بەتۆمـەتی ئەوەی بەگژ رژێمـــی فەرمانڕەوای تاراناچـوون و لەکانونی یەکـەمی ١٩٧٠ ویستویانە بالیوزی پێشوی ئەمەریکا لەتاران برفێنن • وە گیراوەکان وتویانە سەر بـە ڕێکخراوێکی چەپخـوازن و پێی ئەوترێ « بەرەی رزگاری هێنەری گەلی ئێران »و هەوڵی روخاندنی رژێمی شا ئەدات• حەوت نیشتمانپەروەرەکانیش ئەمانەن : اکبـر ازاد پەناه (٢٩ ساڵ)و نعمت الله ابواز محمدی ٢١ساڵو رحیم بنانـی ٤١ ساڵو مانوچهری نهاوندی ٢٧ ساڵو احمدی عیفانی ٢٦ ساڵو قروشی یکتـایی ٣٣ ساڵو خاتو سەمین نهاوەندی ٣٠ ساڵ •

رویتر ئـەڵی : آزاد پـەنا پێی لێ ناوەکە ئەندامـە لـە بەرەی رزگاری هێنەری گەلی ئێران و لە ئەلەمانیـای دیموکرات و کۆماری گەلی چین فێری شەڕی پارتیـزانی کراوون •

عیراق ١٠٠ هەزار دینار بە فەلەستینییە خێوەت نشینەکانی لوبنان ئەدات

ئەنجومەنی سەرکردایـەتی شۆڕش هەفتـەی رابوردوو بڕیاریدا کە ١٠٠ هەزار دینار بەو فەلەستینییانە بدات کە لە خێوەتی پەنابەرەکانا ئەژین لـە لوبنان و بەهۆی دەستدرێژیـەکانی ئـەم دواییەی لەشکری لوبنانەوە زەرەر مەندبوون • ئۆرگانی لیژنەی سیاسی شۆڕشی فەلەستین ـ لقی بەغدا ، لـە ژمارەی رۆژی ٥ـ٦دا وتویە : ئەم پارەیە دراوە بەلیژنـەی بەڕێوەبردنی ڕێکخـراوی رزگاری هێنەری فەلەستین بۆ ئەوەی سەرپەرشتی دابـەشکردنی بکات •

ئادع

رۆژنامەی ـ المقـاومە ـ

کورتە هەواڵ

● ئەثینا : ئـەدەن : رۆژی سێشەممەی رابوردوو لـە ناوچەی دەریای سـپی ناوەڕاستدا هێزە دەریایی و ئاسمانییەکانی پەیمـانی ژووروی ئەتلەسی دەستیان بەمناوەرەکردن کرد • وە لە مناوەرەکـەدا ٦٠ پاپۆڕی جەنگی و ٢٠٠ فروکـەی تورکیاو یونان و ئەمەریکـا بەشداربوون •

● بەرلین : هەفتەی رابوردوو حکومەتی کوماری دیموکراتی ئەلەمانیاو مەکسیك بڕیاریان دا کـە پەیوەنـدی دیپلوماسی لەنێوانیـاندا دابمەزرێنن •

● دار السلام : بـەپێی بەیاننامەیەکی بەرەی رزگاری خوازی موزەمبیق شـۆڕشـگێران لەکانونی یەکـەمی ساڵی ١٩٧٢ تاوەکـو مانگی ئاذاری رابـوردوو ١٠٠ سەربازی پورتوگالیان لـە ناوبردوە •

● هەفتەی رابوردوو کونگرەی پاراستنی ـ بیئە ـ لەجەزایر دەستی پێ کرد ، وەلـە کونگرەکەدا باسی چۆنێتـی لەناوبردنی هۆی پیس بونی بیئەئەکرێ •

مەلیك حسەین سەر لە تاران ئەدات و داوای پێك هێنانی پەیمانێکی تازە ئەکات

بیروت : ٤ـ٦ وفا : بەمزوانە مەلیك حسەینی پاشای ئەردەن سەر لەئێران و چەند میرنشینێکی خلیج ئەدات و نیازی وایە لەوێ داوا بکات پەیمانێـکی تازەلەنێوان چەند رژێمێکی ئـەو ناوچەیەدا پێك بهێنرێت • جگەلەوەی کـە داوای یارمەتی و پارەش ئەکات •

وەکو ئەیزانین پاشای عەممان پار سەری لە ئێران و میرنشینی ابو ظبـیدا • لەلایەکی ترەوە رۆژنامەکانی قاهیرە لـە رۆژی ٤ـ٥دا بەتوندی نارەزایی خۆیان دەربڕیبو دژی ئەو نامەیـەی مەلیك حسـەین ئاراستەی لەشکرەکەی کردبوو تیـایدا داوای کردبو کە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیلدا نەکرێ و بـەوە رازی بن کە سەهیونی یەکـان خاکی عەرەبیان زەوت کردوە ، هەروەها لە نامەکـەیا داوای لەگەلانی عەرەب کردبوو کـە نەوت وەکو چەك لەشەڕا دژی ئەمەریکا بەکـار نەهێنن • وەرۆژنامەی ـ الاخبار ـ وتویە گەلانی عەرەب لەوکەسانە خۆش نابن کە ئەیانەوێ گیانی نائومێدی ـ یەئس ـ بلاو بکەنـەوەو ورە بەخەڵکی بەربدەن •

Institut kurde de paris

هاوکاری

خەباتی گەلان

ژمارە ١٧٠ ٨-٦-١٩٧٣

هەفتەی باسێک

٤ ساڵ بەسەر دامەزراندنی حکومەتی شۆڕشگێرانەی خوارووی ڤێتنامدا

● چوار سالی تەواو بەسەر دامەزراندنی حکومەتی مۆقەتی شۆڕشـگێرانەی خوارووی ڤیتنامدا تێپەڕبوو . ئەوەبوو لە ٦ ، ٧ ، ٨ی حوزەیرانی سالی ١٩٦٩دا نوێنەرانی گـەلی کۆنگرێسێکی گشتیان بەست بۆ کۆڕانەوەو لێکولینەوەی ئەو بارەی شۆڕشی تیـابوو وەبۆدانانی نەخشـەی ڕێبـازی شۆڕشگێڕانەی لەوەو دوایان ، وە لەئەنجامی ئەم کۆنگرێسەدا حکومەتی موقەتی شۆڕشگێرانەی خوارووی ڤێتنام دروست کراو شەرەفمەندانە لـەو کاتەوە لە تێکۆشان و بەدەستهێنـانی سەرکەوتندایە .

هەر بە دروست بوونی ئەم حکومەتە ، کاروبارو ئەرکەکانی ئەستۆی بۆ دەستنیشان کرا کە لە بەرنامەیەکی یانزە خالیدا خۆی ئەنوێنێت ، وە ئەم خالانە بـە ڕوونی و وردی ئامانجـە نیشتمانییەکانی شۆڕشیان دیاری کرد کە لە هەموویان گرنگتر بەدیهێنـانی سـەربەخۆیی ڤیتنـام و بوژاندنـەوەو یەکخستنەوەی و گەشەکردنیتی لەژێـر سایەی ئاشتییەکی ڕاستەقینەدا وەهەروەها ئـەو بەرنامەیە سیاسـەتی دەرەوەو ناوەوەی حکومەتەکەی دەسـت نیشان کردوە .

بەدامەزراندنی حکومـەتی شۆڕشگێری خوارووی ڤیتنام شۆڕشی ڤیتنام هەنگاوێکی زۆرگەورە بەرەو پێشـەوە چوو ، وەپێی‌نایە قۆناغی سەرکەوتنێکی سیاسی و عەسـکەری زۆر گرنگەوە . لەڕووی سیاسـی و دیپلوماسیەوە بەرەو پێشـەوە چوونەکە لەوەدا خوێی نواند کە ژمارەیەکی زۆر لە دەولـەتانی ئاشتی و ئازادی خوازی جیهـان ئەم حکومەتەیان و بە حکومـەتی شەرعی گەلی خوارووی ڤیتنام ناسی و پەیوەندی دیپلوماسییان لەگـەلدا بەست ، وەبەژمارەیەکی گەورەی گەلان زیاتر شۆڕشی ڤیتنامیان لەنزیکتردەوە ناسی و پشتیوانی و هاوکاریان لەگەلدا پتەوتر کرد ، جگـەلەوەی ڕووی ڕەشی حکومـەتی سایگۆنی بەکرێگیراوی ئەمەریکا ڕۆژ دوای ڕۆژ بۆ دنیـا دەر ئەکەوت .

حکومـەتی شۆڕشـگێڕی خوارووی ڤیتنام نەك هەر لە قۆلی سیاسەتی دەرەوەدا بایەخی گەورەی بۆ شـۆڕش هەیە ، بەلکو لەناو ولاتیشدا - لـەناوچە ڕزگـار کراوەکاندا - دەورێکی زۆر بایەخـدار ئەگێڕێت ، لە کاتێکدا کـە جەنگاوەرە دلێرەکـانی بەرەی نیشتمانی ڕزگاری خوارووی ڤیتنام ناوچەکانی ولاتیان لـەچنگی ئیمپریالیستە ئەمەریکییەکان و بەکرێگیراوەکـانی ڕزگار ئەکرد ، حکومـەتی شۆڕشگێڕ ئەم ناوچانەی بـەڕێبازێکی شۆڕشگێڕانـە بەڕێوە ئەبردو ئێستاش هەر بەردەوامە لە ڕێکخستنی و پێشخستنی و ئاوەدان کردنەوەی ئەو ناوچانەدا ئێستا ٤٤ هەرێم و ٦ شاری گەورەو ٢٠٠ ناوچـەو ٢٠٠٠ گوند لەلایەن دەسەلاتە شۆڕشگێرانەکەیەوە ئەم حکومەتە ئەیبات بەڕێوە ، وە حکومەت و بەرەی نیشتمانی ڕزگـاری تائێستا ١،٦ ملیون هێکتـار زەوی بەکەلکیـان بەسـەر جوتیاراندا دابـەش کردووە کومونەی تیـا دامەزرێنـراوەوە کۆمۆنی شاری کوانگتری کە دەمو دەست پاش ڕزگار کردنی ئەم شارە دامـەزرێنرا نموونـە یەکی گەش و بایەخداری ئـەو کارە شۆڕشگێرانانەیە کە بـە ئەنجام گەیە نراون .

بەم جۆرە گـەلی قارەمانی ڤیتنام لە بەرەی ڕزگـاری و حکومەتە شۆڕشگێرانەکـەی کۆبونەتەوەو بە هیچ جورێك لەیەك جیانا کرێنەوە . ئەمەش لە سایەی ئـەو سیاسـەتە ڕاستەوە کە شـۆڕشی مەزنی گەلی ڤیتنام لـەخوارووی ولات پەیڕەوی ئەکات . وە نەك هەر ئیمپریالیستە داگیرکەرەکـان و نۆکەرەکانیانی تێك شـکاندو بەزاندنی بەلکو سەرتاپا ژیانی کۆمەلانی خەلکیشی گۆڕی و لەچەوساندنەوەو دەردی سەری ڕزگاری کردوون ، وە لەسایەی ئەمسیاسەتە ڕاستەو قارەمانێتی بێ سنووری گەلی ڤیتنامدا ، سەرکەوتنە مەزنەکەی ئەمسال بەدی هات بەوەی کە ئەمەریکای ناچار کردکە سەر بۆ داواکاریە ڕەواکانی گەلی ڤیتنامی خوارووشۆڕ بکات .

بەم بۆنەیەوە کە چوار سال بەسەر دامەزراندنی حکومـەتی مۆقەتی شۆڕشگێرانەی خوارووی ڤیتنامدا تێپەڕ ئەبێت ، هیوامان پتەوە کە گەلی ڤیتنام سەرکەوتنی مەزن لەمەیانی دامەزراندنەوەو بوژاندنـەوەو ، پیشـکەوتن و یەکخسـتنەوەی نیشـتمانەکەیدا بەدەست دێنێ چونکە هـەرگەلێك کـە کـەوتە سەر ڕێگای خەباتی شۆڕشـگێری هەر بـەرزگاری و ئامانجە ڕەواکـانی خۆی ئەگات .

- جوامێر -

بزوتنەوەی نیشتمانی و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە سعوودیە

وەرگێڕی : عبدالوهاب تالەبانی
لەگۆڤاری (الی الامام)ـەوە

بزوتنەوەی نیشتمانی لـەم سالانەی دواییەداو بەتایبەتی لەپاش ١٩٥٠دا ، بە تەواوی هەستی بـە پێویستییەکانی سەرشانی خۆی کردبوو ، وە هەلوێستی کاریگەرانەی هەبوو لە دیاری کردنی سنوری خەباتی قۆناغەکانی ئەمدواییەو ئـەم بزوتنـەوەیە بەشـێوەیەکی ڕاستەوخۆ خۆی بەست بـە خەباتی گەلی عەرەبەوە لە هەموو ولاتەکانیدا دژی ئیمپریالیزمی کۆن و نوێ و لەپێناوی ڕامالینی هەموو شوێنەوارێکی سەردەمی تاریکی و بەندایەتی ، بەلگەش بۆ ئەم قسانە زۆرن .. بـۆ نموونە : نابێ ئەو خۆپیشاندان و مانگرتنە گەورانەمان لەبیـر بچێتەوە کە لە قەوارەی خەباتی ئاسایی هێمن چووبوە دەرەوەو لەمەیدانی خەباتی سـیاسیدا خۆی گرتبوەوە بە تایبـەتی ڕاپەڕینەکەی گەلی سعودیە لـە سەردەمی هێرشە سێ قۆلیـیەکەی بەریتانیاو فەرەنسـاو ئیسرائیلدا بۆسەر میسر لـە سـالی ١٩٥٦دا ، وە دەوری کرێـکاران لەتێکشکاندنی بۆڕیەکانی نەوت و ڕاپەڕینەکانی کرێکاران لـە سالی ١٩٦٧دا لەپێناوی قەدەغەکردنی ناردنی نەوت بـۆ دەولەتانی ڕۆژئاوا داگرتنە خوارەوەو پارچەپارچە کردنی ئالای ئەمەریـکاو سـوتاندنی ئۆتۆمۆبیلەکانی بالیۆزخانەکە .

ئەم ڕاپەڕین و بزوتنەوانەی کۆمەلانی گەلی سعودیە شـتی دیارن و ئاشکران و نیشانەن بۆ پەرەسەندنی و ڕۆیشتنی لەسەر ڕێبازێکی پێشکەوتنخوازانـەی دژ بـە کۆنەپەرستان و بەرەی ئیمپریالیزم و کۆمپانیـا مۆنۆپۆلەکانی .

نامەیەکی بەرەی میـللی دیموکراتی :

لە نامەیەکی بەرەی میللی دیموکراتیدا هاتوە کـە ڕێکخراوەکانی زۆر پێشکەوتوون و توانیویانە خەلکێـکی زۆر لەدەوروبەری خۆیان کۆ بکەنـەوەو لەمەیـدانی ئایدیۆلۆژی و پەیوەندیـیە سـیاسییەکانیشدا ماوەی ئیش کردنیان فراوان بکەنەوە . وە لەکۆتایی سالی ١٩٦٩دا ئەم بەرەیە لەگەل ڕێکخراوی شـۆڕشی نیشتمانیدا بوون بەیەک و ناوێکی تازە لـە ڕێکخراوە یەکگرتوەکە نراو بە (پارتی دیموکراتی میـللی) ناسرا .

ئەم پارتیە تا ئێستا سێ پەخشنامەی بە ناوو نیشانی (دورگەی نوێ) بلاوکردۆتەوە .

چەند سەرنجێک دەربارەی یەکێتی گەلی دورگەی عەرەب :

ئەم پارتیە لەئەنجامی یەکگرتنی چـەند ڕێکخراوو شانەیەکی نهێنیدا پێك هات ، وە پێویستە ئەوەش بوترێ کە (بزوتنەوەی ئازادیخوازانی دورگەی عەرەب) بنـکەی سەرەکیی ئەم ڕێکخراوە بوو . لەسالی ١٩٥٧دا ئـەم ڕێکخراوە ، کەناوی خـۆی گۆڕی بوو ، وە بە (یەکێتی ڕۆڵەکانی دورگـەی عەرەب) ناسرابوو ، بۆ یەکەم جـار پەیڕەو و پرۆگرامی خـۆی بلاوکردەوەو هەروەهـا ڕای گەیاند کـە بۆ هێنانەدی ناوەڕۆکی ئـەم دروشمانە تێئەکۆشـێ (شـۆڕش ، ڕژێمێکی کۆماری ، ڕزگاری ، سۆشیالیستی ، یەکێتـی عەرەب) . هەروەها لـە پەیڕەوەکەیا هاتبوو :

١ - یەکێتی گەلی دورگـەی عەرەب ، ڕێکخـراوێکی عەرەبی شۆڕشگێڕەو بڕوای بە بیری سۆشیالیستی زانسـتی هەیەو خەبات ئەکات لە پێناوی لەناوبردنی ڕژێمی (شا) یەتی سەر بە ئیمپریالیزم و ڕامـالینی هەموو شوێنەوارێکی کۆنـە پەرستانەو نەهێشتنی هەمـوو شـێوەیەکی چەوساندنەوەو ئازاردان و پێکەوەنانی ژیانێکی بەختەوەر بۆ گەلی سعودیە .

٢ - دورگەی عەرەب ، یەك پارچەیەو ناکرێتـە چـەند بەشێکەوە .

٣ - لەسالی ١٩٦٢دا و لە پاش یەکگرتنی ڕێکخراوو شانە نهێنییەکان ئەم یەکێتییە ناوی خۆی نا (یەکێتی گەلی دورگەی عەرەب) .

٤ - وە لە سالی ١٩٦٦دا ، یەکێتی هێزە کارگەرەکانی گەل لەگەل ئەم یەکێتییەدا یـەکی گرت ، بەلام ناوی ڕێکخراوەکە هەروەکو خۆی مایەوەو تەنها دەسکاری هـەندێ لەبەندەکانی پەیڕەوی ناوەوەی کرا .

کردەوەکانی ئەم یەکێتییە :

أ - ئەم یەکێتییە لە سالانی ١٩٥٧-١٩٥٩ دوو ڕۆژنامـەی هەفتانەی بلاو ئەکردەوەو لـە سـالی ١٩٦٠دا پەخشنامەی (دەنگی دورگـەی عەرەب)ی بلاوکردەوەو لـە ئیزگەی قاهیرەو یەمەنەوە چـەند پرۆگرامێـکی وریاکردنەوەی ئاراستەی گەلی سعودیە کرد .

ب - لەسـالانی ١٩٦٦ و ١٩٦٧ و١٩٦٨دا شۆڕشگێڕانی سەر بەم یەکێتییە ، بۆ یەکەم جـار کەوتنە جەنگێکی چەکدارانەوەو بۆڕیـەکانی نەوتی کۆمپانیای ئارامکۆیان بە لوغم هەلتەکاندو پەلامـاری بنکەی (خمیس) یان داو چەند بنـکەیەکی ترو بالیۆزخانەی ئەمەریکا لـە جدەو چـەند بارەگایـەکی وەزیرەکان و بارەگاکانی هەلسوورێنەرانی کاروباری ئەمەریکاو مەلبەندی میر (فهد) ، وەزیری ناوخۆ .

-٥-

دیکتاتۆریەتی دیموکراسی گەل

دکتاتۆریەتی شـۆڕشگێرانە و دکتاتۆریەتی دژبە شۆڕش دوو شتی ناکۆکن بەلام یەکەمیان دەرس لە دووەم وەردەگرێت . **چونکە فێربوون ئەهمیەتێکی زۆرو بایەخێکی گرنگی هەیە ، بۆیە پێویستە گەلی شۆڕشگێڕ هەمیشە هـەولی پتەوکردن و پارێزگاری کردنی دەسـەلاتی خۆی بدات و بەباشترین شـێوە دکتاتۆریەت بەسەر چینە کۆنەپەرستەکاندا بچەسپێنێ . بەپێچـەوانەی ئەمەوە گـەر وانەکەن دواجار کۆنەپەرستانی ناوەو دەرەوەی ولات دەرفـەت ئەبینن و هەرەس بەدەولەتەکەی گەلـی دێنن و دیسـانەوە جەماوەرانی گـەل دووچاری چەوسانەوە ئەکەن و ولاتیش ئەگەڕێتەوە دۆخی جارانی .**

دکتاتۆریەتی دیموکـراسی گەلی ، کەلەسـەر بنچینـەی هاوپەیمانێتی چینی کرێکـاران و جوتیـاران و وردەبۆرژوای شارەکان بنیـات ئەنرێت ، بەتایبەتی چینی کـرێکاران و جوتیاران ، چونکە ٨٠٪ تا ٩٠٪ ی گەلی چین پێك دێنن وەئەبەئەوەی ئەو دوو چینە هێزی سەرەکین بۆ تێك شکاندنی ئیمپریالیزم و چەتە کـۆنە پەرستەکانی کۆمینتانگ . ئەلێین سەبارەت بـەم هۆیانە گواستنەوەمان لـەقۆناغـی دیموکراسی نوێوە بۆقۆناغی سۆشـیالیزمی بەرادەی یەکەم بەندە بەیەکێتی ئەودوو چینەوە .

دکتاتۆریەتی دیموکراسی گەلی پێویستی بەسەر کردایەتی چینی کرێکاران هەیە ، چونکە پرۆلیتاریا چینێکە لەڕوانینـدا دووردەبینی و لەئیش کـردا دەست پاکو بەوورەیەو هەمیشە شۆڕش بە ئەنجام ئەگەیێنی . مێژووی خەباتی گەلـی چین ئەو ڕاستییەمان پێئەسەلمێنێ کە بەبێ سەرکردایەتی چینـی پرۆلیتاریا مەحالە شۆڕش سەرکەوتن بەدەست بێنێ ، بەتایبەتی لەسەردەمێکا ئیمپریالیزم ئـازاد بێت . بەکورتی جگەلـەو چینە هیچ چینێکی تر نییـە توانای سەرکردایەتی کردنی شۆڕشێکی ڕاستەقینەی هەبێت ، لەهەر وولاتێکابێت . چینی بۆرژوای نیشتمانی و وردەبۆرژوای شارەکان چەندین جار سەرکردایەتی شۆڕشیان کرد لەچیندا ، بەلام لەشکان بەوولاوە شتێکی تریان بەدەست گیر نەبوو . بێگومان ئـەمەش باشترین بەلگەیە بەدەستمانەوە چینی بۆرژوای نیشتمانی لەم سەردەمەدا بایەخێکـی زۆری هەیەو پێویستە لەگەلیاندا لـە خەباتێکی هاوبەشیدا بەکگرین و بەهەردوولامان بەربەستی هێرشی دڕندانەی داگیرکەران بکەین و لـە هەمان کاتیشدا پێویستە هەنگاوی پێش کەوتن بهاوێژین بۆ گەشە پێدانـی ئابووری نیشتمانی‌مان کـە پتەوکردنی پیشەسـازی نوێ بەردی بناغەیەتی بەتایبەتی لەم کاتەدا کە ڕووبەڕووی دڕندە ترین دوژمن ڕاوەستاوین ئەوێش ئیمپریالیزمە . ئەتوانین بلێین بەرلەوەی گەلی چین بکەوێتـە جەنگەوە لەگەل ئیمپریالیزمـی ژاپۆنیدا ، پیشەسـازی نوێ نزیکەی ١٠٪ی ئابوری نیشتمانی داگیرکردبوو . کەوابـوو پێویستە سوود لـە سەرمایە - دارانی لادێ و شارەکان وەرگرین بۆئەوەی بتوانین خێرو خۆشی بۆ جەماوەرانی گـەل مسۆگەر بکەین . ئەم هـەلوێستەمان زیان نابەخشێ و مەترسی لـێ ناکرێ ، چونکـە بۆرژوای نیشتمانی دەوری سەرکردایەتی نییە لـە شۆڕشداو ئـەو ماوەیەشی نادرێتێ جێگەیەکی سەرەکی داگیر بکات لەدەولەتدا بەکورتی باری کۆمەلایەتی و ئابووری ئەو چینە ئاواتی بەرەو لاوازبوون ئەبات . لەبەرئەوەیە ئەتوانین بەپارەکانی جەماوەرانی گـەلی چینیـە سەبارەت بەمە ، لەم سەردەمەدا پێویستە بەووردی چاودێرییان بکەین ، نەك لەناویان بەرین .

سن یات سن داوای «ووریا کردنەوەی جەماهیر» و «یارمەتی دانی کـرێکاران و جوتیارانی» کرد . لێرەدا ئێمەش بۆمان هەیە بپرسین ، کێن ئەوانەی جەماهیر ووریا ئەکـەنەوەو یارمەتـی زەحمەتکێشان ئەدەن ؟؟ بەبڕوای سن یات سن ، بۆرژوای نیشتمانی و وردە بۆرژوای شـارەکان ئەتوانن ئەم ئەرکانە بەجێ بێنن بەلام ئەوە شتێکی مەحالـەو مێژووی چل سالەی خەباتـی سن یات سن لە شکستی بەولاوە سەرکەوتنی بەخۆیەوە نەدیوە . ئەمە لەلایەك لەلایەکـی تریش لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا نـە بۆرژوای نیشتمانی و نە وردە بۆرژوای شارەکان هەرگیـز ناتوانن شۆڕشێکی ڕاستـەقینە بەئەنجام بگەیێنن .

حزبمان خاوەنی پەیڕەو و ئەبێتی ئەزمووییەو پڕچەکە بە تیورەکانی مارکسیزم و لینینزم و لەناو ڕیزەکانی دا ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆ گرتن ئەچەسپێنێ و پەیوەندییەکی بەهێزی بـە کۆمەلانی خەلکییەوە هەیـە . خاوەنی لەشکرێکین حیـزبمان

سەرکردایەتی ئەکات . لە بەرەیەکی یەکگرتوودایین لـە تەك گشت چین و دەستەو تاقمە شۆڕشگێڕییەکانـی وولاتدا بەسەرکردایەتی حیزبمان ... ئەلێین ئەم سێ هۆیە بوونەتە چەکێکی کاریگەر بەدەستمانەوە بۆ لێدانی دووژمنان . بوونی ئەم سێ هۆیەش لەبزوتنەوەکانی پێشووی گەلی چین جیـاوان ئەکاتەوەو لەسایەیاندا سەر - کەوتنی بنچینەیی‌مان دەست خستووە .

لەڕێڕەوی خـەباتماندا دووچاری زۆر تەنگ و چەلەمە بووین ، دژی ڕێبازی ڕاست و چەپ لەڕیزەکانی حیـزبدا . تووشی هەندێك هەلـە بووین بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی هەبوو بە چەسپاندنی ئـەو ئەرکانەی لەسەرەوە باسـمان کردن ، ئەنجامیش زیـاتر لەچەند جار شۆڕش دووچاری زەرەرو زیـان بوو ، بەلام سەبارەت بەکارامەیی حیزبمان هەموو ئەو هەلەو ناراستییانە ئێمە کردە خاوەنی کۆمەلێک تاقی کردنەوەی سوود بەخش و توانیمان لەدوایدا زۆر بە باشی ئەرکەکانی سەرشانی خۆمان بەجێ بهێنین .

ئەبێ هەمیشە ئەوڕاستییە بزانین کە هیچ حیزبێك وهیچ کەسێك ناتوانێ خۆی لە هەلە ڕزگار بکات بەلام‌مەرجە ئەوەلای بێ‌وچان بدەین هەلەکانمـان کەمتر بێ ، پێویستە بەزوویی چارەسەری کاروباری ئابەجێ بکەین ، چونکە تاوەکو زووتر بەرەوپیری ناتەواوییەکانمان بچین ئەنجامی باشتر ئەدەین بەدەستەوە .

ئەگەر حسابێکی وورد بـۆ هەموو ئـەو تاقی کردنەوانە بکەین ئەتوانیـن ئەنجامەکانی لەیەك خالدا کۆبکەینەوە کـە بریتییەلـە :- دکتاتۆریەتی دیمکراسی گەلی بەسەرکردایەتی چینی کرێکاران و بەهـێزی پارتی کۆمۆنیستەوە لەسـەر بناغەی هاوپەیمانێتی لەگـەل جوتیاراندا . پێویستـە وەك دەسـتوورو بەرنامـەیەکی سەرەکی لەگەل هێزە شۆڕشگێرییەکانی دەولەتـاندا یەکگرین .

ئەنجامی خەبات و تێکۆشانی ٢٨ سالەمان **یـەك فرمانمان بەجێ‌هێناوە ئەویش سـەر-** کەوتنی تەواومانە لـە جەنگی شۆڕشگێڕیدا . گومـانی تیانییە بە سەرکەوتنێکی وا مەزن ئاهەنگێ ئاهەنگی بۆ بگێڕین ، چونکە سەرکەوتنی گـەلەو لەوولاتێکی گـەورەو فراوانی وەك چیندا دەستکەوتووە .

بەلام زۆرکارو فرمانی تـر کەوتۆتـە ئەستۆمـان و پێویستییان بە جێبەجێ کردن هەیە چونکە ئەوەی تائێستا بەرهەممان هێناوە هەنگاوێکە لەقۆناغێکی دە هەزار « لی »ی پێویستە بەتەواوی بەسـەر دووژمنانا زال بین . بینـای ئابووری ولات ئەرکێکی ئێجگار گرنگەو ڕاستەو خۆ لەسـەر شانی ئێمەیە . هەندێك لەو کاروبارانەی تا ئێستا پێی ڕاهاتووین لەماوەیەکی نزیکدا دەست بەرداریان ئەبین .

ناچارین بەهەنـدێ ئیش و کار هەلسین کەلای ئێمە زانراو نییە ، بۆ ئەمەزۆر گیرو گرفتمان نووش ئـەبێت . بـەلای دوژمنانمـانەوە گەلی چـین ئەوتوانایەی نییە وەك پێویست لە مەیدانی ئابووریدا سەرکەوتن مسۆگەر بکـات . لەبەرئـەوە زۆر بـەووردی سەرنجمان ئـەدەنێ خۆیان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی لـەو مەیدانەدا تێك بشکێنین .

پێویستە بەسەر هەموو تەنگ و چەلەمەیەکدا زال ببین ئـەوی نایزانین .

- خۆمان فێـر کـەین . لەمەیدانی ئابووریدا لەوانەیە دەرس وەرگرین کە شارەزاییان هەیە ، جائەوانە هەر کەسـێ بن و بیان کەینە مامۆسـتای خۆمان و بەکول و دل هـەولی فێربوون بدەین و ڕوالەتی بیرۆکراسییانە لە خۆمـان دامالین .

با بکەوین بەسەر ئیش دادو جارو لەماوەیەکی‌چەند مانگێ یان چەند سالێدا هەرفێر ئەبین .

لەسەرەتادا لـە ناو کۆمۆنیستەکانی یەکێتی سۆڤیەتدا خەلکێکی زۆر هەبوو لەمەیدانی ئابووریدا نەشارەزابوون ، دووژمنانی یەکێتی سـۆڤیەت چاوەچاوی تێك شـکانیان ئەکردن . بەلام پارتی کۆمۆنیست توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێ و لەژێر سەرکردایـەتی لینین و ستالیندا نەك هـەر

بڕوانـە ل ٤

یادداشتی بەرەی نیشتمانی لاوس سەبارەت بە ڕێککەوتنەکەی ڤیانتیان

بەرەی نیشـتمانی لاوس بەبۆنەی تێپەڕبونی ١٠٠ ڕۆژ بەسەر ڕێککەوتنەکـەی ڤیانتیاندا یادداشـتێکی دەربارەی ڕاگیرکردنی ئاشـتی لاوس پێشکەش کردوە تیایدا ئەلێ :-

لەو ڕۆژەوە ئەوبەیمانە مۆرکراوە شۆڕشگێڕان و هێزە نیشتمانپەروەرەکانی لاوس بەندەکانی ڕێککەوتننامەکەیان بەپەیڕەوکردوەو زۆر بەتەنگ چەسپاندنی ئاشتییەوە وون . بەلام بەپێچەوانەی ئـەم هەلوێستە دروستەی هێزە نیشتمانییەکانی لاوسەوە ، ئەمەریکاو حکومەتی ڤیانتیـان بەئەنقەسـت ناوەڕۆکـی ڕێککەوتننامەکە لەلای خۆیانەوە جێبەجێ ناکەن و :-

١ - فرۆکـە بێـسزەوە بۆمبـاهاوێژەکانی ئەمەریـکا بێ‌وچان لەبنکەکانی تایلاندەوە هێرش ئەبەنە سەر ناوچـە ڕزگارکراوەکانی لاوس و گوندو ئاوەدانییەکانی بوردومـان ئەکەن . وە بەپێی ڕاپۆرتێك دەرکەوتوە کە تاوەکو مانگی مایۆی ڕابوردوو فرۆکەکانی ئەمەریکا ٥٢٠٠ جار هاتونەتە سەر ناوچە ڕزگارکراوەکان .

٢ - بەتەحریکی ئەمەریکا تاوەکو ئیستاش لەشـکری حکومەتی ڤیانتیان و « هێـزە تایبەتییەکان » و هێزەکـانی تایلاند لەدەست درێژی کردن نەکەوتون و ڕۆژ نییە کـە ڕێککەوتننامەکە پێشـێل نەکەن . هەروەها تاوەکـو ئیستا بەلگەو نیشانییـەك بەدەستەوە نییە ئەوە دەربخات کە ئەمەریکا ئەیەوێ هێزەکانی تایلاند لەناوچەکە بکێشێتەوە .

٣ - بەدەسیسەی ئەمەریکا هێزە کۆنەپەرسـتەکان و ڕاستخوازان ، حکومـەتی ڤیانتیان هەول ئـەدات گیروگرفت بخـاتە بەردەم چارەسەرکردنی مەسـەلە سیاسی و عەسکەرییـەکانی نێوان هەردوولا وە هەولئەدات کە ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکەی ڤیانتیان پوچەل بکاتەوە .

یادداشتەکە وتویە : هێزە نیشتمانییەکانی لاوس داوا لەئەمەریکا ئەکەن کە هیچی تر خاکی لاوس بوردومان نەکات و لوت نەژەنێتـە کاروباری ناوخۆی ولات و ڕێزی مافـە نەتەوەیییەکانی گـەلی لاوس بگرێت .. هەروەها داوا لـە حکومەتی ڤیانتیان ئەکەن کـە بەقسەی ئەمەریکاو کۆنەپەرستان نەکات و ڕێککەوتننامەکە پەیڕەو بکات .. لەکـۆتاییدا یادداشتەکە وتویە :

هێزە نیشتمانپەروەرەکانی لاوس وەکو بیلبیلەی چـاو سەرکەوتن و دەسکەوتەکانیان ئەپارێزن ، داکۆکی لەسەر ئەو ناوچانە ئەکەن کە ڕزگاریان کردوە .. چالاکانەش ئـەو پیلان و نەخشانە پوچـەل ئەکەنەوە کە ئەمەریکـاو کۆنەپەرستە سەرکێشەکان ئەیکێشن .

شینخوا

Institut kurde de Paris

٧ پرسیار و ڕۆشنبیرانی کوردستان

وەڵامی مامۆستا عبدالرحمن زەبیحی

پ١ : ـ نووسینی کوردی لە کەیەوە باوە ؟

وەڵام : ئێستا کە بە کوردی دەنووسین و خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی بۆتە یەکێک لە ئامانجەکانی خەباتی نەتەوایەتیمان ، ئەم نووسینە لە کەیەوە دەستی پێ کردوە ؟ لام وایە مەبەستی پرسیارەکە ئەمەبێ ، پێش ئەوەی بێینە سەر وەڵامی پرسیارەکە ، بە پێویستی دەزانم بڵێم ئەم نووسینی کوردییە لە هەرساڵ و چەرخێکدا دەستی پێ کردبێ ، ناتوانێ بێ سەرەتاو دەست پێ کردنێکی پێشووتر بێ ، چونکوو هەروەك دەزانین هیچ شتێک لە خۆیەوەو کتوپڕ وەکو قارچك لە زەوی هەڵ ناتۆقێ . ئەم هۆیانەی کە بوونە مایەی ئەوەی لە وەختێکا نووسینی کوردی ببێتە باو دەبێ بەلانی کەمەوە ئەم سێ عاملانە بن :

١ ـ زمانی کوردی ماوەیێک پێش کەوتبێتە سەر کاغەز ، کەم و زۆری ئەم ئیشەو درێژی و کورتی ماوەکە کارێکی ئەوتۆ ناکاتە سەر مەسەلەکە .

٢ ـ پەیدابوونی هەستی نەتەوایەتی و هەست کردن بە جیاوازی لەگەڵ نەتەوەکانی دەوروبەرمان .

٣ ـ تەئسیری سەفەرو هاتوچۆی ئەورووپاو هەڵسان و ڕۆنیشتن لەگەڵ فەرەنگییان و ئاشنایی پەیدا کردن لەگەڵ ڕۆژنامەو گۆڤاریان .

ئەو کتێبە دەستنووسە کوردییانەی کە ئێستا زۆربەیان لە کتێبخانە بەناوبانگەکانی ئەورووپادا کۆبوونەتەوە ، زۆر پێش ئەو ڕۆژە دەکەون کە نووسینی کوردی پێی ناوەتە ئەم دەورەی ئێستاش بەردەوامە ، پاش چووزەرە دەردانی هەستی نەتەوایەتی ، ئەم کارە لە ناو کوردا گەشەی کردوەو کە شارستانێتی ئەوروپا لە ڕێگای ئیمپراتۆرێتی عوسمانی دا ڕێگەی کەوتۆتە بەشێکی کوردستان و شۆڕشی صەنعەتی ئەورووپا دەرگای سەفەری تا ڕادەیەك بۆ خەڵکی ئاسایی‌ش کردوتەوە ، چەند کوردێکیش ڕێگایان دەوێ کەوتوەو چوویان بە ـ پێشکەوتن و گۆڕان و پەرەسەندنی وڵاتەکانی کەوتوەو ئەهمیەتی نووسین و گۆڤار و ڕۆژنامەیان بۆ دەرکەوتوە ، زوڵم و زۆری حکومەتی عوسمانیش کە هەموو نەتەوەکانی ئەم ئیمپراتۆرییە ڕزیوەی ڕێك دەگوشی خەڵکیهان داوە بۆ ئەوەی بیر لە ڕزگاری بکەنەوە ، هەموو ئەوانە بە تێکڕایی زرووفی پێویستیان بۆ گەشەکردنی (ظاهرە) ێیکی کۆمەڵایەتی کە (نەتەوایەتی) ناوە ڕوخساندوە هەستی نەتەوایەتی پێشووتر گووراوە بەڵام ئەم هۆیانەی کە باسمان کرد لە حاڵەتی (جەنین) یان ڕزگار کردووە بۆتە ئەو (ظاهرە) کۆمەڵایەتییە کە ئێستاش هەر لە گەشەکردن و پەرەسەندن دایە ، خۆ ئەوەش ئاشکرایە کە یەکێک لە (مظهر)ە هەرە گرینگەکانی ئەم (ظاهرە) یە زمانی نەتەوایەتی‌یە مانە کە بە (نووسینی کوردی) تەعبیری لێ دەکرێ .

بەلای منەوە نووسینی کوردی ئەو وەختە بە (باو) حیساب دەکرێ کە چاپەمەنی پەیدا بوەو لە ناو خەڵکا بڵاو بۆتەوە ، جا بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکان بە کوردی نووسیویانە وە لا بنێین (چونکو بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی بوە نەك بۆ نووسین بە کوردی) دەبێ بڵێین کۆنترین چاپکراوی کوردی ڕۆژنامەی کوردستانە کە (بدرخان پاشازادە مقدادی مدحت بگ) یەکەم ژمارەی لە ٩ی نیسانی ١٣١٤ی ڕۆمی (٣٠ ذوالقعدە ١٣١٥ ـ هجری) لە قاهیرە دەزی کردوەو خۆی لە یەکەم مەقالەی ژمارەی یەکەمی دا دەڵێ : « ... حتی نهۆ کسێ جریدەکی هۆلێ نقیسییە أڤ جریدە یا مناهایا عولییە .. » هەتا ئێستا کەسێك ڕۆژنامەیەکی ئاوای نەنووسیوە ، ئەو ڕۆژنامەیەی من یەکەمە (کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی : کۆکردنەوەو پێشەکی دوکتور کەمال فوئاد) ، ئەوەندەیش من ئاگادار بم چ چاپەمەنی کوردی پێش ئەم ڕۆژنامەیە نەکەوتوون ، خۆزگە لە پێش ئەمیشدا گەلێکمان هەبا . جا بۆیە من ساڵی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان بە وە دادەنیم کە نووسینی کوردی تێدا بۆتە باو هەروەکو ساڵی پەیدابوونی ڕۆژنامەگەری کوردیشە ، ساڵی ١٨٩٨ سەرەتای نووسینی کوردییە ، بۆ خەڵك ، بۆ گەل .

پ٢ : ـ لە سەرەتای نووسینی کوردی (پەیدابوونی) چ جۆرە نووسینێك باو بوە ، چیرۆك ، ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، ئایینی ، ..... هتد ؟

وەڵام : کە نۆبەرەی نووسینی کوردی لە سەردەمی تازەی دا ، وەکوو لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا باسم کرد ، ڕۆژنامە بێ ، ڕۆژنامەکەش بەرهەمی هەستی نەتەوایەتی بوەو ناویشی (کوردستان ، بوەو ئامانجیشی وەکوو خۆی باسی دەکا : « حیفا من‌ئێت ژ کرداره کرد ژگلك قومازیدەتر خوی هش و زکانە جامیرن دینیین خوەدا ڕاست و قوینە .. » زکم بە کوردان دەسووتی ، کورد لە زۆر نەتەوەی نر وریاترو خاوەن هۆشترن ، جوامیرن لە دینی خۆیاندا ڕاست و ئیمان قایمن (هەر ئەو سەرچاوەی پێشووە) لە بەرامبەر ئەم ڕاستییەدا دەبێ بڵێین نووسینی کوردی نەتەوایەتی ، سیاسی ، دینی بوەو ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکەش وامان لێ دەکا کە بڵێین بە پێودانی زەمانی خۆی تا ئەندازەیەك ڕۆشنبیریش بوە ، چونکو کوردی هان داوە بۆ خوێندن ، فێری صەنعەت بوون و داوای ئازادی کردن و دژی زوڵم و زۆر .

بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی نەتەوەی کورد ـ کوردایەتی ـ کە دوکتور سەید عەزیزی شەمزینی لەسەر زمانی ڕۆژهەڵاتناسی سوڤیاتی (ویلچیفسکی) لە (دوکتورانامە)کەی خوێدا ئاوای باس دەکا : « ... خەباتی نەتەوەی کورد بو ئەستاندنەوەی ئازادی و سەربەخۆیی خۆی ، لە سەرەتای چەرخی نۆزدەیەم پەی دەس پێدەکاو ئێستاش بەردەوامە ، بە پێی زرووف و قۆناغە جۆر بە جۆرەکانی مێژوو شێوەو شکڵی خۆی دەگۆڕێ » (لە کتێبی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی ـ کاك جەلال تالەبانی ـ وەرگیراوە) .

بەربەرەکانی ئیمپراتوری عوسمانی و (ئێران) لەگەڵ (کوردایەتی)و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی هەموو نەتەوەکانی ژێردەستیان لەلایەکەوەو بەکارهێنانی دین و ئایین بۆ مەبەستی داگیرکەرانەو ئامانجی سیاسی لە لایەکی ترەوە ، پاش کەوتەیی کوردستان و کوردەوازی لە هەموو لایەنێکەوە ، ئەگەرچی گۆڕان و گەشەکردن و پەرەسەندنی بزووتنەوەی کوردایەتییان گەلێ دواخست ، بەڵام هەر لە سەرەتاوە (٢) خاسیەتیان لەم بزووتنەوەیەدا لە خاسیەتەکانی تر زیاتر پەروەردە کرد :

یەکەم ـ طابعی سیاسی ـ ئەمە بە جورێك بوە کە لە سەرەتاوەو تا ئێستاش سەرنجی خەباتکەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە ، کەچی خەباتی ئابووری و خوێندەواری ... ئەم ئەهمیەتەیان پێ نادرێت بە کوردی کورد بۆ ڕزگاری خۆی خەباتی لە پیناو ئامانجە سیاسییەکانی زیاتر بە پیویست زانیوە ، هەر ئەمەشە ئینعیکاسی کردۆتە سەر نووسینی کوردی‌و لەم ڕۆژەوە کە بە کوردی دەنووسرێ (ئەو دەورەی ئێستاش بەردەوامە) نووسینەکانی طابعی سیاسی ـ نەتەوایەتی یان لە هەموو شتێك زاڵترە ، ئەم خاسیەتە لە چاپەمەنییەکانی دوای شۆڕشی (مەشرووتە)ی ئیمپراتوری عوسمانی (١٩٠٨)و دەوری حوکمداری شێخ مەحموودی نەمریش دادەبیندرێ .

لەساڵانی نیوان کۆتایی شەڕی یەکەم و دەس پێکردنی شەڕی دووهەم هەندێ گۆڕان بە سەر نووسینی کوردیدا هاتوە ، ڕۆژنامەی زاری کرمانجی و بڵاوکراوەکانی تری بەهەشتی (سەید حوسێن حوزنی موکوریانی)و بڵاوکراوەکانی (کوردی ـ مەریوانی) و هەموو چاپەمەنی کوردی کە لەم دەورەدا هاتوونە مەیدان ڕوویان کردۆتە لایەکانی تری ڕۆشنبیری و ئیهتمامیان داوە بە زمان ، ئەدەب . هتد .

خاسیەتی دووهەم : خاسیەتی بزووتنەوەی چەکدارانەیە کە چونکوو لەم باسەدا جێگای نیە لە سەری ناڕۆین .

پ٣ : ـ چ جۆرە کۆسپێك هاتۆتە بەردەم گەشەکردنی نووسینی کوردی ئەوە پەیوەندی بە نەتەوەی کوردەوە هەبوە ، یاخود لە بێگانەو ئیستیعمارەوە ؟

وەڵام : نووسینی کوردی وەکوو هەموو دەیزانین لە دەوری ئێستایدا ، یەعنی دەوری چاپەمەنی کۆن نییە . هەروەکوو موتلەقی بە کوردی نووسین لە زمانەکانی تری دراوسێمان دواکەوتوویە ، نووسینی کوردیش لەو زمانانە درەنگتر دەستی پێکردووە و درەنگتر بۆتە باو . پاش دەس پێکردنیشی گەلێ کۆسپی هاتۆتە سەر ڕێگا کە هەندێکیان پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە و هەندێکیشیان بە غەیری خۆمانەوە .

پاش بڵاوبوونەوەی ئیسلامەتی لە کوردستانا ، تا ماوەیێکی دوورو درێژ خوێندەواری هەر خوێندەواری دینی بوە ، (مەلا)و (گۆشەی حوجرەی مزگەوتان) لە کوردستان دەورێکی باڵایان یاری کردوە لە پێگەیاندنی خوێندەوارو بڵاوکردنەوەی خوێندەواری لە وڵاتی ئێمەدا بەڵام خوێندەواری دینی کە بەرە بەرە هەندێ زانستی تریش وەکوو (ریاضیات)و (فلکیات)و ... هاتۆتە سەر ، وا زاندراوە کە دەبێ هەر بە عەرەبی بێ ، هەرچەند دەرس بە کوردی ووتراوەتەوە بەڵام کتێب هەر لە (قورئان)ەوە بگرە تا دەگاتە پچووکترین کتێبی شەرع بە عەرەبی بوەو نەدەبوو بکرێن بە کوردی . فارسەکان گەلێ زوو خۆیان لەم تەووژمە بەهێزەی دین ڕزگار کردو هەندێ کتێبی (شەرع)و (عیلم)یان بە فارسی نووسی ، یا (حاشیە)و (شەرح)یان لەسەر (مەتن)ی عەرەبی کتێبیان کرد . بەو حاڵەشەوە ، خوێندن لە کوردستان هێشتا تەنیا بۆ (خزمەتی دین) بوو ، خوێندن بۆ مەبەستی کۆمەڵایەتی ڕێگای خۆی نەکردبۆوە .

جا با لێرەدا نەختێ لە مەسەلەکە وورد ببینەوە ، کە مەبەستی خوێندن پێگەیاندنی (مەلا) بێ تا خزمەتی دین بکاو خەڵك فێری ڕێ‌وشوێنی ئایین کا سەرچاوە ئەسڵییەکانی دینیش عەرەبی بن ، ئیتر پێویست بە خۆماندووکردن ناکا بە زمانیکی تر بنووسرێ ، چونکوو مەبەستی خوێندن پێگەیاندنی چەند خوێندەوارێکە نەك بڵاوکردنەوەی خوێندەواری . هەر لەم قۆناغەدایە کە بە تەئسیری سەرچاوەکانی ئەدەبی فارسی :(شانامە) ، (گولستان و بۆستانی سەعدی)و (خەمسەی نیزامی) هەندێ چیرۆکی حەماسی دڵداری وەکوو ـ (شیرن و خەسرەو) ، (خورشیدەی خاوەر) ، (بدیع الملك وبدیع الجمال)و (ڕوستەم و زۆردەهەنگ) .. بە شیعری کوردی هاتوونە مەیدانەوە ، ئەمانەش زیاتر هەر بۆ دیوانی ئەمیرەکانی کوردستان بوون کە لام وایە بە لاسایی کردنەوەی حوکمدارانی و پادشایانی ئێران شاعیریان لە دەرباری خۆیان کۆ کردوتەوە .

گەشەکردنی کۆمەڵ و گۆڕانی زرووفی ژیان گۆڕانی مەبەستی خوێندنی دەگەڵ خۆی لە کوردستانا بڵاو کردەوە ، (حوجرەی مزگەوتان) لە وەدەرچوون کە هەر بۆ خزمەتی دین بن و (مەلای دوازدە عیلم) پێ بگەیێنن و هاوکارێکی تریشیان بۆ پەیدا بوو کە ناوی (قوتابخانە)یە ، خەڵك منداڵی خۆیان دەنارنە (حوجرە)و (قوتابخانە) بخوێنن نەك بۆ ئەوەی ببنە (مەلا) ، بەڵکوو بۆ ئەوەی کوێرە خوێندەوارییەك فێربن و بزانن کاغەز (نامە) بنووسن و بخوێننەوەو ببنە (میرزا)، ئەم جۆرە خوێندنەش ئلمێزەنی دینی هەر لێ درابوو بەڵام بە شێوەیێکی سووك ، وا دەزانم لەم دەورەدا بێ کە هێندی نامیلکەی خواپەرستانەر

بروانە ل ٧

پێشەکی

پێش ئەوەی دەست بکەم بە وەڵام دانەوەی پرسیارەکان بە پێویستی دەزانم بڵێم (٥) پرسیاری هەوەڵین زۆر (موتلەق) بوون ، کە ئەمە خۆی بۆ وەڵام دانەوەیان پێویستی بە گەلێك خۆماندووکردن هەبوو ، چونکوو هەر ئەی (موتلەق) بوونەیان مەبەستی پرسیارەکانی دەکردە زیاتر لە یەك مەبەست و لق و پۆپی زۆری لێ دەکردەوە ، بەلای منەوە باشتر ئەوە بوو پرسیارەکان سنوورێکیان بۆ دابندرێ ، ئەوسا وەڵامەکان گەلێ ووردتر دەبوون . هەرچونێ بێ سوپاستان دەکەم کە خوێندوتانەوەو داوای وەڵامی پرسیارەکانتان لێ کردبووم ، هەرچەندە خۆم بە مەلەوانی ئەم دەریایە نازانم بەڵام وەڵام نەدانەوەشم دوور لە ئەدەب زانی ئەوا وەڵامی پرسیارەکانتان لە خوارەوە بەوجۆرەی کە من عەقلم پێ شکاوە عەرز دەکەم . ئەگەر توانیبێتم بە ئەندازەی کونی دەرزی ڕووناکاییم خستبێتە سەر ئەو مەبەستەی پرسیارەکانی بۆ دارێژراون ، ئەوا خۆم بە بەختیار دەزانم .

دلسۆزتان
عبدالرحمن زەبیحی
١٩٧٣/٥/٢٧

پرۆژەکەی شاکەلی و سەرنجەکەی عبداللە عباس

ئەسعەدوڵا بازی

لە ژمارە (١٦٩)ی ڕۆژنامەی هاوکاری‌دا کاك عبداللە عباس چەند سەرنجێکی لەسەر بەرهەمە شیعرییەکەی شاعیری لاو ئەنوەر شاکەلی (پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی) نووسی بوو .. جا بە هۆی ئەوە کە سەرنجەکەی زانستییانە نەبووەو لە واقیعی ڕەخنە دەچێتە دەرەوە بۆیە ڕاکانی خۆمان دەربارەی سەرنجەکەی دەخەینە پێش‌چاو بەرای ئێمە مەبەستی نووسینەکەی کاك عبداللە تەنیا بۆ ئەوە بووە شاعیر بە خوێندەواران بناسێنێ و بەرهەمەکەی لە ژێر باری ڕەخنەی ئەدەبی‌دا بباتە چلە پۆپەی سەرکەوتن ..چونکە ڕەخنەی زانستی لە هەموو جۆرە عاتیفەیەك و برادەراتی خۆی ڕووت دەکاتەوە .. بەڵگەی ئەم قسانەشمان ئاڵۆزی و ناکۆکی نێوانی ڕایەکانی نوسینەکەیەتی ..

بەرای من ئەوە باشتر بوو کە کاك عبداللە هەریەکسەر لە پێشەکی نووسینەکەی‌دا کورتە مێژوویەکی هاتنە دونیاو جۆری ژیانی شاعیری بە ئاشکرا پیشان بدایەنایە .. کە لە چ ساڵێك و بە چەند قۆناغی ئێش و ئازاردارۆیشتووە .. نەوەکا وەك نووسەرێکی ڕۆمانتیکی بیروخەیاڵی خۆی و خوێندەواران نە دەوراو پشتی لادێیەکەی شاکەلی‌دا کۆبکاتەوە .. وەئەگەر مەبەستیشی واقیعی ژیانی شاعیر بێت .. دووبارە ئەمەش بەم دوو سێ دێرە ڕوون نابێتەوە تاکو بە واقیعی بەرهەمەکەی ببەستێتەوە ..چونکە دەربارەی ژیانی دەڵێ (لەسەر تەختەی ڕەقی قوتابخانە پەنجەکانی پێی خۆی و ناڵەکانی دەورپشتی لە درزی کلاشەکانیانەوە بینی) بەڕای من ئەوە مەرج نیە کە شاعیر وە یان نووسەر لە چینێکی ڕەش و ڕووت بێت .. بەڵکوئەوە مەرجە بیروباوەڕەکەی لەگەڵ ڕەش و ڕوت بێت . خۆ ئەو مرۆڤەی کە خۆشی لە چینی ڕەش‌وڕووت بێت ئەوە پێویستە زیاتر هەست بە واقیعە تاڵەکەی خۆی بکات .. کەچی کاك عبداللە یەکسەر دوو دڵی و بێزاری شاعیرمان دەخاتە ڕوو .. خۆی داستە .. بەڵام لەگەڵ واقیعی چینەکەی خۆی ناگونجێت .. ئەو واقیعەی نووسەر پێی هەڵدەدات ..

هەروەها لە سەرەتای پەرەگرافی دووەم‌دا دەڵێت (شیعرەکانی شاکەلی لەم نامیلکەیەدا لە ڕووی شێوەوە هەنگاوێکی سەرکەوتوانەی ئەو گۆڕانەیە کە شاعیرە لاوەکانی کۆتایی ساڵانی شەست و سەرەتای ساڵەکانی حەفتاوە دەستیان پێ کردوە)واتە پێش‌کەوتن و ئیبداعی شاعیرانی ئێستای کوردمان تەنیا لە ڕوخساری شیعر دایە نەوەك ناوەڕۆك کە بەڕای من نووسەر لەمەدا بە هەڵەچووە . چونکە نوێ کردنەوە نابێت تەنیا لە ڕوخساری شیعر دابێت .. بەڵکو ڕوخسار و ناوەڕۆك دوو شتی نەچڕاون لە یەکتری .. هەریەکەیان ئەوی‌تر تەواو دەکات .. هەروەها شاعیرانی ئێستای کورد ئەگەر لە ناوەڕۆکا نەگۆڕابێت ئەوا لە ڕوخساردا هەر نەگۆڕاون .. هەروەها گۆڕانەکەشیان بەڕای کاك عبداللە ئەوەیە کە خوێندەواران بە چاکی تێی ناگەن .. واتە تەنیا بۆ تاقمە خوێندەوارێك دەنووسن و بەس .. ئەم تاقمەش زۆر کەمن ، بەم پێیە شیعر لەو مەبەستە دەرچووە کە بۆ زۆربەی جەماوەر بێت.. ئەوانیش ڕەش و ڕووتن .. دیسان ئەو گۆڕانەی کە کاك عبداللە باسی دەکات .. ئێمە لەسەر تاپای بەرهەمەکەی بەدی ناکەین .. تەنیا ئاڵۆزیەك نەبێت کە ڕێگای تێ گەیشتنی خوێندەواران دەگرێت .. ئەم ئاڵۆزییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو (قلق)و دوودڵیەی نووسەر خۆی ناوی دێنێت .. چونکە ڕاستی ئاڵۆزی تیا نیەو ئاشکرایە .. بەڵام ئەو ڕایانەی لە ناوەڕۆکدا ئاڵۆزن بێ گومان ڕوخساریشیان هەر ئاڵۆزە .. کەچی کاك عبداللە خۆی لەمە بێ ئاگا دەکات و بایەخیکی زۆر بەم (غموض)ە دەدات و دەڵێ (چونکە ئەگەر وا بوایە) بایەخ و قیمەتی ئەدەبی نوێی ون ئەکرد) بەلای نووسەر وایە نرخ و قیمەتی ئەدەبی نوێ لە غموض دایە .. واتە ڕوونی کردەوە کە ئەم غموضە لە شیعردا دەستکردە بۆ ئەوەی خوێندەواران لە ڕاکانیان تێ نەگەن و سوودی لێ وەرنەگرن .. بەرای ئێمە ئەم جۆرە دەست کردانە مەرفوزە . چونکە شیعر بۆ جەماوەرە .. هەروەها وەکو چۆن شاعیر بەلای نووسەرەوە مرۆڤێکی لە ژیان بێزارو قلقە .. ئەوا بەلای ئێمەشەوە کاك عبداللە خۆشی نسخەیەکە لەو جۆرە مرۆڤانە. چونکە لە دەربڕینی ڕاکانی خۆی دوودڵەو ناتوانێ بە تەواوی تەعبیر بە ذاتی خۆی بداتەوە .. بۆ نموونە دەڵێ (ئەو ـ قلق ـ و بێزاری و ...ی ئەم شاعیرە لاوە شیعرەکانی دروست کردووە) واتە شیعرەکانی ڕەنگ‌دانەوەی واقیعی ذاتی خۆیەتی .. بێ گومان ئەمە ڕایەکی زانستی‌یە .. بەڵام لە شوێنێکی تردا یەکسەر دووهێڵی ڕاست و چەپ بەسەر ئەو ڕایەی خۆی‌دا دێنێت .. ئەویش دەربارەی ئەم شیعرەیە :

لمی دوورگەی عەرەبیان کرد
بە مرواری ..
گلێنەی چاو دیلی تەمی بیابانە
ئاوانێکی ناڵەبارە
شەقامی خۆر لەیاد بچێ :

کاك عبداللە دەربارەی ئەم شیعرە دەڵێت : (وەك من شاکەلی بناسم .. لەگەڵ بیرکردنەوەی ئێستای خۆیا ناگونجێ) نازانم بۆچی نووسەر بەم جۆرە دیفاع لەسەر شاعیر دەکات و ناکۆکی لە ڕایەکانی خۆی دروست دەکات تۆ بڵێی نووسەر زیاتر لە شاعیر خۆی شارەزای وەزع و جۆری بیرکردنەوەی شاعیر بێت ..؟ چونکە دیسان هەر نووسەر لە شوێنێکی تریش دەربارەی شاعیر دەڵێت (ئەو بێزاری و پەشێوی و ئێشەی لە ناخیا پەنگی خواردۆتەوە ، شیعرەکانی وەك ئاوێنەیەکی ساف و بێ گەرد پێچەوانەیان ئەکاتەوە) .. تەنیا ئەوە دەڵێم کاك عبداللە خۆی بەراوردی ئەم سێ ڕایانەی خۆی بکات و بزانێ ئایا خۆشی تووشی ئەم ئاڵۆزی و دوو دڵیە نەبووە .

ئەمانەو شتێکی تریش کە زۆر سەرنجمان ڕادەکێشێ کە نووسەر دەڵێ (توانیویەتی وێنەی ژان و ئێش و ئازاری زۆربەی زۆری لاوەکانی ئەم سەردەمە بێ) بەرای ئێمە ئەم قلق و دوو دڵیە باوەڕی زۆربەی لاوەکانی ئێستا نیە.. تەنیا ئەو کەسانە نەبێ کە خۆیان ون کردووەو دەیانەوێ تیشکی ڕاستی نەبینن .. واتە ڕاکردن کۆڵدان بەرانبەر ڕاستی .. چونکە وەکو دەڵێن (مانگ لە چواردەیەو پێویست بە ئەنگوست نیە) .. ئەو کەسەی بیەوێ لە ڕاستی بگات ئەوا ڕێگای ڕاست زۆر ئاشکرایە ..

هەروەها دیسان نووسەر دەڵێت (مەرج نیە شیعری نوێ هەموو کاتێك عەمەلی‌یەتیکی متکامل بێت) .. ئایا نووسەر ئەوە قەبول دەکات لە بیوەی شەودا خەوی لێ بزڕێنن .. ؟ ئەی کەواتە چۆن ڕێگای ئەوە دەدرێت گیروگرفت و کاروانی

بروانە ل ـ٧ـ

هەڵبەستێکی هێتوکەوتو

دایە .. دایە !!
ئەوەی تۆ ئەی‌فەرموی وایە :
ڕێگایەکی توش و هەڵدێر ،
ڕێگایەکی پڕ مەینەتییە
ڕێیەکی پڕ دڕك و داڵ ، زەردە سیرییە
تاریك و نوتەك بێ بزەی ڕووناکییە
خامۆش ، مایەی سامناکییە
بەڵام .. دایە
هەرچەندە ڕێگاکەم دووربێ
بێ قۆناغ و بێ سنووربێ
پشت ئەستورم
بڕوامەو لەسەری سوورم
کاڵای پۆڵام لە پێدایە
چرای هیوام لەدەستایە
ملیۆنەهام لەگەڵایە
مەنزڵگایەکەو داوەمەتەچاو
گەرمن تێی نەحەسێمەوە
دڵنیام ڕۆڵەکەم تێی لێك ئەنێ پێڵوی چاو
ڕێیەکەو گرتوومەتە بەر
ئەگەر من لەنیوەشیا بکوژێمەوە
وەسێتە ، کوڕەکەم ئەی گەیەنێتە سەر

محمد کریم

institutkurde paris

٢٥١ ماموستای كچ لە سەر میلاكی ئامادەیی دائەمەزرێن

وەزارەتی پەروەردە بڵاوی كردۆتەوە كە ٢٥١ شوێنی بەتاڵ لە دەرەوەی بەغدا بەناونیشانی ماموستا هەیە لەسەر میلاكی ئامادەیی بۆ ئەو كچانەی لە كولیجە پسپوریەكان دەرچون، وە لە مانەدا ٤٠ی زمانی عەرەبیو ٣٢ ماتماتیكو ١٤ی جوگرافیاو ٧ی زمانی كوردیو ٢٠ی كیمیاو ٣٠ هونەرو ٣٦ی زمانی ئینگلیزیو ٢٠ی بایولوجیو ١٥ی ئابوری ناومالو ٢٤ی فیزیكو ١٣ش بۆ مێژو تەرخان كراوە.

وە راگەیاندراوە كە ١٤١ شوێنی لەم شوێنانە بۆ ئەو كچانە تەرخان كراوە كە زمانی كوردی بەباش ئەزانن، ئەمەش بۆ پڕكردنەوەی شوێنە بەتاڵەكان لەو قوتابخانانەدا كە خوێندنی كوردی ئەیان گرێتەوە.

وە هەروەها راگەیاندراوە كە ئەمانە لە پێش ناوەراستی مانگی ئابی داهاتودا دائەمەزرێنرێن.

بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتیەكانی پەروەردەكردن لە پارێزگاكان فریای رێكخستنی میلاكەكانیان بكەونو هەموو پێویستیەكانی خوێندن پێش سالی تازە ئامادە بكەن.

٤٩ هەزار تەن لە نەوتی رمیلە بۆ بەندەری وڵاتان ئەنێردرێت.

پاپۆڕی (بیكر)ی سوفیەتی لە بەندەری (الفاو) ٢٤ هەزار تەن لە نەوتی رومیلەی باركردوە و بەرەو بەندەرەكانی وڵاتان كەوتوتەڕێ.

هەروەها لە بەندەری ناوبراوا پاپۆری (ثری لانجر) ئیستا خەریكی باركردنی ٢٥ هەزارو ٥١٤ تەن نەوتی خاوە بۆ ئەوەی بۆ بەندەری وڵاتان بیبات.

نرخی قوماش لە هەندێ پارێزگا

وەزارەتی ئابوری بۆ پارێزگاكانی سلێمانیو ئەنبارو نەینەواو كەركوك نرخی قوماش فروشتنی بەم چەشنەی خوارەوە داناوە:

مەتری قوماشی ئاوریشمی چینی جملە بە (١٤٥) فلس وە مفرد بە (١٦٠) فلس و مەتری قوماشی لوكەی چینی جملە بە (١٦٥) فلس و مفرد بە (١٨٠) فلسو مەتری ئاوریشمی نەباتی چینی جملە بە (٨٠٥) فلس و مفرد بە (٨٨٥) فلس و مەتری قوماش لوكەی خەتخەتی سوری جملە بە (٦٥) فلس و مفرد بە (٧٥) فلس، ومەتری قوماشی رەنگاورەنگی توركی جملە بە (٣٩٠) فلس و مفرد بە (٤٣٠) فلس ئەبێت.

قیرتاو كردنی شەقامی هاوینەهەوارەكان

بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیەكان لە پارێزگای هەولێر قیرتاوكردنی شەقامەكانی هاوینەهەواری صلاح الدینو رەواندوزو كویەو ناحیەی گویرو چومانو عەینكاوەی خستوتە موناقەسەوە كە ١٨١ هەزار دیناریان تێ ئەچێت.

هەروەها جێبەجێ كردنی چەند پرۆژەیەكی خستوتە موناقەسەوە كە ٩٢ هەزار دیناریان تێ ئەچێت، لەمانە قیرتاوكردنی شەقامی شاری (الخضر) لەگەل دروستكردنی گازینۆو میوانخانەیەكو قیرتاوكردنی چەند كولانێكی ناحیەكانی گەیارەو بادۆشە.

جگە لەمانە دوو گازینۆ لە (البعاج) و (اقكنی) دروست ئەكرێت لەگەل قیرتاوكردنو زیراب راكیشانی شاری (الشرقاط).

گۆشەی تەندروستی

– دكتۆر نەوراد –

هەڵامەت

● هەڵامەت لەو نەخۆشی یە بلاوانەیە كە بە خێرایی ئەتەنێتەوە بەتایبەتی لە زستانداو هەروەها لە هاوینیشدا چونكە گۆڕینی هەوا لە جێگایەكی ساردەوە بۆ جێگایەكی گەرم یاخود بە پێچەوانەوە، ئەبنە هۆی پەیدا بوونی ئەم نەخۆشی یە.

● هەڵامەت بە هۆی میكرۆبێكی تایبەتی یەوە پەیدا ئەبێ كە پێی ئەوترێ (فیرۆسی هەڵامەت) وە ئەم فیرۆسە لە ناو لووتو بۆریەكانی هەناسەدا ئەژی .. بەلام كاتێك ئادەمیزاد تووشی سەرما یان گۆڕینێكی كتوپڕی هەوا ئەبێت لەمەش خۆی راناگرێو ئەو فیرۆسە ئەكەوێتە ئیشو نیشانەكانی ئەم نەخۆشی یە دەرئەكەوێت.

● **نیشانەكانی هەڵامەت:**

نەخۆش ئاو بە لووتیا دێتە خوارەوەو سەری زان ئەكاتو تای لێدێت، ناو چاوی سوور هەلئەگەرێتو ئاو ئەكاتو نەرمە كۆكەیەكیش ئەیگرێت.

● **چارەكردنی:**

ئەبێ نەخۆش بۆ ماوەی یەكدوو رۆژ لەناو جێگادا بحەوێتەوەو حەبی ئەسپرینو ڤیتامین (سی) بخواتو هەندێ جاریش ئەنتی بایوتیكو حەبی (أنتستین) بەكار بهێنێ.

بانگەوازێك بۆ هەموو نووسەرو رۆشنبیرانی كورد

خوشكو برایانی بەڕێز ..

بێگومان رەخنەی ئەدەبی كارێكی راستەوخۆو ئاشكرا ئەكاتە سەر پێشكەوتنی ئەدەبو ئاراستەكردنی نووسەر بۆ دەستنیشان كردنی لایەنی سەلبیو ئیجابی بەرهەمەكانیو رێگەی نوێ كردنەوەو بەرەو پێشەوە چوونی لەبەردەما رۆشن ئەكاتەوە.

رەخنەی ئەدەبیش .. كۆمەلە بنكەو بنچینەو شێوازێكی دیاری هەیە كە پێویستە رەخنەگری هۆشیار پەیرەوی بكات بۆ ئەوەی بتوانێ بەهۆی ئەم بنكانەوە، خاوێنیو رەسەنی ی رەخنەكەی خۆی بپارێزێ.

بەلام .. داخمان ناچێ، لەم رۆژانەدا، كۆمەڵێ وتاری رەخنەییمان بە ئیمزای هەندێ لە نووسەرە بەهێزاكانمان، لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەكاندا بەرچاو كەوتووەو سەرنجی راكێشاوین .. چونكە بەهیچ كلۆجێك خزمەت گوزاری ئەدەبی كوردیو پەرەپێدانی بەرهەمی ئەدیبەكانمانی پێوە دیار نیە .. بەلكو بە پێچەوانەوە مۆركێكی سەلبی بەجێ ئەهێڵێو ئەبێتە هۆی پەیدابوونی بارێكی پڕ كینەو رق.

دەستەی بەڕێوەبەرایەتی لقەكەمان هەستی بە مەترسی ی ئەم جۆرە رەخنەیە كردووە بە پەرۆشەوە ئاگاداری گشت گۆڕانەكانی بووە .. بۆیە دەستپێشكەریمان كردو ئەم بانگەوازەمان بۆ هەموو ئەو كەسانە دەركرد كە شەرەفی وشەیان لا بایەخدارەو پارێزگاری سەربەستی بیری نووسەر ئەكەنو هەوڵی بەرزكردنەوەی رادەی ئەدەبی كوردیمان ئەدەن .. بۆ ئەوەی خۆیان بە رەخنەی دەستكەرانەوە ببەستنو گیانی هاوڕێتی ئەدەبیو بەرژەوەندی نیشتمانو باری ئێستای وڵاتەكەمان بخەنە سەرووی هەموو ئیعتبارێكی ترەوە بەبێ ئەوەی لە روانگەیەكی شخصیەوە سەیری مەسەلەكە بكەن، وە مەبەستیان لە رەخنە بریندار كردنو نزم كردنەوەی شوێنو پایەی ئەدیبەكانمانو تۆمەتو پلاری كوێرانە دابەش كردن نەبێت. هیوادارین هەموو لایەك بە تەنگی ئەم بانگەوازەمانەوە بێنو خۆیان بە ناوەرۆكەكەیەوە ببەستنەوە .. بە تایبەتی ئەندامەكانمان .. ئیتر سوپاس.

دەستەی بەڕێوەبەرایەتی
یەكێتی نووسەرانی كورد
لقی سلێمانی

ئەم بانگەوازەی سەرەوەمان بە عەرەبی بۆ هاتبوو بۆمان كردن بە كوردی – هاوكاری –

١٧ قوتابخانەی نوێ لە كوردستانا

بەهۆی ئەو ١٧ قوتابخانە نوێیەی لە دێهاتی پارێزگاكانی كەركوكو هەولێرو دهوك دروست ئەكرێن كە ٩٠ هەزار دیناریان تێ ئەچێت، واچاوەڕوان ئەكرێت كە دوای تەواو كردنی ئەم قوتابخانانە ٢٤٠٠ قوتابی كچو كور تیایانا بخوێنن.

هەروەها لە ناوچەی كرنك قوتابخانەیەكی سەرەتاییو وە لە كەلارو رواندوز قوتابخانەیەكی ناوەندیو بەشێكی (داخلی) تەواوكراوە كە ١٢ هەزار دیناریان تێچوە.

دكتۆر كەمال فوئاد دەربارەی كۆلێجی ئادابی سلێمانی ئەدوێ

– بەشی دیراساتی كوردی – كۆلێجی ئاداب – زانستگای سلێمانی، تاكە بەشە لە كۆلێجی ئاداب، لە ١١/٩/١٩٧١دا دامەزراوە.

– سالی یەكەم سالێكی گشتی یە.

– هەموو قوتابی یانی سالی دووەمی ئەمسال (١٩٧٢ – ١٩٧٣) لە لقی (زمانو ئەدەبی كوردی)ن

– ژمارەی قوتابی یانی: پۆلی یەكەم ١٢٢ (دوو شعبە) پۆلی دووەم ٤٠ (یەك شعبە) هەمووی ١٦٢ قوتابی كورو كچ (٨٥ كچ، ٧٧ كوڕ)

دەربارەی بەشی دیراساتی كوردی لە زانستگای سلێمانی ئەم گفتو گۆیەمان لەگەڵ دكتۆر كەمال فوئادا پێك هێنا.
– هاوكاری –

پ – ١ – ئەگەر لە بەرنامەو پرۆگرامی بەشەكەتان ورد بینەوە ئەبینین جیاوازی یەكی زۆری هەیە لەگەل پرۆگرامی خوێندنی بەشی كوردیی بەغدادا ... هۆی ئەمە چییەو تا چ رادەیەك كار ئەكاتە سەر پلەی خوێندنو رادەی بەرز بوونەوەی قوتابی یانی بەشەكەتان؟

و – ئەگەر سەرنج لە ناوی هەر دوو بەشەكە بدەن هەر لە سەرەتاوە هۆی ئەم جیاوازی یەتان لە پرۆگرامی هەر دوو بەشەكەدا بۆ دەرئەكەوێت. ناوی بەشەكەی ئێمە (بەشی دیراساتی كوردی)یە، ئەوی بەغدا ناوی (بەشی زمانی كوردی)یە، ئەمەش وا ئەگەیێنێ كە لە بەشەكەی ئێمەدا بێجگە لە زمانو ئەدەبی كوردی گەلێ بابەتی تریش ئەخوێنرێ واتە (بەشی دیراساتی كوردی) نایەوێ تەنیا كادر بۆ وتنەوەی زمانو ئەدەبی كوردی پێبگەیێنێ بەلكو بۆ گەلێ لقی تریش لە زانستە مرۆڤایەتی یەكان (العلوم الانسانية) وەكوو مێژوو، جوگرافیا، ئابووری، سۆسیۆلۆگی (علم الاجتماع) هۆی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە ئێمە پێویستمان بە هەموو ئەم لقانەی زانست هەیە چ بۆ لێكۆلینەوە چ بۆ وتنەوەی لە قوتابخانە ناوەنجیو ئامادەییەكاندا بە كوردی. لەبەر ئەوە ئێمە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی بەشەكەمانەوە بیرمان لەوە كردووە كە ئەم بەشە نابێت تەنیا بۆ زمانو ئەدەبی كوردی تەرخان بكرێت بەلكوو ئەوەندەی پێویستە بێتو ئەوەندەی بتوانرێت لقی لێ جیا بكرێتەوە بۆ هەموو بەشەكانی تری زانستە مرۆڤایەتیو كۆمەلایەتی یەكان لەناو چوارچێوەی دیراساتی كوردیدا. بەلام دیارە ئەو قوتابی یەی لە لقی مێژوو یا جوگرافیا یا ئابووری یا هەر بابەتێكی تری بەشی دیراساتی كوردی زانستگای سلێمانی دەرئەچێت، وەكوو ئەو قوتابی یە نی یە كە لە بەشی مێژوو یا جوگرافیا یا ئابووری كولیجەكانی تری عیراق دەرئەچێت. ئەوەی لای ئێمە دەرئەچێت لە پێش هەموو شتێكا بەشی زۆری بابەتەكانی بە كوردی خوێندووەو لە خوێندنەكەشیا بە تایبەتی ئەو بابەتانەی وەرگرتووە كە زیاتر پەیوەندی یان بە نەتەوەی كوردو وڵاتی كوردستانەوە هەیە. ئەمەش دیارە یارمەتی یان ئەدات بۆ ئەوەی باشتر وە لەسەر بناغەیەكی زانستی ئەمەسەلەی گەلو نیشتمانەكەیان بگەنو بتوانن باشتر خزمەتی بكەن.

پ – ٢ – جیاكردنەوەی بەشی ئابووری لە بەشەكەتاندا هۆی چییەو بوچی ئەم بەشەتان هەلبژارد؟

و – سالی خوێندنی یەكەم لە بەشەكەماندا سالێكی گشتی یە، لە سالی دووەمەوە بە پێی پێویستی ی ناوچەكەو بوونی كادر بریار وایە ئەم لقانەی لێ جیا بێتەوە: لقی زمانو ئەدەب، لقی ئابووری، لقی مێژوو، لقی جوگرافیا، لقی سۆسیۆلۆگی (علم الاجتماع).

تا ئێستا توانیومانە تەنیا (لقی زمانو ئەدەب) بكەینەوە. بریاریش وایە لە سالی خوێندنی ئایندەدا (١٩٧٣ – ١٩٧٤) لقی ئابووریش بكرێتەوە لقەكانی تریش بە پێی پێویستی ی ناوچەكەو بوونی كادر بۆ دەرس وتنەوە، بەرە بەرە ئەكرێنەوە.

پێوانەش بۆ كردنەوەی ئەم لقانە سێ شتە:

یەكەم: پێویستی ی ناوچەكە بەو جۆرە خوێندنە.

دووەم: بوونی كادر بۆ دەرس وتنەوە.

سێیەم: بوونی ژمارەیەك لە قوتابی یان كە بیانەوێ ئەو لقە بخوێنن.

پ – ٣ – ئەو كۆسپانە چین كە دێنە بەردەم بەشەكەتان؟

و – گەورەترین كۆسپ كە لە رێگای پێشكەوتنی بەشەكەماندا وەستابێت تا ئێستا نەبوونی كادرە بە تایبەتی بۆ وتنەوەی بابەتەكانی زمانو ئەدەبی كوردی. ئەم نەبوونی ی كادرەش كە تا ئێستا نەبۆتە هۆی دواكەوتنی بەشەكەمان لەبەر ئەوەیە كە تا ئێستا تەنیا پۆلی یەكەمو دووەممان هەیە، بەلام بێگومان لەگەل زیاد بوونی ژمارەی پۆلەكانو ژمارەی قوتابی یاندا ئەبێتە گەورەترین كۆسپ لە رێگای پێشكەوتنی بەشەكەمانداو هێنانەدی ئەو پرۆگرامو پرۆژانەی كە بۆ بەشەكەمان داناوە.

پ – ٤ – چی چاوەروان ئەكەن بۆ پاشەرۆژی بەشەكەتانو چ پرۆژەیەكتان بە دەستەوەیە بۆ پێشخستنی؟

و – ئەگەر ئەوەندە كادری پێویستمان بۆ پەیدا ببێ كە بتوانین كاروباری بەشەكەمان بە رێكوپێكی بەرین بەرێگاوە، ئەو كاتە ئەتوانین بڵێین بەشەكەمان بەرەو ئەوە ئەڕوات كە ببێتە تاكە مەركەزی دیراساتی كوردی لە هەموو كوردستاندا.

بۆ هێنانەدی ئەم ئاواتەش گەلێ پرۆژەمان لەبەردەمایە، لەوانە: كردنەوەی ئەو لقانەی كە لە سەرەوە باسمان كردن، كۆكردنەوەی ئەو سەرچاوانەی كە بۆ ئەم مەبەستە یارمەتیمان ئەدات، ئامادەكردنی گەلێك لێكۆلینەوەو باس كە پەیوەندی یان بە دیراساتی كوردی یەوە هەبێت، هێنانی جیهازێكی دەنگ پێوان spectrog raph دامەزراندنی (مختبر)ێك بۆ دەنگ، بەهێزكردنی پەیوەندی لەگەل داموو دەزگا رۆشنبیریو زانستی یە كوردی یەكاندا لە ناوەوەو لە دەرەوەوەی وڵات. بەلام بێگومان جێبەجێكردنی ئەمانە هەمووی بە بوونی كادری شارەزاو لێوەشاوەو دلسۆزەوە بەندە، ئەگینا بەشێكی هەرە كەمیشی نایەتە دی.

ئەوەش بزانن كە بەشەكەمان هێشتا ساوایەو دوو سالی لە تەمەنی تەواو نەكردووە، لەبەر ئەوە دەستگرتنو یارمەتیدانی ئەركێكی پیرۆزی سەرشانی هەموو كوردێكی رۆشنبیرو دلسۆزە تا بتوانێت ببێتە مەركەزی دیراساتی كوردیو دەوری خۆی لە خزمەت كردنو پێشخستنی كۆمەلی كوردەواریدا ببینێ.

لە كۆتاییدا بە گەرمی سوپاستان ئەكەم بۆ ئەم چاوپێكەوتنەو هیوام وایە ببێتە سەرەتایەك بۆ گەلێ چاوپێكەوتنی تر تا بتوانین بەهۆی لاپەرەكانی رۆژنامەی (هاوكاری) بەرێزەوە باشتر بەشەكەمان بناسێنین بە گەلی كوردی خۆشەویستمان.

١٥ كرێكاری تر مووچەی تەقاویتی وەرئەگرن

بەپێی ژمارە ٣٩ی سالی ١٩٧١ی یاسای تەقاویتیو ضمانی كۆمەلایەتی، وەزیری كارو كاروباری كۆمەلایەتی بریاریداوە كە ١٥ كرێكاری تر مووچەی تەقاویتیان بدرێتی.

پاشماوەی: دیكتاتوریەتی ... رابەری شۆرشیان بكەن بەلكو توانیان، مینای ئابووریش بەشێوەیەكی پتەو دابرێژنو دەولەتێكی سۆشیالیستی مەزن پێك بهێنن. پارتی كۆمۆنیستی یەكێتی سوفیەت باشترینو كارامەترین ماموستای ئێمەیە.

باری ناوخۆو دەرەوەی وڵات بۆ ئێمە زۆر لەبارەو ئەتوانین پشت بەستووبین بەو چەكە كوشندەیەی كە لە دكتاتۆریەتی دیموكراسی گەلیدا خۆی ئەنوێنێ. با جەماوەرانی گەل لە یەك بەرەدا یەكگرن – جگە لە كۆنەپەرستان – تاوەكو بتوانین هەنگاوی پێش كەوتوانە بنێین بەرەو ئەو ئامانجەی بۆ خۆمانمان دەست نیشان كردووە.

ئەم هەفتەیە لە مێژوودا

– نەریمان –

ئەم هەفتەیەمان كە رۆژانی نێوان ٩ تا ١٥ی حوزەیران ئەگرێتەوەو رێكەوتی ١٩ تا ٢٥ی بانەمەری كوردیە ئەم رووداوە گرنگانەی تیادا قەوماوە:

رووداوی كوردی:

لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا شەر لە كوردستان دەستی پێكردەوە.

لە ١٣ی حوزەیرانی ١٨٥٩دا بوومەلەرزەیەكی سامناك نیوەی شاری ئەرزرۆمی وێران كردو سێ هەزار كەس كوژرانو هەزارانیش مالوێران بوون.

لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٢٢دا ئوزدەمیر گەیشتە رەواندز.

لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٣٠دا شۆرشی ئاگریداغ لە كوردستانی توركیا دەستی پێكردو چوار مانگی خایاند.

لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٥٢دا موفتی پێنجوێنی شاعیر كۆچی دوایی كرد.

رووداوی عیراقیو عەرەبی:

لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٧٢دا (ئۆپك) لە خۆمالی كردنی كومپانیای نەوتی عیراق پشتگیری عیراقی گرت.

لە ١٢ی حوزەیرانی ١٩٣٥دا یاسای پارێزگاری نیشتمانی ئاشكرا كراو (ئیجباری) گیرا.

لە ١٥ی حوزەیرانی ١٨٦٩دا جەژنی رۆژنامەگەری عیراقی بە بلاو كردنەوەی یەكەم رۆژنامەی عێراقی (زەوراء) كە بە عەرەبیو توركی بلاو ئەكرایەوە.

رووداوی گیتی:

لە ٩ی حوزەیرانی ١٨٧٠دا مردنی چارلس دیكنز نووسەری ئینگلیزی ناسراو.

لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٤٠دا هەرەس هێنانی فەرەنسا بەرامبەر پەلاماری ئەلمانیای نازی.

لە ١٢ی حوزەیرانی ١٨٣٠دا فەرەنسا خاكی جەزایری داگیر كرد.

لە ١٢ی حوزەیرانی ١٨٢٦دا حكومەتی عوسمانی سوپای (یەنی چەری – ئینكشاری) هەلوەشاندەوە.

بەڕێوەبەرایەتی نەقابەی ماموستایانی كوردستانی عیراق

– لقی هەڵەبجە –

نەقابەی ماموستایانی كوردستانی عیراق – لقی هەلەبجە – بۆ دەزگای بەڕێوەبەرایەتی نەقابەكەی، لە رۆژی ٧-٥-١٩٧٣ ئەم برایانەی خوارەوەی هەلبژاردوە:

١ – كاك محمد نجیب ناجی بەڕێوەبەری قوتابخانەی دەرسیمی سەرەتایی – سەرۆك

٢ – كاك محمود شریف ماموستای قوتابخانەی بێسارانی سەرەتایی – جێگری سەرۆك.

٣ – كاك لطیف مولود عبدالكریم ماموستای قوتابخانەی سەركەوتنی سەرەتایی – سكرتیر

٤ – كاك صالح محمد محمود ماموستای قوتابخانەی هەلەبجەی سەرەتایی – ئەندام

٥ – كاك محمد صالح ماموستای قوتابخانەی سەركەوتنی سەرەتایی – ئەندام.

٧ – عفاف عثمان نەقشبندی ماموستای قوتابخانەی خورمان سەرەتایی – ئەندام.

٨ – ناصر توفیق ماموستای قوتابخانەی بێسارانی سەرەتایی – ئەندامی ئیحتیات.

٩ – سعید شیخ صالح ماموستای قوتابخانەی خورمالی سەرەتایی – ئەندامی ئیحتیات.

١٠ – روءف حمد بارام یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەركەوتنی سەرەتایی – ئەندام ئیحتیات.

١١ – أنور شیخ ابراهیم بەڕێوەبەری قوتابخانەی شارەزوری ئاوەندی – ئەندامی ئیحتیات.

سیڤەر محمود زامدار

شەوی چوار شەممەی ٦-٦-١٩٧٣، خوای مەزن كوڕێكی بە كاك محمود زامدار بەخشیوە، (سیڤەر) ناوزەد كراوە. هیوادارین تەمەن درێژو بە نازی دایكو باوكی پەروەردە بێت.

● * ●

گۆشەی ئافرەتان

خوێندن یان شووكردن

● زۆرجار لەم كۆمەلەی ئێمەدا وا روو ئەدات، كچ لە قوتابخانە دەر ئەهێنرێو بەشوو ئەدرێت، هەر كە نیشانەی دەزگیران داری كرایە دەست، ئیتر مال ئاوای لە خوێندن ئەكات. یان وای لێ ئەكرێت مال ئاوایی بكات. ئەم رووداوە تا چ رادەیەك كار ئەكاتە سەر پاشە رۆژی ئافرەتو نرخی لە ناو كۆمەلا؟!

● ئەوەی راستی بێت رووداوی بەو جۆرە، دەست درێژیە بۆ سەر مافی ئافرەت لەناو خێزانا بە تایبەتیو لەناو هەموو كۆمەلا بە شێوەیەكی گشتی، چونكە قوربانی دان بە پاشە رۆژی رۆشنبیریو پێگەیشتنی ئافرەت لە پێناوی تەنیا شوو كردناو لەوێدا هەموو شتێ ببرێتەوەو ببەسترێتەوە لەناو چوار دیواری مالدا تەنیا بەجل شتنو چێشت لێنانەوە خەریك بكرێت، مانای ئەوە ئەدات كە ئافرەت تەنیا بەچاوی «ئیش كەرێكی» ناو مال سەیر ئەكرێ و هیچی تر.

● خوێندنو بەردەوامی لەسەر خوێندن تا گەیشتنی بە پلەیەكی باش رۆشنبیریو وەرگرتنی شەهادە و هەتا وەزیفەش رێگا لە ئافرەت ناگری دوای ئەوانە بچێتە ژیانی دروست كردنی خێزانەوە

● بە پێچەوانەوە، ئافرەتی بەو جۆرە پێگەیشتوو. رۆشنبیر زیاتر هیوای پێكەوە نانی خێزانێكی سەركەوتوی لێ ئەكرێت، بۆیە پێویستە رۆشنبیریو فێربوونو ئەركی كۆمەلایەتی نەكرێن بە قوربانی شووكردن هەتا ئەگەر كچێك لە كاتی خوێندنیشا درا بەشوو، هەول بدرێت دەست لە خوێندن هەلنەگرێ.

● هەموو ئەزانین كوسپێكی هەرە گرانی سەربەستی ئافرەت لە كۆمەلی ئێمەدا نەخوێندەواریە هەرچەندە لیرەدا نامەوێ هەژاریو ئەركی گرانی كۆمەلایەتیو ئابوری خێزانی كورد فەرامۆش بكەین كە ئەبنە هۆی دواكەوتنی كچان لە خوێندەواری بەلام پێویستە بە پێی توانا هەول بدرێتو بەسەر ئەم كوسپەدا زال ببن.

● سا خوشكی بەرێز، دایكان، كچانی تازە پێگەیشتوو هەول بدەن هەموو لایەك لە خوێندەواری بەجێ نەمێننو وڵاتو گەلو خۆمان لەم روەوە بەرەو پێش بەرین.

شیرین عباس

لاپەرە ل –٤–

Institut Kurde de Paris

چەند ئاڤرلسەر دەستێ نڤیسارا

لەیلا و مەجنون

دهژمارا دووێدا ، یا سالادووێ ژ بەلاڤبونیا کوڤارا ناڤدار رۆژا کوردستان (شمس کردستان) یا مەها کانونیا یەکێ سالا (١٩٧٢)ێ چاپبوی من چەند گۆتن لبن ڤێ مانشێتێ : ڕاستیا دەستنڤیسارا لەیل و مەجنونا بناڤێ ئەحمەدێ خانیێ نەمر نڤیسین و بەلاڤکرن ، لسەر بنگە هو بنیاتی کو رێ لبەرزانا ئو خویندەڤانێت کوڤارێ ئو هەمی خەمخور و خەمهەلگریت کولتوورێ کوردی زێدەبار تۆرڤانێت کورد ڤەکەم داکو هەرئێك بیر و ڕاییت خو لسەر وێ چەندێ هەر ئێك لدوی زانینا خو دیاربکەن . بەلێ من ناڤێ سەیدایێ خانیێ نەمر بگومانڤە ئینا نەکو بپشتراستی هەر وەکی دریژا شەشێدا من گۆتی : من ئەو دەست نڤیسارا « لەیل و مەجنونێ » لبازێرێ دهوکێ لنك سەیدایێ شێخ مەمدوح بریفکانی دیت ، من هندەك ژسەرێ وێ ، دگەل ئەگەرا نڤیسین یان دانانا وێ دگەل چەندەکێ ژدویماهیا وێ ژی لنك خو نڤیسی . بەلێ من چو ژێ بەلاف نەکر ، چکو بزمانێ کوردییە . هەر وەسا ژبو زانینا دویماهیا بزاڤا ئەکادیمیا کوردی دگەل خودانێ وێ دکەت کو پێك بێن ، ژبو لدوی چۆن و دیارکرنا ڕاستیاوێ ئو پاشی چاپکرنا وێ دەست نڤیسارێ لدوی دارخازا خودانێ وێ . تشتێ ئانکو ئەگەرا توی دمن داین کو ئەز ناڤێ سەیدایێ خانی بکەمە دمانشێتێدا ئەڤ ئەگەرەنە یێت خارێ بون .

١ ـ ئەڤ سەرێ دەستنڤیسارێ بو یاکو بڤان چەند ڕێزکان دەست پێ دکەت :« ئەین داستانی لەیل و مەجنونەست ئەز زبانی عذب البیان شیخ ئەحمەدێ خانی الفه سنه (١١٠٧) هـ » . بعد تاریخ تألیف مەم و زین بسنتین . نڤیسەڤانێ دەست نڤیسارێ عبدالقادر یەك گوش ١٩٥٠م .

٢ ـ هەروەکی من دوی گۆتارێدا نڤیسی ئەز نهو ژی دبێژم و دنڤیسم بیرو ڕاییت خو لسەر وێ چەندێ ، هندی بێژی ددارێژتن و هەتا ڕادەکێ ژی درامان و پەژن و لێك ئینان و کێشێدا وەکی مەم و زینیا خانی ئو یوسف و زولەیخا بناڤێ ئەحمەدێ خانی ژلایێ هندە زاناڤە تێتە بناڤ کرنێ .

بەلێ لسەر وان گوتنێت دسەرێ دەست نڤیسارێدا و نێزیکێ ئو وەکی ئێکیا تێتەچاڤ ژی ، دیسا ئەزێ بگوماتبوم ، زێدەبار بگوهـ من کەفتبو کو یا حارث تبلیسی یە . هەر ژبەر هندێ ئانکو ژبو پشتراستیێ من نامەك بو سەیدایێ ناڤدار پروفیسور قەناتی کوردو هنارت . من کتێبا لەیل و مەجنونا حارث تبلیسی ژێ خاست . ژکەرەما خو ، ئەو کتێبت بو من هنارت . پاشی من بەرێ خودایێ ، ئەز دێ ڤان بیرو ڕاییت ژێری پاشی هەڤبەرکرنێ لبەر چاڤێت خویندەڤانێت هاوکاری دانم .

١ ـ کتێب یا گەهشتیە دەستێ من بناڤێ « حارث بیطلسی کتاب لیلی و مجنون » .

٢ ـ بناڤێ کورد زانا بناڤ و دەنگ دکەڤنە شوینەوارێت کوردیدا م.ب. ڕودێنکویە ئو لسالا (١٩٦٥)ێ لموسکو هاتیە چاپکرن .

٣ ـ فوتوکوپییێ دەستنڤیسارێ هەمی تێدایە ، ژلایێ ڕاستێیە ژکتێبێ وەکی کتێبێت عەرەبی . ژلایێ چەپێڤە دیارە کورتەك لسەر نڤیسەڤانێ ئو دەست نڤیسارێیە ، وەکی دەست نڤیسارێت کۆمەڤێن ژئەلیکسەندەر . د. ژابایە پاشێ ڕاڤا وێ بزمانێ روسییە .

٤ ـ داستان پرێتییە ژ (٧٤٠) مالکان و بڤی سەرتایێ دەسپێ دکەت :

هذا کتاب لیلی مجنون بسم الله الرحمن الرحیم وبه نستعین . نەکو وەکی دەست نڤیسارا من لنك سەیدایێ شێخ مەمدوحی دیتییە کو ئەبین داستانی لیل و مجنونست ئەز زبانی عذب البیان شیخ احمدێ خانی .. پاش دەست نڤیسار و کتێبا لیلی مجنون یا فوتوکوپییێ وێ براڤەڤە بوزمانێ روسی سالا (١٩٦٥)ێ م. ب. ڕودێنکو بەلاڤکری بڤان مالکێت لێك ئینایی دەسپێ دکەن .

فهرست کتاب ناڤ معبود — قیوم و قدیم وحی وموجود
بێ شبیه و مثال و عدل و خالق — سازندنی ممکنات و فائق
بی اول وآخر و عظیمی — وهاب و کریم هم رحیمی

ئەڤ هەر سێ مالکێت ژۆری دهەر دو دەست نڤیسارادا وەکی ئێکن پاشی من هەڤبەری ئێك کرین . هەر وەسا ئەو مالکێت من ژ ئەگەرا دانانا داستانێ ژ دەست نڤیسارا سەیدایێ شێخ مەمدوح نڤیسین ئەڤ مالکێت ژێری نە کو ژبلی بێژەیا (بەیان) دسەرێ مالکایەکێ کو دکتێبا لیلی و مجنون یا م. ب. ڕودێنکو دا نینە ددەست نڤیسارا سەیدا مەمدوحدایە ، ئەوێت مایی وەکی ئێکن بێ جودایی :

بیان سببی تالیف کتابی و — آغازی سر لوحی خطابی
روژك کو بهار عالم آرا — اطلس کربو لباغ و صحرا

بەلێ مالکێت پاشی وان دداستانێدا چو ژهەر دووان وەکی ئێك نینن ، ژبو ڕوهنکرنا وێ جودایێ من وەسا بباشی زانی کو مالکێت من ژدەست نڤسارا شێخ مەمدوحی نڤیسین دگەل مالکێت دکتێبا ڕودێنکو چاپکری هەڤبەری ئێك بکەم : مالکێت ددەست نڤیسارا شێخ مەمدوحی ئەڤەنە :

راگرتم برخو ئەڤ مطالان — پامالی کرم غم و خیالان
ناگاهی مەدی دورك کو شابو — شمسك ژدزیڤە منجلا بو
روژا فلکی کمالی عرفان — بگزارئی ئالی عبدولا خان
صورت ملکی فرشته سیرت — بر حبسی و دلی فلك دحیرت

بەلێ کتێبا لیلی و مجنون یا م. ب. ڕودێنکو بناڤێ حارث بیکلیسی سالا (١٩٦٥)ێ لموسکو چاپکری ، دبەرپەرێ (١٠)ێدا کو. ژمالکا (٨٥)ێ دەسپێ دکەت بڤی رەنگییە :

مابین هوا ببوی عنبر — بامسك و عبیر و بو برابر
غبرا حمی بووکان عطار — عوری کرما الهیه مطار
شبم لووی کلی دباری — قطره قطره وەکی مراری
توری جبلی بوکای عنبر — دگرت دنی ژ عنبرا تر

کو ژهەڤبەرکرنا (بەرانبەرکرنا) وان مالکان بو خویندەڤانی دیار و خویادبیت کو چووەکی ئێکی دناڤبەرا وان هەر دو تێکستادا نینە ، هەروەسا ژی درامان و پەژناندا . ددویماهیێ ژیدا هەر وەکی بومن دیار بویی جودایی ئەشکەرایە ژبو ڕوهنکرنێ دێ دیسا دویماهیێت دەست نڤیسارا شێخ مەمدوحی یاکو من نڤیسی هەڤبەرێ کتێبا م.ب. ڕودێنکو کەم . دەست نڤیسارا شێخ مەمدوحی بڤان مالکان بدویماهی تێت هەر وەکی من دکوڤارا رۆژا کوردستانێدا بەلاڤکری :

ئومێد ژهیئەتی لئالی — رویی خو بیان دمالی
یەك سال وەهە مالوی ئەوی ژار — ئەفغان بروژێ کرو شەڤی تار
آخر کو روحا وی چو بغەمگین — بەرجانی لەیلی گرته تەدقین

بەلێ دویماهیا کتێبا لیلی ومجنون یا م. ب. ڕودێنکو بناڤێ حارث بیکلیسی چاپکری بڤان مالکان دهێت :

دیتن بنیای عشق ظاهر — اقرار کرن بلفظ و خاطر
القصه لهدمو ندیمان — شەرمندە بوین حمی پشیمان
مجنون جنازی نکاری — دانینە محافیا مەزاری

هذا کتاب لیل مجنون لاصل الحاجی فیروز افندی غفرالله له ولنا آمین یامعین .

صادق بهاءالدین

دویماهی هەیە

ئەمرو هەڤالێن بەرپەڕی

خویندەڤانین هێژا !

ژمێژ وەرە من چ گوتار بەنڤیسینە ... ژمێژە هەوە چ تشتێن من نەخویندینە وەلێ ئەز دگەل هەوە بوم من ئاگەهە ژهەوە هەبو کانێ هوین بچ حالن .

وەلێ دیارەو یابەلیە کو دڤێت ئەم هەر دگوهێ هەوەدا بانگ دەین ، دڤێ ئەم هەر بێژینە هەوە دێ ... دێ بنڤێسن ژبەر ڤی تشتیو یێ هە هەکە هوین نە نڤێسن دێ هولێ هێت ـ هتد .

دسەرڤێ هەمی یێ ڕا ، ئەڤە نێزیکی دوو سالانە ئەم بڤێ شەرەنیخێڤە . پشتی ڤێ چەندێ ئێك دێ گوتارەکێ نڤێسیتیت و وەکی بەرێ بنێ بیرێ ئیدی دیار نابیت ..

ئان دێ هوزانەکی هنێریت هەمی یاخەلەت و لەنگ ، وەلێ مە هەر تشتەیێن بەلاف کرین مە هەر ناڤێ وان کەسایێ ئینای ئەڤێ دکارن بنڤێسین وەلێ ئەوان هەریاخو گران کری ... یاژوان ڤە هەکە نڤیسی ئەم دێ قازانجێ ژێ وەرگرین .. وەیە ئەم دێ بخو ژێ وەرگرین وەلێ نەوەسایە هەچکو هندەك هزر دکەن .

ژبەر هندێ من نەڤێت بێژمە وە بنڤێسن چنکو ئەز دبێم و هوین ژی دزانن یالسەر مە مەکر یاپێدڤی کرنێ مە . بجه ئینا ڤێجا هەکە نەکەن ئەو کارەکێ دییە .

ئەز دبێم چ جارا وەکی ڤێ جارێ چ دەلیقە بو خویندەڤانێن کرمانج نەهەلکەفتی نە ڤێجا بو ئەم سودێ بخو ژێ وەرناگرین ... ماهەتا کەنگی ئەم دێ دهوبین ..

روژەك دێ هێت ئەم ئاحینکا لهاوکارێ ڕاهێلین ... وێ روژێ هەکو ئەمدچینە بەردەرێ روژنامەکێو هیڤیا ژێ دکەین داگوتارا مە بەلاڤ بکەن پشتی دبێژنە مە بکێرناهێن چنکو ئەم ڤی زاراڤی نزانن بخوینین ... ڤێ روژێ دێ پێشیەمان بین وەلێ ئیدی بوچییە ئەڤ تشتە دیاردکەت کو ئەم نەیێن کاری نە .... کارێ مە چاڤ لێ کرنە .. دێ چەند گوتارەکا نڤێسین . پشتی هینگێ دێ ڕاوستین هەکە ئەم دهو نەباین ... هەکە ئەم وەکی خەلکێ باین نهو بدەهان بەرپەڕێن پێنجێ هەبان ، نەکو لهاوکارێ بتنێ بەلکی لکێژ روژناما کوردی با .

مەتەلەکا کوردی یاهەی دبێژن (دڤێ ئێك لبەر مومێ بیت داموم لبەر مالێ بیت) .

دڤێ ئەم هەر دگەل خویندەڤانان بین دابنڤێسن ... بلا ئەڤە کارەکێ گەلە پیروزە وەلێ مانەڤێن ئەم فێربین .... باشەسوبەهی ئەم چوینهاوکاری نەما ... ڤی دەمی ئیدی دڤێت کەس نەنڤێسین ... ماهوسا باشە ...

ئەز یێ لوێ باوەرێ یێن هەین شوینا مە بگرن وەلێ ئەڤەنە گەلە دکێمن ، گوتنا من نە لسەر هندێیە ،کو ئەم ژهەمیا شەهرەزاترین .. بهزاران شەهرەزا یێن هەین وەلێ هەکە کارنەکەن مائەو شەهرەزایی بو چییە ..

مەدڤیا دەمێ ئەم پێدڤی بین بهزاران قەلەمێن قەلەم تڤەنگا هاتبانە ئاڤ قادا نڤێسینێ . مەدڤیا خوها ڤان سالا بێ بها نەچبا .. ئەوێن مە ئومێد پێ کو سوبەهی دێ ببە سەرگێرێن نڤێسینا کوردی ، ئەڤێن جهێ باوەرێ کو سوبەهی دێ ببنە شەهسوارێن روژنامەگەریا کوردی ئەڤەنە ژی یێ پشت و پشت دچن .. سەرێ نەساخیێ یێ گەهشتییە وان ژی ..

ژڤێ زێدەتر ئەز نکارم بێژم چنکو مە گەنە واگوتیو ڤەجوی ئەزدبێم یێزانا بیت جارەکێ بەسە مروڤ تشتەکی بێژیتو روژێن داهاتی دێ ڕاستییا گوتنا من دیاربیت .

ـ عبدالرحمن نقشبندی ـ

برایێ مەیێ نە ئاخڤێت

من بوتە خاند

چاوا دناڤ عێلو کومبن مروڤادا ڤیان و دل رەشی شەرو دوستایەتی هەیە ، وەسا ژی دناڤ جڤاتێن دەهبادا ژی دلرەشی و سلبونو ڤیان بین هەیە .. ئەڤ تشتە باهرا پتر یێن دناڤ رێزو رەوشتێن مەیمونیکادا ، چنکو مەیمونیك نێزیکترین دەهبەیە بو مروڤی و گەلە کارو بزاڤێن وان وەکی یێن مروڤینە . ژیانا وان یالوی جهی ئەڤێ بێمروڤ ، یێ بدەحل و بپش ، جهێ موزو ئاگویزێن هندێ لێ .. بێگومان بڤێ چەندێ بومە دیار دبیت کو مەیمونەك (لقارێ) ئەفریقی دمشەنە .. دگەل فارێن دی وەکی ئەمریکای وئاسیای .. هەروەسا هزرو بیرێن وان جهێ جریسەتێیە .. چنکو بگەلە تشتا وەکی مروڤییەو ڤێ چەندێ زانایێ مەزن (داروین) پالدا بو هندێ کو بێژیت بنیاتێ مروڤی ژمەیمونێکێ بویە . هەروەسا گەلەزا ناو شەهرەزایێن دی کێبێن دانایێن لسەر ڤێ چەندێو بسالا یێن کەفتینە بیشا بو هندی دازیارا وێ روهنو خویا بکەن .

ئەڤ سەرهاتییە ژزاردەڤێ ئێك ژوان شەهرەزایانە .. دبێژیت : جارەکێ من بەرێ خوددا رەڤدەکا مەیمونیکا کانێ جەوا دژین .. دناڤ وێ رەڤدێدا مەیمونەکێ بێچارە هەبوو هەر یاڤەمای بو ژهەڤالێن خوو لدویری وان دروینشت . جارجار ژی هندە مەیمونێکدا بەزێو دادانە سەرێ وێ بتەپو مسا .. هەرجار ژی ڤێمەیمونێکا بێچارە بەرێ خوددا سەروکێ ڕەڤدێ .. (هەر ڕەڤدەکێ سەروکەکێ هەیەو ئەڤێ ژهەمیا بزاختر ئەو دبینە سەروك) . ئەڤ مەزنە ناهێلیت شەر بێنەکرنو بەرەڤانیێ ژێن بێچارە دکەت . بەلێ بەرەڤانی ژمەیمونیکا بێچارە نەدکر .. ژبەر هندێ گەلە کەربین وێ ژێ ڤەدبون .

روژەکێ سپێدێ زوی مەیمونیکا بێچارە ڕابوو هاتو چوو ڕهێت ناڤ چاڤێن وێ بلند بون ژکەربا . وەسا یادیاربو یالشەرەکێ دگەریێت . سەروکێ بەرێ خودایێ کەربێن وی گەلە ژێ ڤەبونو قەستا مەیمونکێ کر .. مەیمونیکا بێچارە ژی بەزی وان تەنەکا ئەڤێن لوێرێو دوو ژێ هەلگرتن .. هندە بەر کرنە تێداو قەستا شەڕی کر .

دەمێ سەروك نێزك بوی تەنەکەك ڕاکرو نشکا سەرێ ویدا ، بێگومان بەر یێن تەنەکەیدا ، دەنگێ تڤەنگەکێ ژێ هاتو ئەو گەلی تڕی دەنگ کر .

دەمێ مەیمونیکا ئەڤ دەنگە گولێ بوی ڕەڤ کەتییو بسەرکدا چونو سەروکی ژی دەست برەڤێ کرو مەیمونکێ بەردا بدویڤڤەو هەرجار یاوان تەنەکا لێك ددەتو یێن دی یێن درەڤن .. بەری نهو کەسێ ژوان ئەڤ چەکە بکار نەئینایە ژبەر هندێ ئەڤ مەیمونیکەبو سەروکێ ڕەڤدێ ئەڤە گافەکبو ژژیانا ڕەڤدەکێ . ڤێجا تو باوەر دکەی کو مروڤ ژمەیمونکێ یێ درستبوی .. ئان نە .. !!

چەپەر

کوردەکا ئاریای

فارس عبدالله حمو

دهێتەگوتن .. مالەکێ ژنو مێرەك تێدابون ، هەمی گاڤ دپڕ خوشی ئو کەیف بون ، دچاڤ ڤەکریبون ،ئو دنان دەهـ گەلەك دجوامێر و سەخیبون ، دگەل دەورەو جیراناد قەنج بون ، خودێ ڕۆژ بروژ بناڤودەنگ ئێخستن ، ئو کەرەم لگەل کر کوڕوکێنژەك دانێ ، ناڤێ کوڕی کرە (ئازاد) ئو ناڤێ کچێ کرە (عەیشان) ئەڤ هەردو زاروکە تازە وبنیاداری بخودانگرن ، بخوها ئەنیا خو بکەفا دەستێتخو ، ڤان هەردو بچیکا گەلەك ئێکودو دڤیا ، بێهنا وان بێی ئێکودو نەدهات ، ژیێ وان گەهشتە (١٤ـ١٥) سالییێ بابێوان ئەمرێ خودێ کر ، دەیکاوان ژنەکا بەرکەفتیبو ، ژنا بەر مالومەزەلابو ، سەروبەرێ مالاخو ژ بەرێ چێتر بڕێڤەبر ، هەروەچکو بابێ وان یێ ساخ ، پاشی چەند سالەکا دەیکا وانژی مر ، زنوی هەردو تفال بونە ئێتیم پشتی مرنا دەیکاوان .. بونە ئێتیم ئو سێوی ، بەلێ هەردو مەزن ببون ، گەهشتنە دەمێ شوو ئوژن ئینانێ .

دگەل وێ چەندێ هندەك ئاستەنگ کەتنە درێکا ژینا واندا . ئازادی دبەر جوتیارا سەچەمو جنیکو بیستانادکر ، هەر چەند ئازاد جوتیارەکێ چاکبو .. ڕێنجبەرەکێ باش ژی چێببو ئو بابێخو چوبە دەرێ .

ئازاد مروڤەکێ ڕێنجبەربو گەلەك کەیفا خەلکێ ئو جیرانا پێدهات وەکی دبێژن :شولکەرێ خوبە .. خوشتڤییێ خەلکێبە . پاشی کو جوخیناخو هەلاندی بو دەمێ ڕێنجبەرێ لناڤ جنیکێ ، خویشکا وی زی دا سەروبەرێ مالاخو کەت ئو فراڤینا برایێخو بەتە ناڤ شولی ، ئو دا ملێ خو ددتە ملێوی دا شولکەت هاری جەتا ئێڤاری ، دا ڤێکرا زڤرنە ڤەمال .

ئازاد سپێدەیەکێ ژمان دەرکەفت قەستا ناڤ جنیکێ کر وەکی هەمی ڕوژا ، ئاغای بشەڤ ئەکبیرا کوشتنا وی دگەل دەستەکا خولامێتخو کربو ، ڕوژا پاشتر دگەل سپێدێ خولامێت ئاغای بوصە لبەر ئازادی دانا درێکا جنیکێدا

دەما ئازاد گەهشتیە بەرزدەرێ تفەنگێت هەردوخولاما ، پێکڤە هەردو کا جوتکەکێ گولا بەرداناڤ ملێت ئازادی .. ئازاد لئاخێدا ئو دخویناخو گەڤزی ، خولاما طەرمێ ی هێلا ئو زڤرینەناڤ ئاغای داجابا کوشتنا ئازادی بگەهینێ ، دەما خولاما مزگینیا مرنا ئازادی دایە ئاغایێخو ، کەیفا ئاغای گەلەك بخولامێت وی هات هەرێکێ (ڕەختەکێ تژی فیشەك) خەلات داینێ .

دەما خویشك گەهشتیە سەر طەرمێ برای بخوێدادا ، ئو ڕوینشتە پال سەرێ برای سەرێ وی ڕاکرە سەر چوکێخو دیت خوینێ دبەر چچکێ وی هەلاڤێت .. ئازادی چاڤێت خوزل کرن بتێژی ڕوندك ڤەو بەرێخودا خویشکێ .. ڕوندکەك ژ چاڤا هاتەخارێ ئو چاڤێت خو دانانەسەرێك .. ئێدێ نە ڤەکەرن عەیشانێ بەرێخودایێ گوتان ئو پرچ هەلکێشان ئو یێ گوتن یاژخویە .. بەرەك کێشا بن سەرێ برای ئو قەستا گوندیکر ، هێسترەك دگەبن هندەك خێرخازا ئینان ، برا کرە دناڤ بەندەکێت چولیدا ئو برە ناڤ زیارەتا قەشارت عەیشان ما بتنێ زنوی و ئێتیم و سێوی .

وێ زێرەڤانی لهاتنوچونێت ئاغای گرت ، بخو لدەلیڤەکێ گەڕیا کو بێ بگەهیتە ئاغای دا تولا برای ژێڤەکەت .

ئێڤاریەکێ زانی کو ئاغادێ سوبەهی چیتە ناڤ چەمێخو . چەمێ ئاغای سێ سەعەتا یێ ژ گوندی دویرە ، بەری سپێدێ عەیشان ڕابو سەرخو ، جلکێت برایێخو کرنە بەرخو ، ڕەختێ

بروانە ل ـ٧ـ

ڕوژەکێ ئازادی هزریت خو کرن ئو گوت : بوچی ئاغا هەرسال دێ بێدەریتەبێڤیت ؟

نە ئاخاویە .. نە جونیویە .. نە طوڤیویە ، ما ئو گوت: یان ئەز ڤی جانی دێ فوربانی کاپووا ئاغای کەم .. یان ژی دێ بەلا وی ژ خوڤەکەم .

سالا بەریف دیماهیك بو ، چاخێ بێدەرا ڕاکرنێ .. شانێت ئاغای هاتنە سەربێدەرا ، کت ـ کت دێ بێدەرا پیڤن ئو کاپووا ئاغای ژێڕاکەن ، گەر گەهشتە بێدەرا ئازادی .. ئازادی گوتە شانا خوژ بێدەرا من بدەنە پاش ، شانا خوداپاش ، بەلێ گوتێ : تودێ پەشیمان بی .. ئازادی بەرسڤا واندا ئو گوت : بلا ئەز پێشیمان بم .. شانە چونە سەر بێدەرێت دی هەمی پیڤان ئو کاپو ژێڕاکر ، کرنە جوهالێت خودانێت بێدەرا ئو لدەوارێت وانکر ئو برن هاڤێتنە دەرێ قەسرا ئاغای ، ئێڤاری هەمی لکوچکا ئاغای خڕبون وەکی هەرجارا ، ئاغای هنارتە دویف شانا ئو پسیار ژێکرن ، کا کێ کازندە کرنە ئو کێ بدل خوشی کاپودایە .. ئو بێدەر بهاتنبون یان .. نە .. دەخل یێ یێگرە یێ پاقژە .. یان یێ بداسی ئو زیوانە .. خولامەکی لبنێ دیوانێ ڕابو ژ پێژڤە ئو دەستێتخو دانانە سەر سینگێ خو ئو خو لبەر ئاغای چەماند .. ئو گوت : حالو مەعجەزاتێت ئازادی ئەڤەبون .. دەما ئاغای گوهـ لێبوی ، ڕهێت نافچاڤێت وی تێکچون ئو گوت : ئەزێ بخوشی ئو گیان نەڤروکە پیسەکێ گوڕی نێتیمەکێ پاتەخور ، کو بکویتا مەزنبوی بەرامبەری من ڕابیت دڤێت دفناوی بهێتە شکاندن ، دا کەسێدی چاڤ لێنەکەت ، دیارە ئەو گەلەك یێ ژ پێخو

ژرەوشتێت مللەتی

نڤیسینا : ع . نقشبندی

ژرەوشتێت مللەتی ژ یارێت بهارو پاویزو هاڤینا دکەن لناڤ جهێ کوردا سێ گاڤانێیەو زێدە گاڤانێ ، دهێتەکرز دەمێ تولازو جەحێل دچنە سێران گەها لدەرڤەی گوندی وشارا ، ئان دەمێ بێشولوێت ژ کاروکەسپی دهێنەمال ،لڤێ یارێ نابنە دو بر ـ کەرت ، یاریە کائازایەو یابەردای ، هەرکەسەك بخودکەت کەس ناچیتە دگەن کەسێ و کەس ژ کەسێ نینە ، دێ جەحیل بخو پیفکەکی دانن لزەفیەکێ ، ئان لجهەکێ ڕاست ، و دێ خودەنەپاش و دێ غاردەن پیەکێخو داننە سەر پیفکێ و دێ ئێك گاڤ خو هاڤێت ،دێ پەحنیا خو نیشان دیارکەت ، و یێ دی دێ لدیفوی خوهاڤێت ،کا دێ کێم تر ئان زێدەتر خو هاڤێت ئەوژی دێ جهێ (پەحنیا) یێخو نیشان کەت ، هەرئێك سێ جارا خودهاڤێت هەکە بوڤەف گەڕاوی ، یێ ژهەمیا زێدەتر خودهاڤێت دێ بیتە بەراهی و یێت دی دێ مبنە لدیماهییێ سێ گاڤانێ ژی هەر وەسا بەلێ دەمێ پێ خود دانیتەسەر پیفکێ و دێ گاڤاخە ڕانیت و گاڤادی ژی و یا دی ژی پاشی یا دیماهیکێ دێخوبجوتك هاڤێت کا دێ چەند چیت دێ جهێ پەحنیێت خو نیشان کەت ، و یێ لدیفوی دێخو هاڤێت کا دێ زیدەکەت ئان دێ کێمتر خوهاڤێت ، هندی لوێرێ دێ خوهاڤێن حەتا ئێك دیاردبیت کو خو ژ هەمیا پتر دهاڤێت ژ نیشانا یێ بەری خو .

Institut kurde de Paris

مەکسیم گۆرکی و ریالیزمی سۆشیالیست

أ. ف. لۆگارسکی لە کتێبی ـ مەکسیم گۆرکی ـ دا بایەخێکی زۆر بە دەوری گۆرکی دەدات بە نیسبەت ئەدەبی ریالیزمی سۆشیالستو بە دامەزرێنەری راستەقینەی ریالیزمی سوشیالستی دادەنێت .. ئەم قوتابخانە هونەریە لە دوو رووەوە بایەخی پێدەدرێت .. رووی یەکەمی: رەخنەی ریالیزمی .. دووەمیان: ریالیزمی شۆرشگێڕیە یە .. ئەم نووسەرە بەتوانای داهێنەرانەی خۆی توانیویەتی ئەم دوانە لە کۆمەڵی یەکەمی چیرۆکەکانی دیاری بکات و بۆمان دەست نیشان بکاکەمەبەست لە ریالیزمی سوشیالست لەچەرخی نۆزدەهەمدا چیەو چی‌بووە .. ئەمیش بە خستنە رووی ناکۆکی نێوانی خاوەن مولکە درندەکان و هەستی مرۆڤایەتی چینی هەژاران کە لەلایەن خاوەن مولکەکانەوە دەچەوسێنرانەوە .. گۆرکی و تۆلستۆی هەریەکە بە جۆرێ باوەڕیان بە مرۆڤ و چۆنیەتی هێنانەکایەوەی بەختیاری و کامەرانی مرۆڤ هەبوو .. بە باوەڕی گۆرکی مرۆڤ بەهێزی خۆی و توانای عەقلی دەتوانێ ئەم جیهانە لەبنەڕەتەوە بگۆڕێت و هۆیەکانی بەرهەم هێنان بەلای سوودی ئادەمیزاد بشکێنێتەوە .. بۆ ئەم مەبەستەش توانیویەتی چەند رایەکی جیاجیای توانای مرۆڤ و رێبازگەی ئەدەبیمان بخاتە بەرچاو لەمانە رێبازگەی نوێ و رێبازگەی ئەدەبی ریفینیزیزمی ـ دیکادنس ـ هەروەها رای چەند ئەدیب و نووسەرێکی پێشکەوتووی ئاوروپایی خستینە بەرچاو .. توانای داهێنەرانەی گۆرکی وای کرد کە لەناو ئەو هەموو رایانەدا سەرچاوەی بنچینەیی بدۆزێتەوە کە کۆمەڵگایە ..

بەلام تولستوی دەی‌ویست بەهۆی توانا خواوەندانەکەیەوە بگاتە مەبەستی خۆی و مرۆڤ بە کامەرانی شادکات .. لەراستیدا چ گۆرکی و چ تۆلستۆی بایەخێکی گەورەیان بە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی داوە ئەم پێشکەوتنەش لەناخی مرۆڤ خۆیەوە دەست‌پێدەکات .. بەلام باوەڕی تۆلستۆی وابووە کە گوێنەدانی مرۆڤ بە خەلکی دەورووپشتی دەگەڕێتەوە بۆ رەوشتی مرۆڤەکە خۆی و رزگار بوونی لەم گوێنەدانە بەهۆشیارکردنەوەی ویژدان و بوژانەوەی دەبێت سەرلەنوێ .. بەلام گۆرکی دەی‌ووت ئەم رزگار بوونە

وەرگێڕانی: أ.ب

پێویستی بە گۆڕانێکی بەرەڕەتی هەیە .. ئەویش بە بەرپاکردنی شۆڕشێکی کۆمەلایەتی لە ژیانی ئەو کەسانەدا کە گیانی خۆپەرستیان هەیە .. ئەم رایەی گۆرکیش بە یەکێک لە تایبەتیەکانی ریالیزمی ئەدەبی دەژمێردرێت ..

تولستوی رایەکانی خۆی لە نێوانی چینی سەرەوەدا بلاو دەکردەوە هەروەکو لە چیرۆکی (ژیانەوە)دا زۆر بەئاشکرا دیاردەکەوێت کە ئەمیر (نیخلیودیف) کارێکی بەدخوو ناڕەوای لەگەل نۆکەرەکەیدا دەکات و پاشماوەیەک پەشیمانی خۆی دەردەبڕێت و دەیەوێ هەلەکەی‌خۆی راست‌بکاتەوە.. بەلام گۆرکی وەکو ئەدیبێکی شۆڕشگێر باوەڕی بە خەیالات نەبوو چونکە هیچ سوودێک بەمرۆڤ ناگەیەنی، کەچی تۆلستۆی تادوا هەناسەی لەسەرئەم رایەی خۆی نەهاتە خوارەوە .. گۆرکی باوەڕێکی تەواوی بە شۆرش هەبوو بەرهەمەکانی لەگەل ئازارو ئەشکەنجەی چینی خوارەوە دەژیا بەپێچەوانەی تولستوی کە خۆی بۆ چینی سەرەوە هەلدەکوتاو کینەبەریەکی زۆری لەگەل چینی خوارەوە دەکرد، ئەو چینەی کە مەلبەندی باوەڕی گورکی بوو .. وە توانای گۆڕینی بنەڕەتی جیهانیان هەیە .. ئەو چینەی کە سەرکردایەتی کرێکاران مەرجی سەرەکیەتی بۆ گۆڕینی ئەم واقیعە تاڵە دواکەوتووە بە واقیعێکی پێشکەوتووترئەویش گەیشتنە بە قۆناغی سوشیالستی ئینجا ...

نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە بەرهەمەکانی گۆرکی بە قۆناغی هۆنەری رۆمانسیدا رۆیشتووە، سەرەتای ئەم رۆمانسیەتەش لەبەرهەمەکانیدا دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی نۆزدەهەم .. ئەم رۆمانسیەتەش لەوە دیارە کە رکوکینەیەکی زۆری لە خاوەن مولکەکانەوە باوەڕێکی تەواویشی بەدوارۆژ هەیە .. گیانی شۆڕشگێرێتی لە بەرهەمەکانیدا رەنگ دەداتەوە کە عاشقێکی بێپایانی شورش و بزوتنەوەی پێشکەوتووخوازە ئەم عەشقەشی لە شیعری (گۆرانی لە بوریفیسنک)دا ئاشکرایە ئەم‌گیانە شۆڕشگێری وردە بەرزدەبێتەوەو بەرەو شۆرشی (١٨٤٨)ی فەرەنساو کۆمۆنی پاریس پێش‌دەکەوێت.

سەرباری ریالیزم گۆرکی بایەخێکی زۆری بە زەخرەفەی رۆمانسی داوە خۆشی لەنامەیەکی بۆ (چیخۆف) لەسالی ١٩٠٠دا دان بەمە دەنێت هەروەها لە چیروکی (خوێندەوار) زۆر بەئاشکرا دیارە .. بەلام لەسالی ١٩٠٢دا بەرپەرچی زەخرەفەی ریالیزمی بووەو وتویەتی: دەبێ ریالیزم بە روخساری راستەقینەی خۆی بخرێتەروو، هەروەها نابێت ئەو دەورە گرنگەشمان لەیاد بچێت کە قوتابخانەی رۆمانسی پێشکەوتوو گێراویەتی ئەویش لە بەجێ هێنانی ئەرکی پیرۆزی خۆی کە نەک تەنها پروپاگەندەی بلاوکردنەوەی باوەڕی سەربەستی بەلکو مەشخەلی ئاگرێکی بەردەوام تاکو گۆڕینێکی بنەڕەتی لە جیهان بکرا .. وە پالەوانەکانی چیرۆکی ـ دایک ـی مەکسیم گۆرکی نموونەی ئەو کەسانەن کە رەورەوەی مێژووی جیهان دەگۆڕن .. ئەمانەن لە پالەوانیتی ـ بافل فلاسون ـ و براکانی دیار دەکەوێت کە نموونەی خەباتی چینی کرێکارانی روسیا بوون بۆ گۆڕینی باری سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری لە روسیادا ...

لەراستیدا ریالیزمی سوشیالست نەگەل رومانسیەت و رەخنەی ریالیزمی لە زۆر شتا یەکتریان دەگرتەوەو تێکەلاوی یەک دەبوون .. ئەم تێکەلاویەش بووە هۆی داهێنانی قوتابخانەیەکی ئەدەبی نوێ کە گۆرکی سەرکردەکەی بوو. بەپێی سەردەمی ئەوکاتە گورکی نووسەری پرولیتاریا بە دانەری رێبازگەی هونەری ریالیزمی دەژمێردرێت .. وە دەورێکی بالای هەبووە لە پێش‌خستنی یەکەم قۆناغی ئەدەبی سوشیالستی نوێ ..

بڕوانە ل ـ٧ـ

قوتابی یەکی زیرەکی قوتابخانەی نالی یە

مەنفی

نووسینی: کەریم شارەزا

مەنفی ناوی مەلارەسووڵ کوڕی مەلا مەحموودی بێتووشی یە، لەسالی ١٨٥٠ی زایینی‌دا لەکۆیە لەدایک‌بووەو گوێی بە قاسپەی کەوانی چیای باواجی و هەیبەسولتان گۆش‌بووەو چاوی بەدیمەنە جوانەکانی باغی ئاشان و ئۆمەرخوچان کراوەتەوە.

مەلا مەحموودی باوکی بەمەلایەتی لەگوندی (بێتووش)ەوە هاتووەتە کۆیەو ولێ‌ی نیشتەجێ‌بووەو (خەجێ) ناوێکی لەبنەمالەی (حەمەدی رەسووڵ مامەش)ی هێناوەو مەلارەسوول و طیب افندی برای لێ‌بووە.

مەنفی خوێندنی سەرەتایی لەلای باوکی لەمزگەوتی منارە لەکۆیەدا وەرگرتووە وخوێندنی مەلایەتیشی هەر لەمزگەوتەکانی کۆیەدا تەواو کردووەو بووە بەمەلایەکی توانا. سەردەمێک دوکانی داناوەو بازرگانی کردووەو ماوەیێکیش باخەوانی و لەدواییدا سوختەخانەیێکی کردوتەوەو ژمارەیێکی زۆر لەنەوجەوانانی کۆیە زمانی فارسی و ئایین لەلای ئەو فێربوون.

لەسالی ١٩١٤دا لەسەردەمی عوسمانیەکاندا کراوە بە تەحصیلداری باجی قەزای کۆیە کە ئەوکاتە شەقلاوەشی بەسەرەوە بووە، وە بە هۆی ئەم فرمانەیەوە شارەزاییەکی باشی لەمولکەکانی (اوقاف)ی هەرێمی کۆیە پەیداکردووەو کراوە بە چاودێری مولکەکانی اوقافیش و لەگەل فرمانەکەی پێشوویدا هەردووکی بەچاکی هەلسووڕاندوون، بەزیرەکی و وریایی خۆی توانیویەتی مولکیەتی أوقاف باش زەبت بکات و لەنوێژەن تۆماری تایبەتی بۆ‌ڕێک‌بخات و تائێستاش ئەو تۆمارە گەورانەی لەمەڕ ئەو هەر لە ئەوقافی کۆیەدا ماون و کاریان پێدەکرێ و بوون بەسەرچاوەو دەستاوێژی پشت پێ‌بەستراو.

کاتێ کە کۆیە لەسەرەتای سالی ١٩١٩دا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە داگیرئەکرێ بەسەرکردایەتی (کابتن‌های)، مەنفی ئەکەن بە تەرجومانی تایبەتی ئۆردوگای خۆیان بۆ وەرگیرانی فەرمان و بروسکەی حاکمە سیاسیەکانی ئینگلیز لەفارسی‌یەوە بۆ کوردی و ئەوەی شیاوی باسیشە زوربەی سەرکردە ئینگلیزەکان فارسیان بەباشی دەزانی، وەمەنفیش دوای وەرگرتنی رەزامەندی حەماغای غەفووری حاکمی شار ئەوفرمانەی قبوول‌کردووەو وەرگێرانی هەموو جۆرە برووسکەو ئاگانامەی سیاسی و بازرگانی لەفارسی‌یەوە بۆ کوردی لەئەستۆی ئەودا بووە.

لەسالی ١٩٢٠ مەنفی داوای لەئینگلیزەکان کرد بۆ کردنەوەی قوتابخانە سەرەتایی‌یەداخراوەکەی کۆیە، ئەو قوتابخانەیەی کە لەسالی ١٩١٢دا ساختمانەکەی تەواو بوو بوو وبۆ ماوەی‌دووسال دەرزی تێدا خوێندرا بوو ولەگەل بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی سالی ١٩١٤دا خوێندنی تێدا وەستێنرا بوو وشوێنەکەی لەسەرەتای (احتلال)دا کرابوو بە فەقیرخانە.

ئینگلیزەکان گوتیان باشە ئەوە قوتابخانەکەمان کردەوە بەلام کوا مامۆستا لەکوێ بێنین؟ مەنفی گوتی: «من خۆم ئامادەم بۆ دەرزگوتنەوە بەبێ مووچە وچەند مامۆستایێکی تریش قایل دەکەم بۆ کردنی ئەم ئیشە بەم‌جۆرە قوتابخانە داخراوەکە کرایەوەومیلاکی بەم جۆرە بۆ رێکخرا:

١ ـ خواڵێخۆش‌بوو، مەلارەسوولی بێتووشی «مەنفی» بەڕێوەبەری قوتابخانەو مامۆستای ئەلف‌وبێ.

٢ ـ خواڵێخۆش‌بوو (مەلاحویز افندی قزچاغا) مامۆستای حیساب و جوغرافیاو فەلەکیات.

٣ ـ خواڵێخۆش‌بوو (عبدالرحمان شەرەف) مامۆستای عارەبی و کوردی.

٤ ـ خواڵێخۆش‌بوو (مەلاسەعدەکەرە) مامۆستای وانەی قورئان و ئایین. زمانی‌خوێندن لەو قوتابخانەیەدا تا ماوەی سێ مانگ فارسی بووولەدوایی‌دا بووبە کوردی لەوساوە واتا لە (١٩٢٠)ەوە تا ئەمرۆ زمانی خوێندن لەهەرێمی کۆیە هەر (کوردی)یە بەتایبەتی لەقۆناغی سەرەتایی‌دا.

مەنفی لەسالی ١٩٢١ لە تەمەنی حەفتاویەک سالی‌دا کۆچی دوایی کردو خواڵێخۆش بوو مامۆستا (عبدالرحمان شرف) لەجێگای ئەو کرا بە بەڕێوەبەری (قوتابخانەی سەرەتایی کۆیە).

مەلارەسوولی (مەنفی) لەگەل خواڵێخۆش‌بووان (مەلا صالحی بێتووشی) و (حاجی مەلارەسوولی بێتووشی ئامۆزازا بون وهەموویان لەکۆیە نیشتەجێ بوون و لەهەمان بنەماڵەی زانای ناوداری کورد (مەلاعەبدوللای بێتووشی)یە کە تا ئێستا مەرجەعێکی پشت پێ‌بەستراوی ئایینی‌یە لە ولاتانی (کوێت و أحساء)دا.

مەنفی لەگەل شیعرو ئەدەبیاتیشدا دەستی خەت‌خۆشی و هەلکەندن و کۆلێن و پزیشکیشی بووە، وە نرخ‌ڕێزێکی دیاری‌بووە لەلای خەلکی کۆیەو بەتایبەتی لەلای حەماغای غەفووری حاکمی شارو جەمیل ئاغای حەوێزی یاریدەدەری و مەلای گەورەی قازی شەرعی کۆیە.

مەنفی لەسەردەمی فەقێ‌یەتی‌یەوە دەستی بەهۆنینەوەی شیعر کردووەو پەیرەوی شاعیرە کلاسیکی‌یە کوردەکانی کردووە بە تایبەتی (نالی)، دەتوانم بلێم کە مەنفی قوتابی‌یەکی زیرەکی قوتابخانە شیعری‌ـ یەکەی (نالی) مەزنە.

هەرچەندە چوارزمانی بەباشی زانیوە واتا: (کوردی و فارسی و عەرەبی و تورکی) بەلام تەنها شیعری بە کوردی و فارسی داناوەو لەژیانی ئەدەبی‌دا سێ نازناوی بەکارهێناوە (مەنفی) و (رەسوولزەکی) و (بیتووشی زادە)، وەشیعرەکانی دەکرێن بەچوار بەشەوە:

١ ـ غەزەل ٢ ـ شێوەن ٣ ـ هەجووکاری ٤ ـ شیعری مناسەبات.

مەنفی لەغەزەلدا زۆر سەرکەوتووەو لەبەکارهێنانی وردەکاری وەک لێک چواندن و خواستن و دڕکەو جیناس بەتەواوی پەیرەوی مامۆستای شیعری (نالی) کردووە، هەروەک لەلای ناتەواوی و بێ‌توانایی بووە کە هەلبەستەکانی لەرەوانبێژی و بابەتەکانی پڕنەکاتەوە.

ئەگەر نەختێ سەرنج بدەینە ئەم هەلبەستەی خوارەوەی دەبینین لەگەل ئەو هەموو وردەکاریانەوە تامی دلداری و ئاوداری شیعری لێ‌نەبراوە کە زۆر لەشاعیرانی تر لە پێناوی وردەکاری‌دا گەلێ لەرەونەق و تام‌وبۆی هەلبەستەکەیان چواندووە، بەلام مەنفی لەشیعرەکانیا زۆر سوارچاکانە لەو مەیدانەی‌دا سەرکەوتووە، هەروەک ئەم هەلبەستەی‌دا کە بەشێوەیێکی غەزەلی بۆ کاک مستەفای هیرانی(١) داناوە وخۆی بەمریدێکی دلسۆزی زانیوەو دەلێ:

لە دووریت لالەڕوو لالەزەمانم
نەماوە تاقەتی نوتقو بەیانم
لەوەختی خەندە حەیرانم بەقوربان
لەبت یاقووتە یاقووتی رەوانم
غولامانت غولامانت دەهۆنن
مەکە خۆت پەنجە رەنجە جسم‌وجانم
لەسەرتاپا موقەیەد بووی بە کاکۆل
جەزات بێ دەفعەیی نەت بیست فیغانم
حەیاتم چاوەڕێی ئاوی حەیاتم
لەلێوت دەفعەیی تەرکە دەهانم
گلە ناکەم ئەگەر سەدجار ادەرکەی
گولی تۆ، من لەسەر رەنگی خەزانم
بەهارو پایزم کردۆتە هەم دەم
لەرەنگی زەردی ئەشکی ئەرغەوانم
لەبۆ بێزاری ئەلێم ئەی نووری دیدە
هەر ئەم دوو رۆژەیە لێت میهمانم
وەرە عومرێکی تازەم پێ‌عەتاکە
بلێ: عیسایی چارەم ئاسمانم
ئەوا ئیمانی پێ هێناوی (مەنفی)
بفەرموو مستەفای ئاخر زەمانم!

بێ‌گومان ئەم پارچە هەلبەستەی، وێنەیێکی دلداری بەتین و هونەرمەندی‌یە، بەلام چۆن دلداری‌یەک، دلداری و عەشقێکی تصوفی عەشقی گیانی مریدێکی ئیماندار بۆ شێخێکی خۆشەویستی وەک کاک‌مستەفای هیرانی (صافی) لەناوەرۆک و ماناداو زۆر جوان و رەوانە و لەرووخساریشدا بەگەلی جیناسی نایاب و وردەکاری وەک (لالە) و (لالە) کە یەکەمیان چرایەو دووەمیشیان (لالی‌زمان)ە وە (یاقووت) و (قووت) کەیەکەمیان بەردیکی بەنرخەودووەمیشیان خۆراکە(٢)، مەنفی شیعرەکەی بەم وردەکاری‌یانە‌رازاندۆتەوە ووالە خوێنەر دەکا کە بلێ ئەمە هۆنراوەی شاعیرێکی قوتابخانە غەزەلی‌یەکەی نالی‌یە.

مەنفی لە دانانی شیعری گالتەو گەپیش‌دا دەستێکی بالای بووە، هەروەک لەم پارچە شیعرە گەپاوی‌یەی‌دا بۆمان دەردەکەوێ کە بۆ دۆستێکی‌خۆشەویستی ناردووە لەوکاتەی کە بەچێشتی دولمە بانگی‌ـ کردووەو لەنان‌خواردن دواکەو‌توەوە ئەویش ئەم پارچەشیعرەی بۆ دەنووسێ و بۆی دەنێرێ کەدەگاتە دەستی و دەی‌خوێنێتەوە بەپەلە دەگاتە لای و بەیەکەوە نان ئەخۆن و ئەمەش بڕە شیعرەکەیەتی:

بڕوانە ل ٧

ئەم هونەرمەندە بناسە

ئامادەکردنی: احمد رەنجور

هونەرمەند قادر احمد محمد مەنمی، یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە لە کۆمەلەی هونەرو ویژەی کوردی ـ لقی سلیمانی ـدا ئەندامە. لە پێناو پێش‌خستنی هونەردا ئەم گفت‌وگۆیەمان لە گەلیا سازدا ..

پ: تا ئێستا لە کام شانۆگەری‌دا بەشداریت کردوە؟

و: شانۆگەریەکانی (گۆڕ هەلکەن) و (کاوەی ئاسنگەر) و (چاوی ڤێتنام) و دواجار لە شانۆگەری (پژمین)دا بەشداریم کردوە.

پ: باشە .. ئەی لەو شانۆگەریانەی کە بەشداریت تێدا کردوە، کام دەورت بینیوەو ئایا بە دلی خۆت هەلت‌بژاردون یان نا، بارێ سرنجی خۆت لەم مەسەلەیەدا چۆنە؟

و: دەوری (غەفووری حەمە گوێ براو)م لە شانۆگەری گۆڕ هەلکەن‌دا بینیوە، کە کابرایەکی تاوانبار بوو، لە شانۆگەری کاوەی ئاسنگەردا، دەوری یاساولی ئەژدەهاکم بینی، لە شانۆگەری چاوی ڤێتنامدا دەوری کابرایەکی (خاین)م بینی، لە شانۆگەری (پژمین)یشدا دەوری کاکەبۆر، کە کابرایەکی دز بوو .. بەراستی سەرتاپای ئەو دەورانەم بینیوە، بە دلم بوون، بەلام مەرج نیە، خۆم هەلم بژاردبن، چونکە دەرهێنەر کە دەورێکی دابەش‌کرد پێویستە ئەکتەر جێ‌بەجێ‌ی بکات، چونکە دەرهێنەر لە هەموو کەس باشتر ئەزانێ کێ بۆ کام دەور ئەشێت. مەرجیش نیە، هونەرمەند لە هەموو چیرۆکێک‌دا یەک جۆر دەور ببینێ و بە شەخسیەتی جۆرە دەورێک رازی نەبێت، بۆ نموونە: دز، پۆلیس، حەمال. یان هەر دەورێکی تر کە کۆمبارس بێت، لەبەر ئەوەی کە کەم قسە ئەکات و کەم دەرئەکەوێ.

پ: هەندێ زاراوە هەیە کە لە هونەری شانۆگەری کوردیمان‌دا، زۆر بەکار ئەهێنرێ .. وەک: (ئەکتەر، دیکۆر، پرۆڤە، کۆمبارس، کۆمێدی، دراما) وەک بزانن بەرامبەرەکانیان لە کوردی‌دا چین. ئەگەر ئەو بەرامبەرانە بەکار بهێنن، رات چیە؟

و: بە داخەوە، بەرامبەرەکانیان نازانم و منیش هەروام بیستوون، بەلام بۆ بەکارهێنانی بەرامبەرەکانیان بە رای من، وەک خۆیان بمێنن باشترە، نەک زاراوەی سەیرمان بەسەرا بسەپێنریت کە چ خۆمان و خەلک تێ‌ی نەگات ..! با خۆمان لەم مەسەلە زمانەوانیە نەقورتێنین، باشترە!

پ: کام هونەرمەندی کوردت، بەلاوە باشە و لەبەرچی؟

و: هونەرمەندانی کوردم هەمو بەلاوە باشە، چونکە بەراستی خزمەتێکی گەورە پێشکەش بە نەتەوەکەیان دەکەن وە ریزێکی تایبەتیش لە کاک احمد سالار ئەگرم چونکە هونەرمەندێکی راستەقینەو رۆشنبیرو دلسۆزە ..

پ: باشە، ئەی رات دەربارەی هەندێ نەخۆشی ناو هونەرمەندان، بەتایبەتی (خۆپەرستی و ئەنانیەت)؟

و: خۆپەرستن لە هەمو شتێک‌دا هەیە، بەلام بە گوێرەی کەم و زۆری، دیارە دەستەی هونەرمەندانیش لەم نەخۆشیە بەدەر نین .. خۆزیا هەمو لایەک روی بکردایە خۆشەویستی و دور لە خۆپەرستن و خۆ بە زل زانین و سنگ دەرپەڕاندن ..!

ئەحمەد ئامێدی

× کاک احمد محمد علی ئامێدی قوتابی پۆلی سێ‌هەمی بەشی شانۆیە لە ئەکادیمی هونەرە جوانەکان .. لە سالی ١٩٥١دا لە عەمادیە هاتۆتە دنیاوە .. قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لەعمادیە‌و ئامادەیی لەموسل تەواو کردوە.

لە دێرەوە چێژی تایبەتی لە هونەری نواندن وەرگرتوە .. بۆیە ئەویش وەک دایکێکی دلسۆز باوەشی بۆ کرتۆتەوە تا پێی بگەیێنێ وە ئەو مەودایەی بۆ دروست‌بکا کە تییایدا ئەتوانی راژەی گەلی کورد بکات .. هەندێ بیروڕای خۆی بو خوێنەران لەم چەند پرسیارەدا ئەخاتە روو:

پ١ ـ کاک ئەحمەد: شانۆی کوردی هاوچەرخ پێویستی بە چی هەیە؟

و: لەڕاستیدا ئەم پرسیارە چەند جارێک خراوەتە ڕوو .. وە هەر جارەی باسی کەموکوڕی و گیروگرفتێک کراوە کە بۆتە هۆی ئەوەی

ناوێک وچەند پرسیارێک

ئەحمەد ئامێدی

ئامادەکردنی: احمد ریبوار

نەهێلی مەبەستی سەرەکی بێتە دی .. جا ئەگەر نەی گیروگرفتانە نەبوونی ئافرەت‌بووبێت یا کتێب و محتبراتی هونەری کە بریتیە لە شانۆ و پێداویستیەکانی .. لێرەدا ئەمەوێ پرسیارێک لەوانەی‌دواوی شانۆی کوردی ئەکەن بکەم کە ئەویش نەوەیە. ئایائەبێ هەر لەسەر پاشماوەی ئەو گیروگرفت و تەنگ‌وچەلەمانەی هەیە بژین؟

پێویستی سەرشانمان پێویستیەکی هەروا ئاسان نیە، بەلکو پێویستی بە خۆبەخت کردن و هەولدان و کاری زۆرو بەردەوام هەیە. هەروەها بەرەنگاربوونی ئەو شتانەی ئەبنە هۆی دواخستنی‌زەورەوەی شانۆی کوردی، وە دور کەوتنەوە لە سەپاندنی بیروڕا بەسەر کەسانی ترا. ئەمە لە لایەک لە لایەکی‌ترەوەیەکێ لە هۆکانی پێشکەوتنی شانۆمان ئەوەیە کە سالی‌جارێک یا دوو جار کۆڕ بگیرێت وە هەر جارەی لە یەکێک لە پارێزگاکانی کوردستاندا بۆ ئەوەی ماوەهەبێت لە یەک بگەین و بیروڕا بگۆڕینەوەو ڕاستیەکان بخەینەڕوو .. شتێکی تر کە پێویستە بوتریت ئەوەیە کە پەیمانگاهونەریەکان جا ئەگەر ئەکادیمی یا پەیمانگای‌هونەرە جوانەکان بێت ژمارەیەکی زۆر کەم لە قوتابیانی کورد وەرئەگرێت کە ئەمەش بێ‌گومان کار ئەکاتەسەر ئێستاو داهاتووی شانۆی کوردی .. جا ئەگەر توانیمان یارمەتی یەکتر بدەین بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتانە هەریەکە لەلای



خۆیەوە ئەتوانین شتێکی تازە پێشکەش شانۆی کوردی بکەین.

پ٢: وتراوە (نان و شانۆیەکم بدەنێ گەلێکی تێگەیشتوتان ئەدەمە دەست) راتان بەم قسەیە چیە؟

و: کاتێ لینینی بیر ڕووناک ئەم قسەیەی کردوە، ویستویەتی گرنگی و پیویستی‌شانۆ دەرخات لە کومەلدا .. شانۆ باشترین هۆیە لە هۆکانی پەیوەندی کردن بە گەلەوە. وە هەروەها دەورێکی چاک ئەبینێت لە پێش خستنی گەلان لە باری سیاسی و ئابوری و کومەلایەتی‌یەوە. شانۆ قوتابخانەیەکە ئەو واقیعە دەرخات کە مرۆڤ تیایا ئەژی وە هەروەها واقیعی جیهانیش پیشان ئەدات .. لەبەر ئەوە شانۆ دائەبێین زەوق دینمویەکی جولێنەری گەل. بۆیە بە دواکەوتنی شانۆ هەست‌کردن و روشنبیریش دوا ئەکەویت.

پ٣: پاشەڕۆژی شانۆی کوردیت چۆن دێتە پێش چاو؟

و: لە ڕاستیدا پاشەڕۆژی شانۆی کوردی هیوای لێ‌ئەکرێت .. لەبەر ئەوەی قوتابی کورد (هەرچەند ژمارەشیان کەمە) ئێستا خەریکی خوێندنن لە پەیمانگا هونەریەکاندا، ئەمە بەشی ئەوە ئەکات کە بینە ئەوەی بتوانن بەردی بناغەی شانۆی کوردی هاوچەرخ دابنێن.

پ ٤: دوا ئاواتت؟

و: ئاواتی سەرەکیم بەردەوام تەواوکردنی خوێندنە لە دەرەوەی وولات بۆ ئەوەی بتوانم لە پاشەڕۆژا ئەو راژەی گەلەکەم بکەم.

institut kurde de paris

پاشماوەی : »٧« پرسیارو نووسەرو رۆشـــنبیرانی کوردســـــتان

عەقیدەی ئیسلامی‌و مەونوودنامەبە شیعرو نەسری کــــوردی هاتوونە مەیدانەوەو نووسین‌بەزمانی کوردی جێ پـێـی خۆی فرەوانترو قایمتـــــرکردوە ، بەلام لـــەم دەورەش‌دا پاش کەوتەیی کــــوردەواری(مجتمعی کوردی) بۆتە هـۆی ئەوەی کە خوێندن‌و نووسین‌بە زمانی کوردی بە (زیاد) بزانێ‌و ببێتە هـــــــۆی گەشەنەکردنی نووسینی کوردی وەکوو دەیزانین ئەو کتیبانەی‌بۆ مەبەستی (ســـەواد) پەیداکردن خوێنـــدراون‌زیاتریان فارسی بوون‌و لـە سەرووی هەموانەوە (گولستان)ی‌شێخی سەعدی بوە،سەرنجێك لە وشەی (شیخ) کـــــە لە کوردەواری‌دا قەت لە نـــاوی (سەعدی) جودا نەکراوەتەوە ئامێزەنەکەی دینیمان دینیتـە بەرچــاوو دەری دەخا کـــــەئیرانی‌یەکان رۆشنبیری خۆیان بەهۆی ئامێزەنی دینـــــــەوەدەرخواردی کورددراوە لـــە (بەدینی) کوردن بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان کەلکیـــــــان وەرگرتووە .

لە قۆناغێکی‌ترا ، کـــە لەوەلامی پرسیاری یەکەم‌دا باسی کراوە ؛ چرۆ دەرکـــردنی هەستی نەتەوایەتی‌و گەشە‌کردنی تا رادەیەك‌و هاتوچۆی ئەوروپا ، دەرگای نووســینی بە زمانی کوردی لە شـێوەی‌رۆژنامەگەری‌دا کردەوە ، باری مەسـەلەکە بە جارێك گۆرا ،تا ئەو وەختە ، بە کـــوردی نەدەنووسرا یا کەم دەنووسرا چونکوو کورد خۆی لەبــەر هەر سەبەبێـــك بووبێ ،خوێندەواری‌و رۆشنبیری هـەر بە رۆشنبیری دینی دەناو‌ئەویش بە زمانی عەرەبـــی لەبەر ئەوەی کە قورئان بـــە عەرەبی بـــوە . بـەلام لــەم دەورەیەدا کە نووسین بـــە کوردی لە ریگایەکی تـرەوە خەریکە خۆی دەســـــەپێنی‌وخوێندەواری‌و رۆشنبیری لـە دەرگایەکی ترەوە خەریــکی بێنــــە کوردســـتانەوەو کوردەواری‌بەتیشکی خۆیــــان‌رووناك کەنەوە ، قاراســـچو دەســـــکەوتی ئەوانـــــەی کوردستانیان لەناو خۆیانـــدا بەش کردبوو ، بەناوی (دین)و‌بەهانەی ئایین کوردستانیـان کردبوە پێخوستی شـــەرو‌کوردیش بە دەستە چینـــەی شەرو لە راستی‌یەکەشـــیداشەر لەســـەر لێفەی مـــەلایانی (کوردستان‌و خێروبێری کوردستان) بوو کـــە هـــەر کەسە دەیەویست زیاتـــر ـۆخۆی بپچرێ . ئەوانـــــەی قازانج‌و دەسکەوتیان کەوتبوە‌مەترسی‌و هەستی نەتەوایــەتی لە کوردستاناهەرەشەی لـــــە نفوزیان دەکرد (عوسمانی)و (ئێران) بوون ، کەوتنـــــە بـــەربەرەکانی زمانی کـــوردی‌و خوێندنی کوردی ، تەنانـەت ئیرانیکان مەتەلۆکــــەی زۆر ناشیرنیان دەرهـــەق زمانـــی‌کوردی‌و کورد خستــــــــــتە مەیدانەوە .

وادیارە کاربەدەســـــتەشۆڤێنی‌یەکانی ئێران لەوتەڤلا ناجوامێرانەی خویانـــــدا لـــەعوسمانی یەکان سەرکەوتووتر بوون چونکوو دەبینـــین لــە دەورو بـــەری (شـــۆرشی مەشرووتە) ی عوسـمانی دانووسین بـــەکوردی تا رادەیەك پێش‌کەوتبوو چەند گۆڤاریك‌بە کوردی هەبوون ، نووسەری کورد پێگەیشتبوون بـــەلام‌لە ئیران تا دەوری کومەڵـــەی (ژ . ك) نووسین بــــــەکوردی‌و چاپکراوی نەدیتراوە .

قۆناغیکی‌تری کۆســـپوتەگەرەی پێش نووسینی کوردی لە پاش شەرێ یەکەم‌را دەس پێدەکا ، لەم دەورەدا مەسەلەی کورد چوە بەردەمی (عصبـــة‌الامم)و حوکمداری شـــێخ مەحموودی نەمـر دامـــەزراو‌نووسینی کوردی هەنگاوێـــکی مناسبی بۆ پێشەوە هاویشـــت‌تەنانەت دوای ئەوەش کـــە بە فیتی ئیستعماری ئینگلیز ئـــەومافانەی لە پەیمانی (شێفر)دا بۆ کورد دیاری کرابوو ،بەهۆی پەیمانی (لۆزان) هەلوەشایەوەو لە عێراقی تازەدا زمانی کوردی‌بە زمانی رەسمی قبول کـــرا ، ئینگلیز بەهۆی رژێمـــــی‌پادشایەتی‌یەوە کە هــــەر دەسکردی خۆی بوو ، بــەرەبەرە تەنگی بە خوێنـــدن‌و نووسینی زمانی کــــــوردی‌هەلچنی‌و هەمـــو ئـــەو ئیمتیازانەی کە کـــــوردلەسەرەتای دامەرزانی رژێمی پادشایەتی‌دا چ لەبابەت مافــی نەتەوایەتی‌و چ لەبابەت رەسمی بوونی زمانی کوردی‌و نووسین‌بەکوردی وەدەستی خستبوو بۆ خاتری قازانجی ئیستعمارلێ ئەستیندرایەوە ،نووسینی کوردی چووە قاپێلکی خۆی ،ئەوەبوو لە ئاخرو ئۆخـــری دەوری پادشایەتی‌دا .

رۆژنامەیێکی سیاسی کوردی نەبوو .

لەئیران هـــەر لەئەوەلەوە نووسینی کوردی یاساغ‌بوو ، لەم دەورەدا رەزاشا زورتـــر هەولی‌دەدا کە زمانی کوردی‌و زمانی نەتەوایەتی نەتەوەکانی ئیران بەجارێك لەناوبەری ، دیارە لەحالێکی ئاوا مەسەلەی نووسینی کوردی لەگۆرێ نیە تاباسی کۆسپی سەررێگــای بکرێ ، لەتورکیاش وەکـــوو دەزانن ناوی کوردیــــش قەدەغەکرا .

ئەم باسە گـــەلێ دوورودرێژەو ئێرەش مەیــــدانی ئەوەنیە کە زۆری‌لەســـەربرۆین بۆیە هەر ئەوەنـــدە بەبەس دەزانم ، ئەگەر زۆریشم درێژە نەدابێتێ هەرباشە .

پ ٤ :- نووسەرە پێشڕەوەکانی کـــورد کێ بوون‌و بەچ‌هۆیەك نووسینەکانیان بلاو کردۆتەوە ؟

وەلام – ئەگەر مەبەست لـە پێشرەو ئەوکەسانەبن کـــە سەردەقی نووسینیان بەکوردی‌شکاندوە لاموایە هەر واشە . چونکـــوو بەشی دووهـــەمی‌پرسیارەکە دەلێ : (بــەچ هۆیەك نووسینەکانیان بـــلاو کردۆتەوە ؟) ، ئەگەر مەبەست دەوری نوێی نووسینی کوردی(لە دەرچوونی رۆژنامـــەی کوردستانەوە) بایە پێویستی‌بەبەشی دوهەمی پرســیارەکە نەدەکرد ، بۆیە من بێ‌ئەوەی خۆم لەقەرەی نووسەرە تازە ـ کان بدەم ، هەر بەوجۆرە کـــە تێی‌گەیشتووم وەلام‌دەدەمەوەو باسی ئەوانە دەکـەم کـــــە لەســــەرەتاوە بەکـــوردی نووسیویانەو پێشەنگی کاروانی نووســـــینی کــــوردی بن .

ئەگـــەر بابا تایەری عوریانی‌هەمەدانی بەکـــورد دابنێین‌و (چوارینە)کانی‌بە لەهجەیەکی کوردی بزانین‌و ئەگەر ئـــەو قسەیە راست‌بێ کـــە (بابا) فەرمویە :

« أمسیت کردیا وأصبحت عربیا » ومن لە چاپێکی فارسی (چوارینەکانی) دا بـــەرچاوم کـــەوتوەدەبێ بلێین کــــە باباتایەر یەکـــەم کەس‌بوە‌لەپاش بـــلاو بوونەوەی ئیسلام بەکوردستانا بەکوردی‌نووســـیویەو نووسینەکانی بەدەستەوە ماون‌و «... لەنێف‌وپرن لە عەواتیفی رەقیـــــق‌و چەندجـــار بەدەستکاری‌یەوەچاپ‌کراون » (دوکتور معین ـ فەرهەنگی فارسی ، بەرگـــی پێنجەم ٢٢٣) ، هەر بەتێنەی دوکتور معین باباتایەر لە سالی ٤١٠ی هیجری‌دا مردوە .

پاش‌ئەمە لەکتێبیکی فارسی‌دا(مەکتووباتی عین القضـــات عارفی شەهید ابو المعالی عبداللە‌بن محمد بن علی بن الحسن بن علی المیانجی الهمدانی) کە ســالی ١٩٧٢ لەلایەن دوکتور عەفیف عەسیران‌و (علینقی – منزوی)تەحقیق‌کراوەو لەبیروت لـــــە چاپ‌دراوەو ٧٦٦ نامەیە (عین‌القضاة) بۆ کەسێکی نووسیوە لە ٨ یان‌دا (چوارینـــە)ی‌هێناوەو لەهەندێکیان‌دا دەلی : (اورامە) یا (اورامــــن) ،(منزوی) خۆی بەمنی گوت کە ئەوان الەکـــاتی تەحقیقـــی نوسخەکانا تێی‌نەگەییشتوون‌و هەروا شکل نووسیان کردوون‌وخۆی بەکوردی دادەنان‌و داوای لێکردم هەول‌بدەم ســـاغیان کەمەوە ، ئەمانەش بەلای منەوە (هەورامی)ن ، ئەگەر هەورامی‌بەکوردی قبوول‌بێ ! ئەوا ئەم چوارینانەش نووسینیکی کۆنی کوردین ، (عین القضاة) لـە ٤٩٢ی هیجری لەدایك‌بووە لـــە٥٢٥دا لەهەمەدان ئیعدام‌کراوە .

جا بەلای منەوە (باباتایەر) لەپێشـــــداو لەدوای ئەویش خاوەنی نەناسراوی‌چوارینەکانی کە لەمەکتووباتی (عین‌القضاة)دا هـــاتوون ئەو کەســـانەن‌کەسەردەقی نووسینی‌کوردی‌یان شکاندوە . وەکوو دەبینیــــن(باباتایەر)و (عین القضاة) ١٠٠ سالیان زیاتر بەینە ، کە باباتایەر سەردەق شـــکێنی نووســـــینی کوردی‌بێ دێ‌ناچێتی ١٠٠ سال ئیتر کـــەس بەکوردی نەنووسیبێ ، بـــەلام‌جاری ئەمانـــە بەدەستەوەن‌و ئەگەر بگەرێین رەنگە شتی‌تری‌لەم بابەتە بدۆزینەوە .

پ ٥ :- کام گـــۆڤار.. یان رۆژنامەو کتێبی کوردی بۆ یەکەم جـــار خوێندیتانەوە ... ناوەرۆکی چـــۆن بووە هەروەها چاکترین گـــۆڤاری کوردی کامەیان بووە ، لەبەرچی ؟

وەلام – یەکـــەم رۆژنامەی‌کوردی کـــەدیومـــە (زاری کرمانجی) بوو کــە بەهەمەشتی(حوزنی موکوریانی) لەرەواندز چاپی‌دەکرد ، ئەوەندەی ئـــەووەختە عەقلم ـ پێشــــکابێ‌و لەبیرمابێ ، رۆژنامـــەیەك بووهەمەرەنگە ، مەقالەی بەتەوایەتی ئەدەبی‌و دەنگ‌وباســـــی بلاوەکردەوە ، باسی ژمارەیـــەکیم لەبیرە : پارچـــە شـــیعرێکی(ئەسیری) تێدابوو کـــەبەم شیعرە دەست‌پێدەکا « گـــەرهەرایێ بێ لەناو کوردوستان یاریدەی‌پیاوان دەدەن‌کیژوژنان) جۆرێك گفتوگۆی دووکەســـی تێدابوو کەمن‌لەدوایی هێنامـــەسەرشێوەی (دەمە تەقـــە)و لەگۆڤاری (نیشـــــتمان)ی‌کومەڵەی (ژ.ك)دا جێگایەکی بۆ تەرخان‌کرابوو ، دوو دەنگ‌وباسیشی تێدابوو ، یەکیان ئەوە بوو کە : « ... مسیوئاغاس‌نوف ناویکی رۆوس لەنیزیـك شاری (خۆ)یە لە ئازربایجانی ئیرانکـــانی (ئەلمـــاس)ی دۆزیتەوە » و خەبەرەکـــەی‌دووەمیش باسی دروست‌کردنی جۆرە (حەب)یك بوو کـــەجیگای نان دەگرێتەوە .

یەکەم کتێبیکی کوردی کــەبەرچاوم کەوتوە (دیاری مــەلا محەمەدی کۆیی) بوە کە هەرلەچاپخانەی زاری کرمـــانجی یابەوجورەی (حوزنی) خۆی‌ناوی نابوو لە (مەزرکەی زاری کرمانجی) چاپ‌کرابوو لاموایە پێویست بەباســـی ناوەرۆکی ناکا چونکوو زور ئاشــکرایە ،گۆڤاری (گەلاویژ)یش یەکەم گۆڤــاری کوردی بوە کـــەچاوم‌پی‌کەوتوە .

بەلام دەربارەی چاکتــرین(گۆڤار)ی کوردی ! پرسیارەکە لێرەدا بەشیوەییکی تایبـــەتی(موتلەق) ـە ، چونکوو هەر لەسەرەتای پەیدابوونی گۆڤاری‌کوردی‌را تا ئیمـــرۆ هەرچی‌ ـ دەرچوە ، هەموان دەگرێنەوە ،حوکم‌دان لەم (موتلەق)ـە دا لەوانەیە پیـــــاو تووشی هەلەییــکی‌تر بــکا ، ئەویش حوکم‌دانە لەســـەرروو داوێکی (دوێنی و ئێستانی بەتەرازووی (ئیمرۆ) ، یاخوددەبی هەرچی گۆڤاری کوردی دەرچوە یەکەیەکەیان بدرێتە‌بەر نەشتەری رەخنەو لەباری سەرنجی ئەو سەردەمەی کـــەتی‌یدا دەرچوەو بەنیسبـــەتی گەشەکردنی نووسینی کوردی‌و ئاستی تێگەییشـــتنی خەلکو جوری بیرکردنەوەیان ... لەوروژەدا ، حوکمی لەسەربدرێ . ئەوەش لام وانیـــە کارێکی‌هێندەسووك‌و هاسان‌بێ‌و خۆی باسێکی جیاوازە ،

لەلاییکی‌تریشـــەوە وەلام‌دانەوەی (موتلەق) کە فلانە گۆڤار لە هـــەموان چاتـــرەیاچاکتربوو مەبەستی‌پرسیارەکە جێ‌بەجێ‌ناکاو وەلامی (بۆچی؟) یەکەی نادادەوە . ئەمە بێجگە لەوەی ئەگـــــەر مەبەســـتی پرسیارەکە هەر ئەو گۆڤارانەبن کە لــە کوردســـتانی عیراق‌دەرچوون – من لام‌وایە ، وایە‌ ـ دەبوایە لـــە پرسیارەکـــەداووترایاو ئیستاکە نەووتراوە ، پیاو ئەو ئەقـــەی دەبێ بلێ‌کەمەبەست‌هەموو ئەوگۆڤارانەن کە لـــە هەموو بەشــــەکانی کوردستان دەرچوون ، کـــە ئەمە خۆی ئیشـــەکە ئەوەندەی‌تر گران‌دەکا ، بۆیە من لـــەم جێگەیەدا خۆم لەم دەریا بێ‌بنە نادەم‌و ئەم پرسیارە بەبی وەلام دێلمەوە ، هیــــوام هەیـــە‌بم‌بەخشن ؛

پ ٦ :- بەپێی ئاگاداریتان حیزبە سیاسی‌ـ یەکان [هیوا ، رزگاری ، شۆرش ، پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی شیوعی] دەوریان لــــە پەرەپێدانی نووسین‌ورۆشنبیری کوردی چی‌بووە؟

وەلام ـ لەو روژەوە کـــەنووسینی‌کوردی ئەم سەرەدەمەی ئیستای خۆی دەستی‌پێ کردوە ، هەولێکی زوردراوە کـــە خەلك بەکوردی نەنووسن ، هەروەکو‌وەدەربارەی خوێندن بەکوردیش کراوە ، جا ئەگـــەر بۆیـــان نەلواوەو سەرنەکەوتوون ، ئەوە ناگەیینی کە هەوڵیان نەداوەوحەزیان‌لێ نەبوە نووســـینی کوردی کوێرکەنـــەوە ، بۆیـــەبەلای منەوە ئەوانەی بەکوردی نووسیویانە ، نووسینەکانیــان‌لەباری رێکی دەگەل رێزمـــانی کوردی‌و بەشــــــەکانی ترێ‌زمانەوانی هـــەرچۆنێ بووبێ ، خزمەتیـــان کردوە ، ئەمـــــەدەربارەی تاکە ئینسانێك ، کە دێینە سەرباسی ئــەو حیزبەسیاسی‌یانەی ناویان هـــاتوە ، هەریەکــــەیان بە ئـــەندازەی‌چالاکی خۆی ، هۆیەك بوە بۆ نەپسانەوەی نووسینی کوردی، کە وەکوو باسمان‌کرد خۆی بە (مجرد)ی خزمەتێکی گەورەیەئەوەش ئاشکرایە خزمــــەتی کۆمەلێك خەلك ، لەخزمـــــەتی تاکە ئینسانیك برشتی زۆرترە بۆیە خزمەتی حیزبە سیاسی‌یەکان هەموویان بەخزمەتی گەورە بۆزمان‌و نووســـینی کوردی‌دەزانم .

ئەوجار وەکوو دەیزانیـــن هەموو ئەو حیزبانە لەئاخــری چالاکی خویاندا خۆیان لـــە (پارتی) و (حیزبی شیـوعی عیراقی)دا گرتۆتەوە ، لیرەدا بێ‌ئەوەی هەلویستی سیاسی‌یان تیکەل بەباسەکە بکەم ، تەنیا لەباری خزمـــــەتی نووسین‌و پەرەپێدانی رۆشنبیری دەدوێم‌و بەلای‌منەوە دەوری ئـــەم دوو (حیزبە سیاسی‌یە) لــــەم‌لایەنەوە ئیجابی‌یەو هەریەکـــە بەپێی توانـــای خـــۆی‌لەم مەیدانـــەدا خزمەتی کـــردوە ، بەشـــیوەییکی تایبەتی نووســـینی سیاسی‌یان بەکـــوردی پەرەپێــــداوەو بەداهێنـــانی (مصــطلحاتی سیاسی) تارادەیەك قامووسی کوردی‌یان دەولەمـــەند کردوە ، سەرەرای ئەمەش هەردووکیان بە بلاوکردنـــەوەی بیروباوەری پێشکەوتوانە لەناو کوردەواری‌دا ئاستی روشـــنبیری کوردیان بەرزکردوتەوە .

هیوام‌وایە کە خوێندەوا رانی‌خۆشەویست ئـــەوەیان لەبەر چاوبێ کەمن لـــەم وەلامەم‌دامەبەسم چەندی (کمیـــە) خزمەتی ئەم دوو حیزبە نیــــە بەلکوو چۆنیتی (کیفیــــە) خزمەتەکەیانـــەو ئەویش ووتم ئیجابی‌یە ...

هۆیـــەکی تر کـــەئەوان‌توانیویانە باشتر خزمەت‌بکەن‌و برشتیشیان زیاتربێ ئەوەیە کەملکـــەچی یاساو رەقابـــەی دەولەت نەبوون‌و هەر چێکیـــان‌ویستبێ‌نووسیویانەو بەئامرازی چاپی‌خویان چاپیـــان‌کردوەو بەدەستی ریکخراو و ئەندامانی خۆیان بلاویان‌کردۆتـــــەوە ،کارێکی کە بۆ تاکەنووسـەران نەلواوە .

پ ٧ :- ئێستاکە چرپیازێك لەبزوتنەوەی رۆشنبیری‌و ئەدەبی کوردیدا هەیە ؟

وەلام – وەکوو حەقیقەتێکی‌زانستی ، دنیالە بزووتنەوەو پێش‌کەوتن‌و سەرکەوتن دایە ،هەرقۆناغێکی لەقۆناغی پێشووی کاملترو رێك‌وپێك‌ترە سەرنجیك‌لەکومەلانی ئادەمیـــزاد ئـــەو راستی‌یەمان بۆدەردەخا ، لەم‌ناوەداکوردەواری لەگەلی کۆمـــەلانی تر فەرقی نیە مەگەر لــە تیزی‌رەوتی گۆران‌و گەشە کردنا . دنیا بەگشـــتی‌و بەهـــەموو (ظاهرە)کانی کۆمەلایەتی‌یەوە لە هەموو باریکـــەوە بەرەوپێش‌دەچێ ، زانست ، ئـــەدەب ، روشنبیری هەمەچەشنە .... لەهەموو سووچیکی دنیـــادا گەشەدەکا ، پێش دەکـــەوێ‌و تازە دەبیتەوە ، شێوازی تـــازە بەخۆیەوە دەگرێ شەر لەنیوان‌شێوازی کۆن‌و تازەی هەموو (مظاهر)ی ژیان بەردەوامـــە لەکوردەواری خۆشمان ئەمـــە بەئاشکرا دەبیندرێ ، هەســـتی نەتەوایەتی گۆراوەو فەرقیکی زوری‌هەیە لەگەل شـــێوازی سەرەتای پەیدابوونی ، ئەدەبی کوردی گەشەی‌کردوەو هــەروالەگەشەکردنایە ، لەئـــەدەبی نەنووسراوەوە (فۆلکلور) بۆتە ئەدەبیکی نووســـراو ، لەتەنیا شیوەییکی ئەدەب (شیعر) راگەیوەتە قۆناغیك کەوەکـــــوو ئەدەبی هەموو نەتەوەییـــەکی ترهـــەموو لق‌وپۆپی ئـــەدەبی لێ‌پەیدابوە .... بیروباوەری کۆنەپەرستانە لەناو کۆمـــەلی کوردی‌دا ـ جیگای پێ‌لەق‌بوەو پەلەقاژەی مەرگێتی بەدەست بیروباوەری پێشکەوتن‌خوازەوەهەموو ئەو گۆرانانە کاریان کردۆتە سەر بزووتنـــەوەی روشـــنبیری‌و ئــەدەبی کـــوردی ، بزوتنـــەوەی روشنبیری‌و ئەدەبی ئیمروومان لەگەل ئی دوێنێ‌مان فـــەرقی هەیەو لەگەل هی سبەینێشمان هەر فەرقی دەبێ بەشـــێوەییکی‌گشتی رۆشـــنبیری‌و ئەدەبی کوردی کەوتۆتە سەر ریبازێکی‌پێشکەوتووانەو ئەگەر بە خۆشی باوورم نەزانن دەلێم تائەندازە‌یێکیش چۆتەپێش ، بەلام ئەمە وا نابێ ئەوەمان لەبیر بەرێتەوەکە هێشتا رەوتی کۆنەپەرستانە لە بابەتەکـــانی روشنبیری‌دا(ئەگـــەر جایینــز بێ بلێین کونەپەرستی رۆشنبیری تێدابە)بەتەواوی لەناونەچوون ماکەیان نەبراوەتەوەو پێویستی بەخەبات‌هەیە . بی‌گومان لەخـــەباتی نەتەوەی کوردا سەرکـــەوتنی‌دوایی‌بۆ رۆشنبیری‌و پێشکەوتن خوازی‌یە .

کوردەکا ئاریای

وی لپشتاخو شـــداند تڤەنگاوی بملێخو فەکر ئــو ژگوندی دەرکەفت چر درێکا ئاغای‌دا ، بخو چەپەرەکێ جاك چێکر بەرێ وێ ما لهاتنا ئاغای، بو تێشنەکەهـ دیت ئاغــا یێهات دو خولام یێ لبەری ئو دو یێ لدیف ، کەهشتە رێتا چەپەری .. عەیشانێ کازی کرێ گوتێ : ئاغا چاك کارێ خوبکە ئەز عەیشانم یا هاتیمە تولا برایێخو .. دگەل وێ ئاخفتنێ عەیشانێ ئبلا خو لسەر جەلەبکا تڤەنگێ شـداو ئاغــا لعەردیدا ، دەما خولاما هو بێت ئاغا کەت ، هەرچارا قەســـتا رەڤێ‌کر .. عەیشانێ دو خولام دگەل ئاغای کوشتن هەردوکێت دی پاشوپاش رەڤین قەستا گوندی کر ، هەوار کەفتـــە کەسوکارێت ئاغای ، ژ نیڤرو پێدێ شەرکەتە ســـەر ...ێت عەیشانێ ، بەلێ وێ پاکـــی پێ نەبو چنکی وێ دربێ خـــو دانابو ، ئو دلێخو کەواندبو ، زیرەکاتیا عەیشانێ بو سەنم چودسەرێ هەمیارا ، ئێڤــاری شەرێ طەمری هەرکەســـەی ئەگەریا مالاخو چرچـــار بعەیشانێ نەبرن ئو زەمـــەر لسەر نەخار ، کەلەخێت خــم برنە گوندی .. ئو بوێنــدا دەرمانکرن .. عەیشانێ وان رۆژا خولێ بەرزەکر خـــەو نەچو چافێت مروڤێت ئاغای ژ ترسادا ، تەکبیرا خـــو کر گوتن یا ژهەمیا چاکتـــر ئەم بخو ژ ڤی گوندی بارکەیــن ئەگەر ئەڤە ژ مەنا فەبیــت ، دێ مەبرینیت، خوینێ لیکەفتن یا گرانە لدارو بەرا نەکەفیت ، راپون ئشتێهەی ئو نـــەی بئەرزانی فروت ئو ژوی گوندی چون ، عەیشانێ ژی منکێ خو فروت ، ئو قەستا بازێرەکی کر بخو دکانەك پێ دانا ئو سویند خار کو شوی نەکەت پشـــتی مرنا برایێ خو .

پاشماوەی :مەنفی ....

(بیل) و (پاچ) و (پیمەرە) ئامادەیە(٣)
حەزرەتی ماستاو لەسەرو رووی سفرەیە
دۆلمە دانیشتن بە میثـلی سەیدان
انتظاری مەقـدەمی تۆیان هـەیە !
گەر نەیەی (مەنفی) خەجالەت مەند ئەبێ
چونکە چی بوو صەرفی کرد ئەم بەزمەیە !

مەنفی لـــەم پارچە هۆنراوە‌گەپاوی‌یەدا وەسفی سەرروی سفرەکەی خۆی دەکات کە چۆن کەوچك‌و چەنگال ئامادەکراون‌و ماستاو دانراوەو دولمـــەی گەلامێوی سەوز وەك سەیـد وایەو چاوەروانی هاتنی میوان‌وخواردنە .

وە مەنفی بەم دوو تاکـــە شیعرەی خوارەوەی لە دەردی دلی خۆی ئەدوێ ودەلێ :

گوتم چاك‌بوو لەگەل من خوا رەقیبی سەك صیفەت بگرێ
کە بۆ مەنعی جەبینی گول دەلێی خاری موغیلانە !!
خودا هەلناگرێ بەقسەی رەقیبان لێم تەوەللا بووی
بکە رەحمێ بەحالی دل کەخەستەی خالی هیجرانە !!

مەنفی هەرچەندە بەتەمەن‌لەشیخ مستەفای کاکی هیران (صـــافی) گەورەتر بووەولەسالی ١٨٥٠ی زاینی لەدایك بووە و (صافی) ش لــــە ١٨٧٦ دا(٤) هاتووەتە دنیاوە ، بەلام لەتەریقەتدا مرێدێـــکی‌دلسوزو باوەرپێتـــەوی کاك مستەفای (صافی) بوووەو ئەودلسۆزی‌یەی لێبووە بـــە عەشقیکی گیانی‌و خـــوایی تەسەوف ئامێزو ئـەم هەلبەستەی بەرهەمی ئەو جـــۆرە تاقی کردنەوەیەتی هـــەروەك دەلێ :ـ

طالعم بێدار بوو باز بەختم ئـــەوا نووستۆتەوە
کاغەزم ناردۆتە لای دلدارو نەی‌خوێنـــدۆتەوە
نەختە رەحمێکی موسلمانی لـــەدل پەیدا ببوو ،
بۆو بە شەیتانی رەقیب ومانی لێسـانـدۆتەوە
من کە خۆراکم نی‌یە واتی مەگـــەن بێ‌خواردنم
باری لێوم خواردووە خوێنی دلـــم خواردۆتەوە
نووری دینی مستەفایە رەوشەنی کرد رووی زەمین
یامەبی بێ‌میهرو مەه رووی رۆژی دەرخستۆتەوە
یوسفی میسری کە مەشهوورە بەحوسن‌و دولبەری
ئیستە هەم چەشمی پەیابوو بۆچی خۆی شاردۆتەوە
مەنفیا وا بەسـتەیی زولفی نیگاری خۆیـــەتی
یا نە خۆ دێوانەیە شێخ دەستوێی بەستۆتەوە

مەنفی هەروەك لەغەزەلـــدا دەستێکی بالای‌بوو ، لەهەجوو ـ کاریشـــــدا توانایێکی باشی بووە . لەو دەمەی کە جوولا ـ نـــەوەییکی تونـــدوتیـــژی‌هەجووکاری لەدوادوای سەدەی نوزدەهەم‌و سەرەتای ســـەدەی بیستەم‌دا سەری هەلـــدابوو ، مەنفی سوارچاکێکی ئەومەیدانە بوو وکەتبووە پال شیخ رەزای تالەبانی‌و لەرووی (شوکری ـ فەزلی) وەستاوە ، چونکە شیخ رەزا ســـەر بەکۆیـــە بوون‌وەختێکی‌زۆری لێ‌بەسەربردوون دۆستایەتیـــەکی بەتینیشی بووەلەگەل مەنفی شاعیرماندا .

هۆینـــەری بەرێـــزم ... ئەمەبوو باسێکی ژیان‌و شیعرو شاعیریەتی مەنفـــی قوتابیـــەکی‌زیرەکی‌قوتابخانە غەزەلی‌یەکەی (نالی) مەزن ، هیوادارم توانی بێتم تارادەیێك بەخوێنـــەرانی روژنامەی هاوکاری خۆشـــە ـ ویستی بناسێنم لەگەل رێـــزو سوپاسماندا .

(١) کاك مستەفا هیرانی ـ صافی ١٨٧٦ تا ١٩٤١ .
(٢) عبدالرزاق بیمـــار ـ وتاریکی لەگوفـــاری هەتاوی ژمارە ٥١دا .
(٣) گوفاری هەتاوی ژمارە ٥١ وتاریکی عبدالرزاق بیمار
(٤) میژوی ئەدەبی کوردی ج١ ل ٥٤٩ .

پاشماوەی : پرۆژەکەی ...

ملیونەها کەس لە نیـــــوەی رێگادا بەنیوە چڵی جێ‌بهێڵیت . ئەو رایەی نووسەر بـــەلای ئیمەوە کارتێکردنێـــــکی سریالیزمانەیە کە زۆربـــەی شانۆگەری‌و چیرۆکەکانیان بە نیوە چڵی جێدەهێشت‌و بەو مەبەستە کە ئەنجامەکـــەی خوێندەواران خۆیان لێیەوە بەرپرسیارن .. ئەوانیش تەنیا بۆ جولاندن‌و هوشیارکردنەوە ئەم شتانەیان نووســـیوە .. بەلام ئایا ئەم رایە لەگـــەل واقیعی ئێستای جیهـــــان دەگونجێ .. ؟

عەتفی برادەراتـــی‌و دوودلی نووسەری خستۆتە تەنگـــە بەرێکەوە بەبێ ئەوەی هەستی بکات .. چونکە ویستویەتـــی سەر لە خوێندەواران بشێوێنێ بە ئالۆزکردنی نووسینەکەی . لە ســـەرەتای باسەکـــەیدا نووسراوە (چەند سەرنجێـــك لەسەر) لە نیوەی باسەکـــەدا نووسراوە (چەنـــد وردە سەرنجێکی‌تر) هەروەها لە کۆتاییەکەشیدا نووسراوە (دوا سەرنج) .. بەرای من عینوانی سەرەوەی بەس بـــوو .. نەوەکا ئەم هەموو سەرنجانە دووبارە بکاتەوە . چونـــــکە شێوەیەکی ئاشکرای دەستکردی پێوە دیارە کە ویســــتویەتی گەورەترین رەخنەی بەرهەمەکە کە دوا سەرنجەکە بەشێوەیەکی ساکار باسی بکات‌و دیفاعێکی تەواویشی لێبکات .. لــە کۆتاییشا دەلێم پێویســــتە رەخنەکانمان زانستیانە بـــێ‌و دووربێ لە عاتیفەی رووت .

پاشماوەی : مەکسیم گورکی

وە لەو دەورە بالایانەی کـــــە گۆرکی گێرای یەکیەتی فکری سۆشیالستی‌و ریالیزم بـــوو ، بەلام چوزەرەی پەیدابوونی ئەم یەکیەتیە لە سەرەتای چــەرخی بیستەمدا بوو .. ئەویش لــە زروفی تەنگوچەلەمـــــــەی ریالیزمی‌و خۆسەپاندنی ریبازی نوێ نوێ لە ئەدەبدا .. بەلام ئەم کلیشە نوێیانەی کـــە بــە ناوی چەپرەوییەوە بـــــە دیارکەوتن کاریان لەگۆرکی نەکرد بەلکو دەتوانین بلێـــــین بەپێچەوانەوە گۆرکی بـــــە بەهرەی خۆی توانی تەئسیر لە هونەری پرولیتاریا بکات . دووبارە شانازی هــــەر بۆ گۆرکی دەگەرێتەوە لە داهێنانی هونەری شانۆگەری‌و ئەدەبی روائی‌و ریالیزمی سوشیالستدا .. وە دەورێکی بالای هەبـــوو لە پێش‌کەوتنی ئەدەب لـــەو سەردەمەدا هەروەها لــــە دوارۆژیشا .. چونـــــکە بەرهەمەکانی . بوونە هـــۆی سەرهەلدانی ئەدەبێــــــکی پرولیتاری سوشیالست .. وە ئەوەی کە ســـەرنجی خوێندەوارانیش رادەکێشێت لە بەرهەمەکانی چۆنیـــــەتی دەربرینی ریالیزمە بـــــە شێوەیەکی تەبیعی ، هـــــەر چۆنێ بێ ئەدەبی گۆرکـــــی کارێکی گەورەی کردە ســـەر ئەدەبی روسیاو هەموو جیهان‌و ئەدەبی لاوان‌و ئەدەبی ریالیزمی هاوچەرخ .

Institut kurde de Paris

● رۆژنامەی ـ مەدرید ـ وەیەکی بەهیز سەریان تاقە رۆژنامەیەکی رۆژانە بوو سووپما ، دوایی بۆیان لە ئیسپانیا ، دژی ریژیمی دەرکەوت بە حکومەت بە ۷۰ ـ فرانکو ـ بوو ، ئەم کیلۆ دینامیت خانوی رۆژنامەی رۆژنامەیە هەموو رۆژێ ۷۰ ـ مەدرید ـ ی هەلتەکان تاهیچ هەزار دانەی لێ چاپ نەکرا لە شوێنەوارێکی ئەو رۆژنامەیە ۲۵ی تشرینی دووەمی سالی لەشارەکەدا نەمێنێ ۱۹۷۱دا بریاری داخستنی درا، ـ کالفوسیریر ـ ی خاوەنی « رافاییەن کالفوسیریر » رۆژنامەکەش ئیستە لە خاوەنو سەرەک نووسەرانی پاریس وەک پەنابەر ئەژی ۰ رۆژنامەکە دوای سالێک لەم وێنەیەدا خانوی رۆژنامەکە ناچاربوو خانووی رۆژنامەکەی ئەبینری لەکاتی ویران بفروشی و موچەی کرێنیا ! ئیشکەرانی رۆژنامەکەی لێبدات ۰ لەهەفتەی رابوردوا خەلکی شاری مەدرید لەتەقینەـ سەرۆک وەزیرانی دانیمارک

● ● ● « ئەنکر یورگنسن »ی

لە دەیەوەی سنووردا

لەدەیەکەوە بۆ چارە سەری گیروگرفتەکانی پەنا ئەباتە بەر وەرزشی ـ یوگا ـ و باوەڕی وایە ئەم وەرزشە باشترین دەرمانی لەناوبردنی تلیاک خۆری و دورکەوتنەوەیە لە « قلق » و ئالۆزی ژیان ۰ لەم دوایەشدا هیرشێکی بەربەرەکانی گەورەی رژێمی ـ یورگنسن ـ دەستی پێکردوە ئەلێن ٤٦٪ی دانیمارکیەکانی گرتۆتەوەو دروشمی لابردنی باج و سەربەستی « جنس »یان بەرز کردۆتەوە ، لەپەیدا بوونی ئەم بەربەرەکانیەوە سەرۆک وەزیرانی دانیمارک پەنای بردۆتە بەر وەرزشی ـ یوگا ـ و ئەم وێنەیە لەسەر شەقامێکی گشتی گیراوە لەکاتی ورزش کردندا ۰

لە ئەدەبی گەلانەوە :

لاغی یوون

شیعری : برێخت

کۆرپەیەک بووم
لە بنەماڵەیەکی ٠٠ دەوڵەمەندا ،٠٠
پەروەردە بووم
باوکم یەخەی ٠٠ زێڕینی ،
لەمل کردم ٠ رای هینام :
هەوا ببە بەگزادەیەک !
چەندین نۆکەر ٠٠
لەبەردەستما ٠٠ بێن و بچن !!
فێڕی فەرمان دانی کردم ٠٠

بەڵام کاتێ ، کە گەورە بووم ٠٠
گەلێ پێزم ٠٠ لەچینی خۆما
کردەوە !!
بەچێم هێشتن و ،
خۆم خستە ناو ٠٠ ئەوچینەی ٠٠
کە پێش ئێستا :
لەژێر دەستما ٠٠ ئەتلایەوە !!

گۆڕینی : نەژاد عزیز سورمێ

تابلۆ

(لەگۆشەی ئەمجارەدا ، دوو تابلۆی هونەرمەندی چینی ـ جن بۆنیان ـ پێشکەش ئەکەین ، کە لەسالی ١٨٤٠دا لەهەریمی ـ شان ینج ـ لەدایکبووە لە سالی ١٨٩٦دا کۆچی دوایی کردووە ، سالی ١٩٦٩ لە پەیمانگەی ناوندی هونەرە جوانەکانی پەکین ، پێشانگایەکی تایبەتی بۆ تابلۆکانی ئەم هونەرمەندەکراوەتەوەو ئوسلوبی هونەری وێنەکێشانی کراوە بە مادەیەکی تایبەتی خۆیندنی قوتابیانی ئەو پەیمانگەیە) ٠

ـ ١ ـ

پارچەیەک لە تابلۆی :
« نەمرەکان ئاهەنگی لەدایکبوونی فریشتەی ئاسمان ئەگێڕن » ٠

ئەم تابلۆیە بریتیە لە دوانزە پارچەی گەورە هەر پارچەیەکی بەتەنیا تابلۆیەکە ٠

ـ ٢ ـ

« کێچو پیرەمێرد ، بەهارو پایزی تەمەن ! »

● ● ●

دیاری بۆ

کتێبخانەی ـ هاوکاری ـ

بەرێوەبەرایەتی پەیوەندی ناوخۆ لە وەزارەتی ناوخۆ ئەم چاپکراوانەی خوارەوەی بەدیاری پێشکەش بە کتێبخانەی ـ هاوکاری ـ کردوە ، زۆر سوپاسیان ئەکەین :

ـ دوو ژمارەی گۆڤاری ـ بغداد ـ بەزمانی ئینگلیزی ٠
ـ ڕێزمانی سۆمەریەکان ٠ بە عەرەبی ٠
ـ بەغدای کۆن ٠ بە عەرەبی ٠
ـ ژمارە دەی گۆڤاری ـ الاقلام ـ ٠
ـ لەگەڵ عثمان موصلی‌دا ٠
ـ نیشتمان پەروەرەکانی ئێران لەبەردەم محکەمەکانی شادا ٠ ـ بە عەرەبی ٠
ـ رووداوەکانی کونگرەی ڕاشتی و هاوکاری دنیایی ٠

ـ + ـ

گۆڤاری

خەباتی قوتابیان

ژمارەی (١١)ی گۆڤاری خەباتی قوتابیان لە گۆڤارێکی ڕۆشنبیریە ، یەکێتی قوتابیانی کوردستان ـ عیراق دەری ئەکات ، کەوتە بازارەوە چەند ژمارەیەک لەم گۆڤارە بەدیاری پێشکەشی بە ڕۆژنامەی ـ هاوکاری ـ کراوە سوپاسی هەلسوڕێنەرانی ئەکەین ٠

● ● ●

هونەرمەند زهیر عبدالمسیح و

دوا هێنانی شانۆیەکی تشخوف

● وەک ئاشکرایە لە ئەکادیمیەی هونەرە جوانەکانی بەغدا ، قوتابی بەشی شانۆ ، لە دوا سالی خوێندنیا ، پێو ـ یستە شانۆگەریەک بە ئاڕەزووی خۆی هەلبژێریو دەرهێنانی بخاتە سەرشانی خۆی و ئەم کارە وەک ئەتروحەیەوایە لە وانەی ـ دەرهێنان ، الاخراج ـ داو ئەمرەی لەسەردانەنرێ ٠

● کاک زهیر عبدالمسیح کەقوتابیەکی کوردە لە ئەکادیمیەی هونەرەجوانەکان ، یەکێک لە شانۆیەکانی (تیشخوف)ی هەلبژارد کە بەنانوێنشانی (زیانی توتن)ەوە لەژێر چاوەدێری ماموستا بەدری حسون فریدالە ٢٣ـ٥ داخستیە سەرشانۆ

زیانی توتن لەچی ئەدوێت ؟!

● شانۆیەکەی (تیشخوف) لەیەک پەردەیەو تەنیا ئەکتەرێک دەوری تیا ئەبینێ ، ناوەرۆکەکەی مەسەلەی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوەیە ئەخاتە بەرچاو لەگەل هەڵگرتنی ئەو ، ئەوەی نەتیا ڕێگای دوای هێنانی چەوساندنەوەی شۆڕشە ، « ئێڤان ئێڤانۆڤ شۆ » بالەوانی شانۆیەکە ، دوای خوێندنی دانیشگا بەخەوخەیاڵ نەخشەی ئەوەی کە ببێتە بیاوێکی بەرهەم هێنەر کەچی بو بەداشی شەترنج و بوەدار ـ دەستێک چۆن بوێستری ـ هەڵسوڕێ ، کاتێ هەستی بەواقعی ناهەمواری خۆی کرد ، بڕیاری شۆڕش بەرپا کردنی دا ئەمەش تاقە ڕێگای بوو ، بۆ زڕگاربوونی لەو چەوساندنەوەیەکە کردبویە پیاوێکی گەوجی کویلە ٠

● کاک زهیر وتی . شێوەی شانۆیەکە واقعی درامیە ، لەبەر ئەوە لەدەرهێنانی دا ڕێبازی واقعیم گرتو لەوشێوە کومیدیە دور کەوتمەوە کە زۆربەی دەرهێنەرەکانی بەرهەمی ـ تیشخوف ـ زەچاوی ئەکەن ، چونکە بەلای منەوە بەرهەمەکانی ـ تیشخوف ـ کومیدیی نین بەلکو زۆربەی زۆری ماساتە ، بەڵام هەندێ شتی تیایە کە خەڵکی زەردەخەنەی پێ ئەگرێ ، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی کومیدیە بەلکو لەبەر ئەوەی خۆیان لەهەندێ هەڵوێستی شانۆیەکەدا ئەبینن !

ئەم شانۆیە پێشکەش بە منالێکی بۆیاخچی کرا !

● کاک زهیر شانۆیەکەی بەم جۆرە پێشکەش بە بە بۆیاخچی ئەکادیمیەی هونەرە جوانەکان ، کاکە ئەسعدی بچوک ئەکەم کە هیچ جیاوازیەک نیە لەنێوان « نەوو ئێڤان نۆفێنشدا) ئەوەش بزانە کە بویاخچیەکە لەپێشەوەی بینەرەکان دانیشتبو !

● ئەم بەرهەمە هونەرییەی کاک زهیر جێگای ڕەزامەندی بینەران بوو ، مامۆستای جاودێری کەری شانۆیەکە (بەدری حسون فرید) بەگەرمی پرۆزبایی لێکردو پێشکەشکردنی شانۆیەکەش بە منالە بویاخچیەکە زۆر لاجوان بوو ٠

● خۆێندکاری خوشەویست ، مایەوە سەر ئەوەی بزانی کەکاک زهیر لە سالی ١٩٤٨دا لە ـ عین کاوە ـ هاتۆتە دنیاوەو خوێندنی سەرەتای لە موسڵ وئامادەیی لە هەولێر تەواو کردوەو پاش ماوەیەکی ترلبکالوریوس لە هونەری شانۆدا وەر ئەگرێت ٠ لەم هونەرمەندەمان پرسی : ئاواتت چیە ؟

وتی : ئاواتم ئەوەیە هیچ کەسێک لە کوردستانو لەجیهانا بەسکی برسی نەنوێت !

فلیمێک دەربارەی ژیانی پیکاسۆ

بەم زووانە ، چیروکی ژیانی هونەرمەندی نەمر ، پابلۆ پیکاسۆ ئەکرێت بەفلمیکی سینەمایی ، ئەکتەری ناسراو « ئەنتونی کوین » دەوری پیکاسۆ ئەبینێ ٠

« کوین » زۆری پێخۆشبوە کە هەلبژێراوە بۆ ئەم دەورەو وتویە : ئامادەم یەک سالی تەمەنم تەرخان کەم تا ئەم فرمانە جێبەجێ بکەم لەوەش زیاتر ئامادەم لە رووی دارایيەوە یارمەتی تەواو کردنی ئەو فلیمە بدەم ٠

ئەوەی شایەنی باسە ، ئەمەیەکەم جار نیە ئەنتونی کوین دەوری هونەرمەندێکی وێنەکێشی ئەبینی ، لەفلیمی « فان کوخ » یشدا دەوری ـ گوگان ـی هاوڕێی « فان کوخ »ی بینیوە ٠

یەکی حوزەیران

● ڕۆژ بەڕۆژ گەلان بیر لە ژیان ئەکەنەوەو هەوڵی پێشکەوتن و بێگەیشتنی خۆیان ئەدەن ، ئازادی و سەربەخۆی بەدی ئەهێنن ، ڕۆژ بەڕۆژ جێگە بە ئیمپریالیزم لەق ئەبێتو لەهەموو گۆشەیەکی سەر زەمینا هەتادێ کلپەی ئاگری شۆڕش و جەنگین بەرامبەر داگیرکەران و سەرمایەداران زیاتر تاوئەسێنێ ، چینە چەوساوە بەش خوراوەکان لەهەموو سوچێکی ئەم سەرزەمینەدا سوتەمەنیو خۆش کەری ئەم ئاگرەن و هەنگری ئالای شۆڕش و بەردی بناغەی هەموو ڕابەرین و سەرکەوتنێکن (هەر شۆڕشیک ئالاکەی بەدەست چینە چەوساوەکانەوە نەبێت ئەنجامی لەناوچون و لادانە) ٠

● گەلی عیراق لەهەوڵ و خەباتی خویناوی سەر سەختانەدا بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و دەرهێنانی سامانی وڵات لەگەروی ئیمپریالیزم نزیکەی ٤٠ ساڵە هەوڵ ئەدات و دریغی لە قوربانیدان و خوێن بەخشین لەپێناوی گیرانەوەی مافی پێشێل کراوی نەکردوەو بەسەدان ڕاپەڕین و بەهەزاران ڕۆڵەی تیکوشەری ئەم گەلە لەبەندیخانەکاندا گوڵی لاوی خۆیان هەڵوەران ، دەیان قارەمانی خەبات کەر شەهید بون و کران بەداراو بەهەزاران دەربەدەرو مەڵ وێران کران ، ئەمانە هەر لەپەر ئەوەی ئەیان ویست نەوتو هەموو سامانیکی تری وڵات ئەبێت خۆمالی بکرێت و ببن بەمالی میللەت !

● **هەموو پارتیەیە نیشتمان پەروەرەکانی عیراق لەڕۆژی دامەزراندنیانەوە هەتا ئەمڕۆ بەشێکی گرنگی تێکۆشانیان تەرخان بوە بۆ خۆمالی کردنی نەوت وە لەم پێناوەدا سەرکردەو ئەندامو لایەنگری ئەم پارتیانە دوو چاری چەرمەسەری و گیرەوکێشەی نارەحەت بوون ٠**

● لەیەکی حوزیرانی ساڵی ١٩٧٢دا ئەم ئاواتەی گەلی عیراق هاتەدی ، یەکی حوزەیران گەورەترین کوتەکبو کە درا بە گازەرای پشتی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستاندا لەناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستداو کونترین و ڕەشترین بنکەی ئیمپریالیزمی هەلتەکان وە زنجیرەی پەیلانو ئاژاوە نانەوە پسپۆڕاو ونجرونجر کراگەلانی ناوچەکە وریابونەوەو خولیای داواکردنی مافی ڕەوای خۆیان کەوتە سەر ، **یەکی حوزەیران پالپشتی گەورەو بایەخدارە بۆ جوڵانەوەی ئازادی و نیشتمانی گەلانی ئەم ناوچەیە ٠**

ـ حەمە ئەمین ـ

ـ گوڵی کێوی ـ

دوکتور ئیحسان فوئاد ، شیعرەکانی خۆی لەدیوانێکا بەناوی « گوڵی کێوی »یەوە کۆکردۆتەوەو خستویەتیە ژێر چاپەوەو بەم زووانە دەرئەچێت ، ئەوەی شایەنی باسە ، ئەمە یەکەم جارە بەرهەمی خۆی لە دیوانیکا کۆ ئەکاتەوەو چاپی ئەکات چونکە تا ئێستە شیعرەکانی تەنیا لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاو ئەکردەوە ٠

● ● ●

insitituti kurde de paris